
کۆمەڵە شاخێ بەرز و گەردەنکەش
نووسینی : کەریم دانشیار
سوید - 1993

# کۆمەڵە شاخێ
# بەرز و گەردەنکەش

نووسینی : کەریم دانشیار

سوید ـ 1993

www.gagesh.com

بە یادی مامۆستا هێمن

ئەفسانە کۆنەکان دەڵێن: سولەیمان ـ ی پەیامبەری خودا جەژنێکی شاهانەی تەرتیب دابوو . لە جەژنی شاهانەی پەیامنێری خودا دا، هەرچی گیان لەبەرە بانگهێشتی بەزمەکە کرابوو . مێروولەیەکی وردیلانە قاچەکوللەیەکی مەزنی بۆ بەزمی شاهان بە شانانەوە دەبرد. سولەیمان لەڕێگە دا دیتی و لێی پرسی :
ـ مێرولە! ئەوا بۆ کوێ دەچیت و ئەمە چییە بە شانانەوە دەیبەیت؟
مێرولە گوتی :
ـ بۆ بەزمی شاهان بانگهێشت کراوم و ئەمە گرانبارترینی دەسکەوتی ڕەنجی ڕۆژانەمە و بە شانانەوە دەیبەم و پێشکەشی شای هەموو ژینەوەرانی دەکەم.

منیش ئەوا هەر وەک مێرولە وردیلانەکە، ئەم چەند پیت و لەتە هەڵدەگرم و چەشنی قاچە کوللەی سەرشانی مێرو، بەرەو بەزمی خوداوەندی وێژە و ئەدەبی کورد، مامۆستا هێمن دەچم.
ئەفسانەی سولەیمان و مێرو ئەگەر چیرۆکێکی کۆنی ئایینییە، بەڵام ئەمەی من و مامۆستا هێمن بابەتێکی ڕاستەکییە. ئەو خوداوەندی خاوەن دەسەڵاتی ئەدەب و وێژەیە و من مێروولەیەکی کزۆڵم و، ئەم بەرهەمە نەپوختەیە بە شانانەوە دەبەم و پێشکەشی یادی هێمنی مەزنی دەکەم.

کەریم دانشیار

دەستی کێشا و کەسێتەکەی هەڵگێڕایەوە. پاش ڕامانێکی کورتەدەم، پەنجەی بە سەر دوگمەی ستریۆکە داگرت و سەرلەنوێ دەنگی بەسۆزی مامۆستای بە ژوورەکەی دا گەڕاندەوە:

[ ... کۆمەڵە شاخێ بەرز و گەردەنکەش... ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش،...]

دەنگی نەرمی گۆرانی هەر ئەوەندە نەرم و نزم و هێدی بوو، کە لە هۆدە دەرك و پەنجەرە قەپاتکراوەکەیدا پۆنگی خواردبۆوە و بەهیچ لایەکدا ڕێی دەرچوونی نەبوو .

دیسان لە جێ هەستا و چەند هەنگاوێک بە ژوور دا هات و چوو. بەدەم هاتن و چوونیشەوە، دەرمانێکی لە دۆلاپچە بچکۆلانەکەیەوە دەرهێنا و چەند قومێکی بە گەروو دا کرد. دوابەدوای دەرمان، چەند مژی گەرووگری لە جگەرەکەی دا و دیسان ڕوو بە دیوار، لە هەمێزی کانەپە مەیلە و ئاڵەکەیدا دانیشتەوە. هەر لەوێوە سەرێکی هەڵبڕی و ئارەزوومەندانە سەیرێکی تابلۆکانی سەرسنگی دیواری کرد. تابلۆکان، وێنەی گەورەکراوەوەی چیا و بەندەنی شانشین و قەرەچ دامانی کوێستانی چلچەمە بوون. دیمەنی دوورەدەستی دۆڵ و دەرەی پڕ لە دار و دەوەنی مەڵبەندی گەڵواخی یشیان تێدا دەبیندرا.

لەجێ هەستا و ئارام بەرەو پەنجەرە چوو. بەسەری پەنجە، تۆزکاڵێک پەردەی پەنجەرەکەی لادا و چاوێکی وردی لە نزیک و دوور کرد. لەو دیوی پەنجەرەکەیەوە، سەیرانگەی(سۆز و دڵداری) وەک لەپی دەست لە بەر نیگای چاویدا دیار بوو. لەولاتریشەوە، سینگی شین و لووسی زرێ،نەرم و نیان لە پشتێندی شاخە سەر سەوزەکانی لای ڕۆژهەلات هالابوو. داوێنی بە شەپۆل بادراوی دەریا، هەتا نزیک بە سەیرانگەی سۆز و دڵداری داکشا بوو.

ژوورەکەی بەسەر هەموو پارک و شەقامدا دەی نواڕی و بەشێکی هەرە زۆری زرێیشی بە بولوار و پارک و سەیرانگای دەور و بەرەوە و ، بە هەرچی کە تێیاندا بوو، لێی دیار بوو.

چاوێکی بەسەر سنگی باریکە ڕێچکە ڕێیەکانی نێوان ڕۆخی زرێ و بولوارەکە دا خشاند و هاتن و چۆنی بێ پسانەوەی ڕێبوارانی سەیر کرد. کەنارەی زرێشی لێوارە و لێوار دایە بەر چاو. هەموو نێو مێرگ و ژێر سێبەری درەخت و تەنانەت باوشی ڕووتەنی کەنارەکانی دەریاش لە کیژ و کوڕی گەنج و جوان ژاوەیان دەهات. لە ژێر سێبەری دەوەن و دارگوڵەکانی سەیرانگەی سۆز و دڵداری دا، کوڕگەل دەگەڵ دەنکە شۆخ و شەنگەکانیان گەرمی گەپ و گەمە بوون. ئەوەی کە لەو دەمە دا لە کەلێن پەردەی پەنجەرەکەیەوە دیاربوو، هەر جوانی و ڕازاویی بوو دەبیندرا؛

کەسک و ڕەش و زەرد و سوور بوون دەبیندران؛ سوور و سپی و زەرد و کەسک لێکدرا بوون و لە جیهانی لاوانی حەساوەوەی بێخەمی سەیرانگەکە دا هەرا بوو .

لە پشتی پەنجەرەکەیەوە تاوێکی چاوێکی تەواوی بەسەر حەشیمەتی دانیشتووی سەیرانگەکە دا خشاند و لە ژێر لێوانەوە گوتی :

«... نەخێر ئیمڕۆش نەهاتن!... ژوانگەکەیان چۆڵە، بەڵام چ خەم نینە! ئەگەر ئەمڕۆش نەیەن ... سبەی، دووی، سێی... ڕۆژێک دادێ و ئاخرسەر دێن. ئێرە کۆنەچاڵی دڵدارانی ئەم مەڵبەندەیە و هەرچی دڵبەر و دڵدارە، ئەگەر سەرێک لێرە هەڵ نەهێننەوە ناحەسێنەوە... نەخێر پەلەی پێ ناوێ... هیچ پەلەم نییە... پێویستە و دەبێ پشووم لەسەرخۆم بێ. چەلێ ئەوە هەر سێ مانگە ئەم هۆدیەم دەست کەوتووە و ماڵ و حاڵەکەم ڕاگوازتووە. هۆدەکەم سیپە و جێ ڕاوگەیەکی باشە. ئیتر نێچیری سەرەڕۆی بێ ئۆقرە لێرە ناتوانێ لە چنگم دەربچێت. لە گەرمەی گەرمای دڵداریدا دەیگەمە سەر و ساردی دەکەمەوە...»

سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد، یەکی پاش نیوەڕۆ بوو. هێشتا سەعاتێکی مابوو بەرەو کارگە بکەوێتە ڕێ. جاران، واتە ئەو سەردەمەی کە ساخ و بێ وەی بوو، ئیشەکەی هەر پازدە ڕۆژی مانگ لە شەشی ئێوارەوە دەستی پێدەکرد و هەتا دووی شەوی دەخایاند. پازدە ڕۆژەی تریش لە هەشتی بەیانانەوە لەسەر ئیش بوو و چواری پاش نیوەڕۆ دەستی لەکار هەلدەگرت. بەڵام ئێستێ ناسازە و وەک جاران نییە؛ ئێستێ هەموو ڕۆژێ لە دوو هەتا شەشی پاش نیوەڕۆ لەسەر ئیشە و شەش بەرەو ماڵە .

پەردەی پەنجەرەکەی دادایەوە و تفەنگەکەیشی لە لاشانی پەنجەرە هەڵگرت و لە ژێر قەرەوێڵەکەدا خەواندییەوە. ئەوسا لە ژوور وەدەرکەوت. چەندێک لە شەقامی کرێکار دا هات و چوو. بەگوێرەی زۆربەی ڕۆژانیش سەرێکی لە شەقامەکەی خواروو هەڵێنایەوە و هاتووچۆی ڕێبوارانی خستە ژێر چاو.

[زێدە لە ساڵێک بەر لەم ڕۆژە، پاش نیوەڕۆیەکی بەتاو و ساوی مانگی پووشپەڕ بوو کە لە دوو شەقام بەولاترەوە تێی هەڵەنگووت. لەو ڕۆژەوە کە لەلای ڕۆیشتبوو و ماڵی چۆڵی بەسەر دا جێ هێشتبوو، ئەوە یەکەم جار بوو دەی دیتەوە. ئەو ڕۆژە، زۆر بەهێوری خۆی دایە پەنایەک و نەی هێشت ئەو بی بینێت. ئەوسا هەر وەک سێبەر و سایە بە شوێن سەری داهات و شوێنی هەڵگرت.

ئەوێ ڕۆژێ کە تێی هەڵەنگووت، کراسێکی تەخت سپی گوڵ گوڵینی دەبەر دا بوو. کراسەکەی هەروەک سایەی ژنانی کوردەواری تەواوبەژن و کەمەتەنگ بوو. کلۆجەیەکی ڕەشی بە زریوە چندراویشی لە سەر کراسە کەمەرتەنگەکەیەوە لە خۆی شەتەک دابوو. کلۆجەکە هەر هەتا ژێر کەوانەی قوتی سەرسنگی نەرمی داگرتبوو. کەمەرەیەکی زێوئاژنیشی بە شل و ملی لە دەوری کەمەر هاڵاند بوو. گشتی ئەمانە، بە کراسی کەمەرتەنگ و کلۆجەی بە زریوەچندراو و کەمەرەی

زێوئازنییەوە، هەمووی و هەمووی وێنەنوێنێکی نەرم و نیانی لارە و لەرەی سەرسنگ و خوار کەمەری بوون و شالاوی پەپکەخواردووی ناو دەروونی کچانەیانی ئاشکراتر دەخستە بەرچاو. قژی لوول هۆندراوەوەکەی جارانیشی کردبۆوە و دابوویە بەردەستی هەناسەی شنەبای کەزێ بزوێنی ئێوارەدەمان و هەروەک هەودای ئاوریشمی خاو، بە لاشان و سەر سنگی دا پەخش و پەرێشانی کردبوو.

دیتنەوەکەی لەرز و موچوورکێکی توندی بە لەشی داهێنا. هات هەر لەو شوێنە، لە چەقی شەقامدا بیگرێ و کوڵی دڵی پێ برێژێ، بەڵام کەوتەوە خۆ و ددانی بە جگەر داگرت و بە دوایدا هات و، هات هەتا گەیشتە ئەم سەیرانگا سەر سەوز و ڕەنگینەی کە هەر ئێستا لە پشتی پەنجەرەوە تێی دەڕوانێت.

ئەو ڕۆژە، ئەو، هەروەک نەوبووکێکی تازە دابەزیو، بە سەد لەنجە و لار و غەمزە و نازەوە بە لاشانی چەپی سەیرانگاکەدا بەرەو سەر هەڵکشا و چەند هەنگاوێک سەرتر، لەژێر سێبەری تۆخی پۆلە گوڵ هێرۆیەکی بەژن و باڵا بەرز، لەسەر کورسی دانیشت. ئەمیش هەروەک ئەو دەم و سەدەمەی کە وا لە چۆلگە و چیاکانی نێوان(سووتە و بستام) ، لەبەر تەق و ڕەوی ژاندارمان دا هەستیار و بۆسەگیر ڕادەوەستا، بە دڵی پڕی دەرد و داخەوە لە شانی ڕاستی سەیرانگاکە، لە پەسیو دەرخت و دەوەنەگوڵی کەناراندا دانیشت و بەهەموو هێز و توانای چاوانەوە، چاوی بەسەر ئەو و هەڵس و کەوتەکانی ئەو دا چڕ داگرت.

ئەو ڕۆژە، لەو دەمەدا، چرکەی زەمان بۆی بەرامبەی سەدە و هەزارە بوون و هەر دەمێکی کە لێی ڕادەبووری، پێی وابوو شیلە و ڕەواقی هەموو دەم و زەمەنی هەتا هەتایەیە و دێ تێیدا بتاوێتەوە. لای وابوو جیهان دێ توێژی ئاخرینی بهاوێژێ و دەوران نوقمی نەمان ببێت. ئەو ڕۆژە ، چاوەڕوانی بە هەموو قورساییەکەیەوە بە سەریدا تێپەڕی. هەتاوی ئێوارە دەمان لە پشت سەریەوە ئاخر تیشکەکانی لە شەقام و پارک و زرێ ئەستاندەوە و خۆر بەرەو ئاوابوون چوو. هەر لەو شوێنە جگەرەیەکی داگیراند. سەیرێکی کاتژمێرەکەیشی کرد، بە تەواوی ڕۆژی لێ درەنگ بووبوو و کاتی چوونەوەی سەر ئیش و کارەکەیشی بەسەر چوو بوو. بەلای خۆیەوە گوتی: « ئەهـ ! دەبا نۆش بێتە سەر دە... چ خەم!...لێبگەڕێ با ئیمڕۆیش هەروەکی ڕۆژانی ترم بەفیڕۆ بچێت... هەرچی دەبێ، با ببێ! من ئەم بارە گرانەم چیتر پێ ناچێ بە ڕێدا؛ شانم هەڵی ناگرێ ... قەتم پێ هەڵناگیرێت... ئیتر هەتا نەزانم خەیاڵی ئەم کەنیشکەیەم لەچی بە فاڵە، سرەوت و سوکناییم نایەتێ... نەئ !... ئەم بارە شیاوی شان وملی من نییە. من گیانی ئازیزی سۆیبە تیلەکۆییم بۆیە بە دەستی خۆم ئەستاند و بۆیە خۆم بەم دەردە برد و بۆ هەتا ماوم خۆم یەخسیری کوڵ و دەرد کرد، چونکە نەمدەویست و نەمدەخواست بۆ دەمێکیش شەرەفم بکەوێتە بەردەستی ئەم و ئەوێک و شانمی پێ کز ببێت... نەخێر هەتا موو لە ماست دەرنەکێشم و خۆم یەکچاو نەکەم، دەستی لێ هەڵناگرم. من ئەوا پتر لە ساڵێکی

دوازدەمانگییە بە شوێن ئەم گوم بووەم دا وەیلانی کوچە و کۆلانانی ئەم شارە مەزنەم... هەتا نەزانم چی لە دڵدایە و چی لەژێر سەر دایە، دەس بەرداری نابم... ڕووخاندوومی ، دەبێ ڕووخێنمەوە...»

بەدەم خۆ دواندنەوە، بە هەستانی ئەو، ئەمیش لە جێ هەستا. ئەو بە ئامێز و باوەشی ئاواڵەیەوە بەرەو پیری کوڕە گەنجێکی بالابەرزی قژکاڵەوە چوو. ئەمیش هەر وەک تاکە داری سەرمابردووی سەرکەل ، ڕەپ و ڕاست، لەسەرجێ ڕاوەستا و چاوی تێ بڕین. ئەوان هەر دووک ، بەجووت و هاوکات ئامێزیان بۆ یەکتر کردەوە و نەرم خزینە ناو هەمێزی گەرمی یەکترەوە و تاسەبارانە یەکتریان هەڵمژی. ئەمیش مێشکی ناو کەللەی گەرم داهات و لەشی لە ناو قرچەی گەرمای تووڕەی دەروونی کوردانەیەوە دا برژا. ئارەق بە دوولاجانگەکانی دا تکانەوە و لە قولایی چاڵی چەناگەی دا یەکتریان گرتەوە. ئەوان دەس لەمل و لەش چەسپی یەک، هاتن و بە دڵخۆشی ڕۆیشتن. ئەمیش وەک سێبەرێکی پەرێشان بە شوێن سەریان دا خزی. چەند جاران ویستی بۆیان ببزوێت و هەرووەک هەڵمەتی ژێر ڕەوەزە بەردەکانی کەلی شانشین، دووان بەیەکجێ بنجنێت، بەلام هەڵچوونی ناو دڵی خستە ژێرپێ و بە شوێنیان دا ڕۆیی. ئەوان دەس لە مل و جارجار دەم لە ناو دەم ، دووشەقامیان بڕی و پێکەوە چوونە مەیخانەیەک. ئەمیش بە دەم جگەرەکێشانەوە لە دەرەوەی مەیگەدەکەدا چەندێک چاوەڕوانیان ڕاوەستا. هەر هات و چوو. نیوسەعاتێکی خایاند هەتا هاتنە دەر. بەلام کاتی هاتنە دەریان نیوە مەست و گەرم و گڕدار هاتنە دەر. دەستی کوڕە بە نێو قژی نەرمی کچە دا دەگەڕا. کچەش هەرووەک ماشقە مار لێی دەهالا و لێی دەبۆوە، سەری دەخستە ژێربالی کوڕە و دەست و مەچەکانی ڕادەمووسی. بە قاقا پێدەکەنی و دەتریقایەوە. یەکدەم سرەوت و ئارامی نەبوو.

ئەوان بەم چەشن و بەم تەرتیبە هاتن و لە شەقام پەڕینەوە. ئەمیش نەرم و هێدی شوێن پێی هەڵگرتن و بەدوایاندا چوو. لە ئەوبەری شەقامەکە، نزیک بە چوار ڕێیانی ئازادی ، سەماگەی ڤێنووس ، کە بۆ وەرگرتنی دڵدارانی گەنج و لاو دەمی کردبۆوە، ئەوان و پۆلێکی تری وەک ئەوانی خستە ناو هەمێز و قووتی دان. ئەمیش بە پەلە بە شوێنان دا چوو، بەلام لە بەر دەرگای سەماگەکە دەستیان بە سنگەوەی نا و پێیان گوت: « ئێرە سەماگەی کچەل و کوڕگەلی گەنج و نەوڕەسە و جێی وەکی تۆمان نییە... سەماگەی پیران دوو شاقام خوارووتری ئێرەیە...»
بە ناچار لە بەر دەرگای سەماگەکە دا ڕاوەستا. هات و چوو. لەبەر دەرگای پیشانگە و دووکانە داخراوەکاندا دانیشت و جگەرەی بە با کرد. برسیایەتی و دڵ دەبوورەوەچوونی بە هێند نەگرت. شەکەتی و کەساسی نەیان بەزاند. نیگای چاوی دڕدۆنگانە و پۆلیسانەی ڕێبوارانیش لە ڕێیان بەدەر نەکرد. تەنانەت جوێنی

پۆستاڵ پۆشە سەرچەرمە ڕەگەزپەرستە ئەلمانییەکانیشی نەدیدە گرت کە بە بەر دەمیدا هاتن و شەڕفرۆشانە پێیان گوت و پێیان گوتەوە:
ـ ... کەللەڕەشی پیسی حیزی چەپەڵی مشەخۆر، ئەلمان هی ئەلمانییەکانە... یاڵڵا بڕۆ بۆ دەرەوە!... ئەلمان بۆ ئەلمانییەکان جێ بهێڵە ئەی لەش گرانی کارنەکەری مفتەخۆر... یاڵڵا بگەڕێوە جەهەندەمی باب و باپیرانت... لە پاشان سروودی ژینەوەی ئەلمان بە سەر دا خوێندنەوە و دواییش تف پێدادان و گەف لێکردنی.

کات بە قورسی هات و بە هێواشی بە سەریدا تێپەڕی. هەندێک لەوڵاتریەوە، لە جەمسەری چوار ڕێیانی ئازادی، سەعاتی گەورەی سەردەرگای کڵێسەی «یوحەنای پیرۆز» تاک زەنگوڵەیەکی نەرمی لێدا و شەوی گەیاندە یەکی نیوەی شەو. لە یەکیش لای دا و بوو بە دووی نیوە شەو. بەرە بەرە، کوڕگەل دەگەڵ دەنکە نازدارەکانیان مەست و حەکەدار و بێقەرار، پۆل پۆل لە سەماگە هاتنە دەر. ئەوانیش تێکەڵی پۆلێک لە سەماگە هاتنەدەر و سووکێک سواری تاکسی ڕەشکاری نیوەی شەوان بوون و ئەویان لە هەمێزی تەنیایی دا جێ هێشت و ڕۆیشتن.

چەندێک بە سەرلێشێواوی بە شەقامەکان دا هات و چوو. لە یەک دوو مەیخانەی نیوەی شەوانیش دا دەم و لێوێکی تەڕ کردەوە و بە شەقامەکاندا خواڵایەوە. لەو دەمە دا، بەدڵ پێی خۆش بوو ڕەگەزپەرستە سەرچەرمەکان بهاتنایە و بەربینگیان پێ بگرتایە و یەکتریان بە چەقۆ دادڕ دادڕ بکردایە. ئارەزووی دەکرد کە پۆلیسی شەوگەڕ، بە گومانی «بادرماینهۆف»ی بکەوتنایە شوێنی و دەستیان لێ وەشاندبایە. بەڵام شەو درەنگانێک بوو و، جگە لەپیاوە بێ ئیشە دایم سەرخۆشە ماڵ بەکۆڵەکانی کۆڵانگەڕ کەسی تر بە دەرەوە نەمابوو. ناچار بەم شەقام دا هات و بەوی تر دا تیپەڕی هەتا گەیشتەوە ماڵ. ئەودەم ماڵەکەی دوور لە شار و لە مەڵبەندی کارگە و کارخانەکان بوو. کاتێک گەیشتەوە ماڵ، خەڵک بەرە بەرە بۆ سەر ئیش و بەرەو کار دەبزووتن؛ کاتژمێر پێنجی بەربەیان بوو. دەنگی تەق و ترووقی شەمەنەفەری بارهەڵگر، فیکە و هاژەی دووکەڵکێشە مەزنەکانی کارخانە و پڕمە و کۆخەی ڕێبوارانی بەرەو کار، تەنیا دەنگێک بوون کە بۆ نیشتەجێیانی ئەم مەڵبەندە کۆنە ناسیاوێکی لەمێژینە بوون.

گەیشتەوە ماڵ و ڕوو بە پەنجەرە چەور و دووکەڵگرتووەکەی دانیشت. جگەرە بە دوای جگەرە دا بەبای کرد. چەندجارانیش بەئاوی سارد دەم و لێوێکی تەڕ کردەوە. لەجێ هەستا. چەندێک لە ژووردا هات و چوو. بەدەم هاتن و چوونەوە دەفتەرێکی پڕلە وێنەی لەسەر ڕەفەی کتێبدانی ژووری خەوەکەی هەڵگرت و لەبەر نەختە ڕوناکایی بەر پەنجەرەی چێشتخانەکەیدا دانیشتەوە. یەک یەکی وێنەکانی خستە بەر ڕووناکایی و سەیری کردن. گەیشتە وێنەیەک ، بەدەم زەردەیەکی خەمبارانە، وێنەکەی لە ڕووناکایی بەر پەنجەرە نزیکتر کردەوە و ورد چاوی تێ بڕی. وێنەی خۆی و سۆیبەی خێزانی بوو؛ وێنەیەک بوو کە لەڕۆژی سێ ڕۆژانەی

زەماوەندەکەیان دا کێشرا بوو. ئەویشی لەسەر مێزەکە دانا و ئەوی تریانی چاو پێداخشاند؛ وێنەی سوێبەی کۆرپە لەباوەش بوو. وێنەکانی خستنە سەریەک و وازی سەیر کردنی وێنەی نەما. لە ژێر لێوانەوە گوتی :

«... نۆزدە بەهار پێشتر، گیانی ئازیزتم بە دەستی خۆم ئەستاند و خۆم بەم دەردە برد کە وا ئێستێ دەم بینی. ئیتر نە تۆم بۆ مایی و نە تاک یادگارەکەی تۆیشم بۆ ڕاگیرا کە بتوانم بە ئارەزووی خۆم و خۆت پەروەردەی بکەم... ماڵی وێرانم!... تۆیشم چووی و ئەویشم چوو... هەرچی بووم هەر هەموویم لێ بوون بە خەون و خەیاڵ و چەشنی پۆرگی سەر ئاو لێم پووکانەوە و لە کیسم چوون...»|

نۆزدە بەهار پێشتر بوو کە فەخرە بۆ سێیەم جار کەوتە داوی ژاندارمەکانی بنکەی (بستام)ەوە ـ چۆن لە داوکەوت و داوەکە بە دەستی کێ داندرابۆوە ، نادیار بوو. ئەرێ داوی کۆنە داواکارەکەی سۆیبە بوو، یان داوی کوێخا دێ؟ ـ کەس نەیزانی، بەڵام ئیتر ئەمجارەکە (فەخرە) وەک دەستی ڕاستی چەکدارەکانی ماڵ ئەو دیوی سنووران و وەک قاچاخچیی چەک، ناوی کەوتە ناو دەفتەری دەوڵەت و ئەژنۆی ژاندارم بەبیستنی ناوەکەی لەرزی. دەسبەسەربوونی ئەمجارەی فەخرە وەکی جارانی تر نەبوو. ڕاپۆرتەکە لە گوندەوە بۆ شار چوو بوو. بەپێی ڕاپۆرتەکە، سەرپەرشتی بنکەی بستامیش وەکوو شەریکە تاوان و هاوکار و هاوبەشی چەکفرۆشتن، ناوی بە هاوکار و هاودەستی فەخرە دەرچوو بوو. ئیتر بۆ سەرخوێندنەوەی ئەمجارەکەی فەخرە و بۆ موو لە ماست دەرکێشانی کەین و بەینەکە، سەرۆکی پایەبەرزی ژاندارمانی لە شار بۆ کێشرایە بنکەی بستامەوە.

فەخرە و سەرۆکی پایەبەرز لە ژووری دەرگا داخراوی بنکەی بستام ڕوو بە یەکتر دانیشتن. سەرۆک بە دابی خۆی، ماوەیەک دەگەڵ هەڵدانەوە و خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکان، بە ئەنقەست کاتەکەی بە بێدەنگی تێپەڕ کرد. پاش ماوەیەک بێدەنگی، ئەمجار بە شان و باڵی خۆی داهات و بە بافیش دەرکردن و گێڕانەوەی پاڵەوانبازییەکانی خۆی لە گۆڕەپانی سەربازی دا، خۆی هەڵمساند. بەڵام هەر لە یەکەمین تۆقە و بە یەکەمین بینینی فەخرە، ئیمانی خزی و دەروونی لە تووڕەیی ئاخندرا. تەنانەت لەدەمی بافیش دەرکردن و خۆهەڵدانەوەی خۆیشی دا، بە دڵ ئاواتەخواز بوو هەرچی پلە و پایەی کە هەیەتی پێشکەشی فەخرەی بکردایە و چی فەخرە لە جوانی و بەژن و باڵای ڕێکی دا هەیبوو، بەوی دابایە. هەربۆیە هاودەم دەگەڵ هەڵاگوتن بە خۆی دا، یەکدەم چاوی لە سەیر و ڕوانینی بەژن و باڵا و ئەندامی خۆش کەشمی فەخرە نەدەترووکاند. دوو چاوی ڕەش و نیگای تیژی فەخرە وەک سەرە ڕمبی تیژ دە گیانی ئەو هەڵدەچەقین. سەرۆک بەدڵ پێی خۆش بوو توانیبایەی لەش و لاری خۆش قامەتی فەخرە و دوو چاوە گۆشەدارەکانی ئەوی قەپ پێداگرتبایە و سەد جار خراپتر لەو، بستووی هەرە حەستەمی چیای چلچەمەی ماڵ و مەکۆ بوایە و نێوبانگی یاخیگەرییەکەی بە هەموو دنیا دا بڵاو بوویایەوە.

بەژن و باڵاکەی خۆی کورت و تێکسڕماوەوە و بێ نموود بوو. ورگ و پشت مل و شان و شەپیلکی گۆشتن و دووگەدار و هەڵپزاو بوون. لە دەست ورگی زل و، بەز و چەورایی ژێر چەنە و بەرخە بەبەی داچۆڕاوی ، دڵی خوێنی لێ دەباری. لە چنگ چاوە هەڵمساوە گەوجانەکەشی، کە دوو ژێر پیلووەکانی بە چەشنی گلووی ترێ پۆڕگیان دابوو، کەمتر چاوی بەرایی ڕوانینی خۆی لە ئاوێنە دا دەکرد. چاوەکانی بەدایم لە گوێن گۆمە خوێن، سوور و هەمیشە خەواڵوو بوون. لە سەیری ڕوخساری فەخرە و هەڵسەنگاندنی دەگەڵ سەر و دیمەنەی خۆیدا، پێی حەیف و خەسار بوو کوردێکی کێویلکە خاوەنی ئەم شان و شەوکەت و سەر و سیما دەڵڕفێنە بێت و، ئەو خۆی لەهەر چەشنە جوانی و نیشانەی پیاوەتیەک بێبەری بێت. هەربۆیە، بەدڵ حەز و ئارەزووی بوو کە بە بێ سەرخوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی فایلی ژێردەستی، دەست بکێشێت و بە هەر دووک دەمانچەکانی لاکەلەکێی و ژێرباخەڵی، سەر و دەم و چاوە پیاوانەکەی فەخرە گولەبێژ بکات و لەسەر ئەم دنیایەی نەهێڵێت. بەڵام سوور دەیزانی بە کردنی ئەم کارەش، هیچ سوودێکی لە جوانیی فەخرە پێ نابڕێت. ناچار خۆی خستە ناو خانەی ساختەچێتی و بە زەردەخەندەیەکی درۆیین، فێڵبازانە جەنجاڵی دەروونی خۆی لە ژێر پەردەی دۆستانی دا شاردەوە و بە پێکەنین و لاواندنەوە یەکی سەرزارەکی، دەستی پێکرد:

ـ ... ئێ !... فەخرە!... بێ بەڵابی... تۆ... تۆ نەدانستە خۆت تووشی قەرقەشێکی ئاڵۆز کردووە و فایلێکت خستۆتە بەردەمی دەزگای دەسەڵات، کە ئەگەر دۆستێکی وەکی من بە هاناتەوە نەگەیشتبایە، خودا خۆی دەیزانی داهاتووت بە کوێ دەگەیی. بەڵام ئێستا چ خەم نینە و من و تۆ وەک دوو دۆست و برادەری نمەک کەردە، هەرچی ڕاپۆرت و فایلی زەرەرمەندە دەی سووتێنین و ئاسەواری ناهێڵین...

فەخرە دەمەودەست لە نیازی سەرۆک گەییشت و زانی هەرچی هەیە پێیان ڕاگەیەندراوە و لە سەری بووەتە ماڵ. بەڵام بوێرانە قسەی لە دەمی دا بڕی و لێی پرسی:

ـ من تێ ناگەم!... تۆ باسی ڕاپۆرت و فایلێک دەکەیت کە بۆ من تێکەوە پێچراوە، بەڵام لە بابەت ناوەرۆکی ڕاپۆرتی ژێر دەستت چی بە من ناڵێی!...

ـ سەبرت بێ فەخرە!... پەلە مەکە براگیان!... ڕاپۆرت و فایل وەکی بڵقی سەر ئاون و بە پتێکی سەرپەنجەکانی من دەپووکێنەوە. ئەوان گرنگ نین. ئەوەی کە یەکجار زۆر گرنگە، دۆستایەتی تۆیە بۆ من... من ناخوازم ئەم دۆستایەتییەی تۆ بە هیچ لەونێک لە کیس بدەم. هەر بۆیە تەنانەت ئەگەر نەدانستە هاوکاری چەتەکانت کردووە، ئەگەر چەک و چۆڵت بۆ کڕیون، ئەگەر پیتاک و دەرمان و خۆراکت بۆ بردوون و ئەگەر بریندارت بۆ ڕاگواستوونە ئەم دیوەی سنوور و بۆیانت دەرمان کردووە، گشتی بە فیدای چاوەکانی فەخرە بن... ئەوانە پەڵەی سەر ناوی تۆن لە دەفتەری دەوڵەت دا. دەفتەری دەوڵەتیش وا لە ژێر دەست و مستی من دایە

و چی ئارەزووم بێ ئەو دەسەلمێت و هی تر نەخشی سەر ئاون... تێگەیشتی فەخرە؟!... تۆ بڕوات بە کاکی خۆت هەبێت و بزانە لە سەرووی دەزگای دەسەڵاتی دەوڵەت دا کاکێکی وەکی منت هەیە...»

ـ سپاس بۆ سەرۆک، بەڵام ...

ـ بەڵامی چی فەخرە ؟ بۆچ بێدەنگ مایە؟ ...

ـ من دەگەڵ هیچ چەتە و بەدکارێک هاوڕێ و هاوکار نیم و، دۆستایەتیی چەتە و ڕێگرانیشم پێ شوورەییە...

ـ بەڵێ دەزانم ... دەزانم کە تۆ نەدانستە و بێ ئەنقەست دەستی یارمەتیدانی چەکدارانی ئەو دیوی سنوورت گرتووە. ئەم کارەت ئەگەرچی بۆ ئەهوەنیی وڵات زەرەرمەندە و ئاسایشی وڵات دەشێوێنێ، بەڵام بۆ تۆیەک کە دۆستێکی وەکی منت هەیە، پشتت قایمە و هیچ جێی ترس و دڵەڕاوکێ نییە... من ئەگەر هەر بزانم چەکی پێویستی ئەوانت لە کوێ کڕیوە و لەم کڕین و فرۆشتنە دا کێ یاریکارت بووە، قەڵەمی لێبوردن بە سەر ڕاپۆرتەکە دا دەکێشم و هەر وەک ئاوی شەو پاک دەبیتەوە... من دەخڵم بە چەتە و چەکدارەکانی ئەو دیوی سنوورانەوە نییە و پێم خۆش نییە هەر ناوەکەیان بە زماندا بگەڕێینم... چەتەکان بۆ تۆ و، کانگای چەک کڕینەکانت بۆ من...

ـ من پێم گوتی و دیسان دووپاتی دەکەمەوە کە من لەو دیوی سنوورانەوە هیچ چەتەیەک ناناسم و قەت هاوکاریی چەتەم نەکردووە و نایکەم. بگرە بە هەموو توانایشمەوە لە ڕێگر و دز و دەستبڕان بێزراوم و شەڕیان لە دژ دا دەکەم...

ـ ئەی کڕین و ڕاگوازتنی چەک و چۆڵت لە چییە باوکەکەی باوکم؟!... پیاوی هێمن و هێدی چەکی بۆ چییە؟... چەک کڕینەکەت هیچ قەیدی نییە، بەس پێمی بێژە چەک بە چی دەکڕی، لە کێی دەکڕی و بۆ کێی دەکڕی؟...

ـ چەکم لە ناوەوەی هەموو کوردستان کڕیوە. بە پارەی دەسکەوتی ڕەنجی شانی خۆم و هی وەکی خۆمم کڕیوە. لە هی وەکی تۆم کڕیوە و بۆ پێشمەرگەم کڕیوە... تێ گەیشتی؟!...

ـ مەبەست لە ناوەوەی کوردستان، کوێیە؟... ئەم ناوەوەی کوردستانە کامە شار و کێهە گوند و ئاوایی دەگرێتەوە؟

ـ هەر شوێن و جێ و مەکۆیەکی کە کوردی تێدا دەژی، پێم کوردستانە. پێیدا دەگەڕێم و فیشەک فیشەک لێی کۆدەکەمەوە و دەیان خەمە ناو فیشەکخۆری چەکی دەستی پێشمەرەگە و...

ـ ئەو پێشمەرگانەی کەوا تۆ کوڕی چیایان پێ دەبێژی و چەک و فیشەکیان بۆ کۆدەکەیتەوە، کوردە چیانشینەکانی بەری خۆمان نین. ئەوان هی ئەو دیوی سنوورن. گەر دەوڵەت بە پێویستی بزانێت، ئەوان هەمیشە ئامادەن دەستیان بگرین؛ هەر نەک لە چەک دا، بەڵکوو لە پیتاک و پارە و کارناس و دەرمان و هەرچی

کەلوپەلی تری کە پێویستیانە. ئێمە گەلێ جاران ئەمەمان لە گەڵ دا کردوون و دەستمان گرتوون و دەستیشمان بەسەر دا کێشاون... بەڵام فەخرە! ... بەڵام تۆ هیچ دەزانی کە هاتووچۆی تۆ بۆ ئەو دیوی سنوور، لادان لە یاسای گشتیی وڵاتەکەمانە و بەپێی دەستووری وڵات، سزای گرانت لە سەرە؟!... بەڵام سەرەڕای ئەم سنوور بەزاندن و سەرەڕۆییانەت ، دەوڵەت باوکە و تۆ ڕۆڵەی ئەو باوکەی. گەلێ جاران ڕۆڵە تووشی هەڵە دێت و پێ لە بەڕەی یاسا دەباتە دەر، بەڵام بەختیارانە باوکی تۆ دڵی پڕ لە بەزەیی و میهرەبانییە و چاو لە تاوانەکانی تۆ دەپۆشێت. بەتایبەت کە تۆ لە دەزگای دەسەڵاتدا برادەرێکی وەکی منت هەیە، ئیتر چ خەم؟!... ئەوا هەر لە ئێستێکەوە من دەستی دۆستایەتیی هەتا هەتایەت بۆ درێژ دەکەم و چی لە دەستم بێت، بۆتی دەکەم. زۆرم پێ خۆش دەبێت کە تۆیش بەچاوی باوکێک سەیری من بکەیت و چیم لێ نەشاریتەوە. ئەگەر ئاوی برادەری و دەستەبرایەتیی من و تۆ بە جۆبارێکی نەرم و نیان دا تێپەڕ ببێت، ئەوا دەتوانین کۆسپی گەلێک گرانی ناو کۆمەڵگاکەمان لە سەر ڕێ وەلابەرین...

ـ نەخێر!... نە تۆ بۆمن بە باوک دەشێی و نە منیش ئەو کوڕەم کە ئەم بایانەم بە گوێدا بچتە خوار... من و تۆ لە یەک جسن نین و لە یەک مێشک دا ناژین...

سەرۆک غەزری. هەم لە ئاکار و شێوە وتنەکەی فەخرە دەرهەڵبوو، هەمیش لە چەشنی دانیشتن و دەست و باڵ ڕاتڵەکاندنەکەی خوێنی لە ڕەگۆڵە دا مەیی. بەڵام ئەوەی کە وەک سەرە ڕمب لە جگەری کەریگەر بوو، ئەو ئاڵوگۆڕە دڵهەنگێوە بوو کە لەکاتی ئاخافتندا خانەنشینی سەر ڕوخساری پیاوانەی ئەو دەبوون. فەخرە لەم حاڵە دا سیمای پیاوانی ئەفسانەیی لە بەر دڵ و دیدەی سەرۆک دا ڕەسم دەکرد. سەرۆک خۆیەکی چەپ و چیڕ کرد و دەستێکی خێرای بەرەو باخەڵ برد، بەڵام زۆر زوو بەسەر خۆیدا هاتەوە و دەستێکی هێنا و برد و گوتی:

ـ هیچ دەزانی وتەکانتم لەسەر کاسێت تۆمار کردووە و لە مەحکەمەی نیزامیی شاریش دا دەبێ وەڵامدەری هەر ئەم پرسیارانە ببیت؟... بەڵام ئیتر لە مەحکەمەی ئەوێدا میهرەبانی و نەرم و نیانی غەیب و ونە و...

ـ چش !... هرچی دەبێ، بلا با ببێت... من خۆم باش دەزانم کە ئەمجارە گەلێک خەستم بۆ تێ چێندراوە، بەڵام ئیتر ئێوەیش دەبێ بزانن کە کارتان تەواوە و تاوتان لە ئاوا بوونە...

سەرۆک پێکەنی. دەنگی قاقای پێکەنینەکەی لە ژوورەکە دا دەنگی دایەوە. پاش دەمێک پێکەنین و دەست پێداهێنانی سەر هەر دووک دەمانچەکانی، گوتی:

ـ فەخرە گوێ بگرە باوان! ... من ئەرکێکی گران ناخەمە سەر شانت. هەربەس پێم بێژە چەک لە کێ دەکڕی. ناوی فرۆشیارەکانمان پێ بڵێ... ئەرێ خۆ ئەمە هیچ گەزەندە و ئازارێکت پێ ناگەیەنێت باوکم... بڵێ بزانم ئەو کەسانەی کە

تۆ چەکیان لێ دەکڕیت، کێن و چکارە و چ کەسانێکن... هەر بەس ناویان و شوێنیان... تێگەیشتی براگیان؟! ناوەکانیان بۆ ئێمە پێویستن...

ـ هەرگیز !

سەرۆک توورە بوو. هەوای دەنگی گۆڕدرا و بە دەنگێکی بەرزتر تێی ڕاخوڕی:

ـ هیچ دەزانی ئەو کەسانەی کە وا هاوڕێ و هاودەستی ئێمە نین و لە ژێر سێبەری یاسای ئێمە دا ناگونجێن، بۆیان نییە چەکدار بن و چەکیان لە ماڵدا هەبێت؟! تۆیش ئەگەر هاودەست و هاوپشتی ئێمە نەبێت، لەمەولا بۆت نییە دەست بۆ چەک بەریت.

ـ بەڵێ، بەڵام کەسێک کە دەست و دڵی چەک هەڵگرتنی هەبێت، کوا لە سزای ئێوە و لە سەر و ماڵ دەترسێت!...

ـ ئەو تفەنگە بڕنەوەی کە لە ماڵتان دا دۆزراوەتەوە، لە کێت کڕیوە و بۆ کێت کڕیوە؟

ـ ڕاست نابێژی!... ماڵەکەم لەبەر یەک هەڵتەکێنی، قاوغە فیشەکێکیشت دەست ناکەوێت... من قەت چەک لە ماڵ دانانێم...

ـ گوێ بگرە باوکەکەی باوکم... سەرسەختی و گوێگرانی بە زیانی خۆتە و هەر خۆت تووشی کلۆڵی و چارەڕەشی دەبیت... هۆشی خۆت بگرەوە باوکی من. تۆ ژن و منداڵت هەیە... تۆ گەنج و لاوی... من پێم خەسارێکی لە ڕادە بەدەر مەزن دەبێت ئەگەر ئەم جوانی و بە دەمارییەت لە سووچی بەندیخانەدا برزێنی... یان خوای ناکەردە...

فەخرە توورە بوو. لە سەر کورسییەکەیەوە بەژنی ڕاست کردەوە و چاو دە چاوی سەرۆک بڕی و بە هەوا دەنگێکی کڕ و توورە گرماندی:

ـ هیچ پێویست ناکات خەم بۆ من و بۆ ژن و منداڵی من دابگری. تافی گەنجی و لاویشم لەهەر جێیەک بتوێنمەوە، بۆ وڵاتەکەم و لە ڕێی خەڵکەکەمی دا دەتوێنمەوە و پێی سەرخۆش و سەربەرزم... پەکم بە هیچ ناکەوێت... بەندیخانە بێ، مردن بێ، هەر چی دەبێ با ببێت...

سەرۆک بە دەم پێکەنینێکی ساردەوە گوتی:

ـ فەخرە!... وەرە دەست بدە دەستم و چیت گەرەکە لە منی بخوازە. وەرە پێمی بڵێ لەم سات و سەودایەت دا... لەم چەک کڕین و چەک بردن و چەک فرۆشینەت دا چیت دەست دەکەوێت و چەندەت پێ دەبڕێ؛ شەرتە گەر دەستی دۆستایەتیم بەرپەرچ نەدەیتەوە و پشتم بگری، من دە ئەوەندەت پێشکەش دەکەم... تۆ ئەگەر بخوازی، من دەتوانم مانگانەت بۆ ببڕمەوە... هەرنەک مووچەی مانگانە، بگرە تەنانەت چەکی حوکماتیشت دە شان دەکەم. ئەودەم ئیتر هەم خاوەن ماڵ دەبیت و هەمیش خاوەن دەسەڵات... لەمە زێتر چیت گەرەکە و چی دەخوازی هەتیو؟ ها !... چی زیاترت دەوێ پێمی بڵێ!...

فەخرە پێی پێکەنی. بەسەری دا هاتەوە و بە توندی گوتی :
ـ لەم گردەوەکۆشییەم دا کە تۆ ناوی سات و سەودات چەکی بە بەژن دەبڕی، من بەس شەرەف و شانازیم پێ دەبڕێ. من وەک هێندە خۆخوازێکی خۆفرۆشی درۆزن فێری خواردنی نانی فیشەک نەبووم و نای خۆم. ئەم خەڵاتەی کە دەتەوێ بە بەژنی منی هەڵبدووری، بۆ لەش و لاری من و کەژ و چیاکانی کوردستان گەلێک تەسکە. ئەوانەی تۆ بۆ منیان دەبێژی، خەونی بەتاڵی پڕ هاشە و پاشەن و قەت زیندەجلکی ڕاستەکی دەبەر ناکەن... تێگەیشتی سەرۆک؟!...
ـ من پەلەم نییە فەخرە... تۆ دەتوانی بە دوو ڕۆژ و سێ ڕۆژ بیری لێ بکەیەوە و هەر دووک لایان هەڵسەنگێنی؛ هەر لایەکت گرت، خۆت چارەنووسی خۆتت دیاری کردووە و هیچ کەسی تر تێیدا تاوانبار نییە... بەڵای ئێمەوە ئەو لایەمان پێ خۆشە کە تۆ لە دەست نەچیت. زۆرمان پێخۆشە لێرە لە گوندەکەی خۆتاندا بەلای ژن و منداڵەکە نازدارەکەت دا بمێنیتەوە و تووشی شار و مەحکەمەی نیزامی و چارەنووسی نادیار نەبیت... فەخرە ئەمەش لەمنەوە ببیسە کە لەو جۆرە شوێنانەدا بەزەیی کەمە و مرۆ بە سەمەرگی دەگوژن. من هەتا سێ ڕۆژی تر لێرە، لە گوندەکەی ئێوە دا میوانم و لەم سێ ڕۆژەدا چاوەڕوانی جوابی تۆ دەکەم. بە ئا، یان بە نا... بەڵام دیسان دووپاتی دەکەمەوە و دەڵێم کە دەوڵەت باوکێکە دڵی پڕی بەزەیی و میهرەبانییە و دەتوانێ لە هەڵەی ڕۆڵەکانی خۆش ببێت. ئێمە چ شتێکی گەورە و گرانمان لە تۆ ناوێ. هەربەس ناوی فرۆشیارانی چەک و کانگاکانیمان بەڵاوە گرنگە. ئەگەر ئەم کارەمان لە گەڵدا بکەیت، لەوانەیە چەک و فیشەکیشت پێ بدەین کە زۆر بە ڕاشکاوی و بەبێ مەترسی، بۆ کوڕەکانی ئەو بەری سنووری...»
ـ تڕحێو!... خەیاڵێکی سەیر خاوت لە کەللە دا دەگەڕێت سەرۆک !...
ـ ............................................................................ .
ـ ............................................................................ .

* * * *

هەر ئەو شەوە، نیوەی شەو، پەنجەرۆکەی زیندانی فەخرە لە دەرەوە ڕا بە ئەسپایی کرایەوە و دوو کەس سەریان لە زارکی پەنجەرەکە هێنایە ژوور و یەکێک لە دووەکان بە چرپەیەکی نەرم بانگی کرد:
ـ فەخرە!... فەخرە هەستە باوکم وەرە دەر... وەرە دەر و بڕۆ!... هەستە هەتا نیوەی شەوە و ڕێگا و بان ئەهوەن و بێ هاتووچۆیە ، خۆت دەرباز بکە و بڕۆ !... سبەی دوای قاوەڵتوونان قەرارە ئەو مەلعوونە پەتت بکات و دەگەڵ خۆیدا بەرەو شار و بەندیخانەی شارت ڕەکێش بکات... ئەو بتبات، ئیتر گەڕانەوەت بە دوا دا نایە و تێدا دەچی... وەرە دەر و بڕۆ، بەڵام بە وریایی و بە بێدەنگی. خشپەت نەبێ!

وریابە، دەنگت لێ نەیەتە دەرێ. ئێشکچییەکانی پێش ئێمە هەر ئێستاکە شەرتیان پەڕیوە و بۆ خەوتن چوون؛ بێتوو خشپە و هەرایەک بکەیت لەوانەیە ئەوان بە ئاگا بێنەوە و خەبەر بە سەران بگاتەوە ئەودەم ئیتر نە تۆ دەمێنیت و نە ئێمە. ئێمەش لە ڕێی بەزەی مرۆڤایەتییەوە دەرگای ڕزگاریت بۆ دەکەینەوە... وەرە دەر و سەر هەڵگرە و بڕۆ... بەڵام مەردی خودای بە و ئەم ڕازە بە لای کەسەوە مەدرکێنە، چونکە قسە بکەوێتە زارێکەوە، دەکەوێتە شارێک... وەرە دەر و بڕۆ...»

فەخرە هەستی بزووت کە ئەم دەرگاکردنەوەیە تامی بەزەی مرۆڤایەتی و چاکەخوازی لێ نایە و بە ڕاست بۆ ڕزگارکردنی ئەو ناکرێتەوە. بەڵکوو شانۆیەکە دێتە سەر پەردە و، بە هەڵاتنێکی ئەو و دەسڕێژێکی ئەوان و کوژرانێک کۆتایی پێدێت و کڕین و فرۆشتنی چەکی پێ دەشاردرێتەوە.

فەخرە سەردەستەی ژاندارمی بنکەی(بستام)ی باش دەناسی و دیزانی چۆن جانەوەرێکە و بۆ خۆ ڕزگارکردن لە ڕووداوی پڕ مەترسی، چلۆن داو دادەنێتەوە و چلۆن خۆی لە قەرقەش دەرباز دەکات. بەڵام سەرەڕای ئەمەش، گورجێک هەستا و خۆی کۆکردەوە و بە شێنەیی لە پەنجەرۆکەکەوە هاتە دەر.

ژاندارمە ئێشکچییەکان دوو کەس بوون. لە شانی یەکیاندا، لوولەی بڕنەوێکی درێژ لەبەر شەوقی مانگدا جارجارە تروسکەیەکی پێدادەگەڕا. ئەوی تریان تفەنگی (ئێم یەک)ی بە دەستەوە بوو؛ تفەنگەکەی بە جۆرێک بە هەر دووک پەنجان بە سنگەوە دەگوشی، کە دەتگوت لە هەر چوار کەنارانەوە دوشمن بە سەری وەربووە. بڕنەو بەشانەکە گوتی:

ـ هەتا لە بنکە دەچینە دەر، بە ژێر سێبەری دیواری بنکە دا دەڕۆین. لە دەرەوەی گوندیشەوە خۆمان ڕێیەکت بۆ دیاری دەکەین و بە فەرمانی ئێمە تێی دەقووچێنی و ڕادەکەی...

پێکەوە هاتنە دەر. فەخرە لە بەرەوە دەڕۆیشت و دوو ژاندارمەکان لە دواوەی دەهاتن. دنیا چۆڵ و هێدی و بێدەنگ بوو. بە ئاسمانەوە، مانگە شەوێکی بێ هەور و هێڵ و سەیوانێکی پڕی ئەستێرە و خێوەتی ڕوناکاییان بە سەر گوندەکە دا کێشابوو. گوند بەهەرچی کە تێیدابوو، لە ژێر خێوەتە ڕوونەی هەیڤ دا بە هێوری پشووی قورسی نیوەشەوی دەدا. لە دێ دا هەر ئەم سێ جووڵەوەرە بە دەرەوە بوون. ئەم سێ کەسەش بە پەساری سێبەری دیواری دوور و درێژی بنکە دا سەر بە شوێن یەکتر دا بەرەژوور شۆڕ ببوونەوە. هەرکە لە حەوشەی بنکە هاتنەدەر، یەکیان هاتە لای ڕاستی و ئەوی تریان شانی چەپی گرت و بەرەو کوێرە ڕێی کۆنە ئاشەکەی خوار دێ داکشان. ڕێگا و بانی گوند و دەرەوەی گوند لەدەریای مەنگ و ماتی مانگە شەو دا مەلەیان دەکرد. کوێرەڕێی بەر ئاشان وەک لەپی دەست لە بەر دەمیان دا دیار بوو. هەر بەس بەنداوی پڕ لە قەوزە و جەگەن و قامیشەڵانی ئاشەکە بوو کە بە هۆی زەمەند بوونی، زۆر بژوێن و تاریک و نادیار بوو. بەنداوەکە، شانە و شان بە

سەر دۆڵێکی قووڵی پڕ دار و دەوەن دا دەیڕوانی. دوو داوێنی دۆڵەکە بە هۆی لێژایی و هەڵدێر بوونیان، مەگەر بۆ دار بڕین و ئیشکەڵ کۆکردنەوە، ئەگینا کەم کەس خۆی لێ دەدان و هەمیشە چۆل و بێ هاموشۆکەر بوون. دوور و نزیکی کۆنە ئاش، بڕناو بە شانەکە فەرمانی ڕاوەستانی دا و هەر سێکیان ڕاوەستان. بڕناو بە شان ڕووی دەمی دە فەخرە کرد و گوتی :

ـ ... بەهەموو باوی هەنگاوت سنگی ئەم ڕاستە ڕێیە بگرە و بە هەرچی هێزی کە دە قاچ و قولاّنت دایە، ڕاکە و بڕۆ... مەترسە!... ئێمە چەند جارانت بە سەر دا دەشریخێنین... دەنگت دەدەین و فەرمانی ڕاوەستانت پێ دەدەین، بەلاّم تۆ گوێی مەدەرێ و ڕامەوەستە. ئەم ڕاستە ڕێیە بگرە و خۆت دەربازکە و بڕۆ... ئێمە بە دوات دا نایەین، بەلاّم وەک زیندانییەکی لە بەند ڕاکردوو چەند فیشەکیت بە سەر دا هەڵدەتۆقێنین، تۆ بە هێندی مەگرە و ڕاکە و بڕۆ... سەری خۆت هەڵگرە و پەنا بۆ خزمە گەرمێنییەکانت بەوە. نەکەی نەفامی بکەیت و هەر لەم هەرێمانە دا بمێنیتەوە... بێت و بتگرنەوە، لێت ڕاناوەستن و دەمەودەست لە دارت دەدەن... تێگەیشتی فەخرە!... دەی ئێستا ڕاکە! ... هەر بەسەر سنگی ئەم ڕێگایەدا ڕاکە... نەکەی ڕاستە ڕێیەکە بگۆڕیت...دەی!...

فەخرە هەناسەیەکی بردەوە بەر. چاوێکی وردی لە سنگی تەسکی کوێرە ڕێیەکی بەر کۆنەئاشەکە کرد. شانی ڕاستی کوێرە ڕێیەکە، لە سەرەوەی گوندەوە هەتا بەشی هەرە خوارووی کۆنە ئاشەکە، بەنداوێکی پڕ لە قەوزە و جەگەن و قامیشی دەگەڵ ڕاکشا بوو. نێوان خۆیان و ئاشەکەش، هەر ڕاست لە پەنا ڕێگاکەوە پۆلە شیلاّن و یەختە شۆڕە بییەکی کۆنەساڵ سێبەرێکی تەواویان بەسەر کوێرە ڕێیەکە دا ڕشتبوو. بەلای خۆیەوە گوتی: لێرەوە هەتا ئەم پۆلە شیلاّن و یەختە بییە، مەودایەکی بیست میترەمان نێوانە. من بە پازدە هەنگاوی بە پەلە خۆمیان دەگەیەنمێ؛ هەتا ئەم پازدە هەنگاوانە تەقەم لێ نەکەن و نەم پێکن، ئیتر تەواوە و ئاسمانیش دەستی پێم ڕاناگاتەوە... هەتا ئەم پۆلە شیلاّن و...» ژاندارمەکان تینیان دا و پێیان گوت:

ـ دە یەڵلاّ ببزوو!... شەوت بە ڕۆژ بگات، دە دۆرێیتەوە و دەتگرن... ئەمجارەکە بتگرن، ئیتر ئاسمان بە چاوی خۆت نابینیتەوە... دەی ببزوو!»

فەخرە هەر وەک بەوری چیا خۆی لەبەر یەک کێشایەوە و بەژنی بەرزی کەمێک کووڕ کردەوە. چاوێکیشی لە هەر دوو ژاندارمەکان کرد. دوو چاوە ڕەشە گەشەکانی ترووسکەیان پێدا گەڕا. ژاندارمەکان لێی ترسان و هەنگاوێکی لێ کشانەوە. دیسان پێیان گوت:

ـ ئەم ڕاستە ڕێیە بگرە بەر و ڕاکە!... ئەم ڕێیە دەت گەیەنێتە خوار دوڵ و دەرەی ژێرو، لەوێشەوە خۆت دەزانی بۆ کوێ دەچیت. بەلاّم هەتا ئەو دەمەی نەگەیشتوویە بەر کۆنە ئاشەکە، سنگی ڕاستە ڕێیەکە ناگۆڕیت و ئێمەیش هیچ دەنگێک ناکەین،

بەڵام هەرکە گەیشتیتە شوێنی مەبەست، ئێمە لێرەوە سێ جاران فەرمانی ڕاوەستانت پێ دەدەین و چەند فیشەکت بەسەر دا هەڵدەتۆقێنین. تۆ گوێی خۆت لەم هەیت و هووتەی ئێمە قەپات بکە و بڕۆ... دەی ئێستا ڕاکە!

فەخرە هەناسەیەکی قووڵی بردەوە و ئاوڕێکی لە گوندەکەیان دایەوە و سەیرێکی ژاندارمەکانیشی کرد، ئەمجار بە هەرچی توانەی کە هەیبوو، گورج ڕایکرد. دوو ژاندارمەکانیش خێرا بۆی دامەزران؛ یەکیان لە بەرەوەی کوێرە ڕێگاکە چۆکی بۆ دادا و ئەوی بڕنەو بە دەستیش لە سەرەوە قیت ڕاوەستا. ئەوەی خوارەوەی ڕێگاکە لە پشتێن بەرەو ژووری فەخرەی بە نیشانە هەڵگرت و ئەوەی بڕنەو بەدەستیش چاو بە سەر تێزکەی تفەنگەکەیەوە بە شوێن نێوشانی فەخرە دا دەگەڕا. فەخرە گەیشتە پۆلی شیلان و یەختە بییەکە و لە پڕ خۆی حەوا دا و بە نێوانی شیلان و پرچی داچۆڕاوی شۆڕەبییەکە دا خۆی لە بەنداو هاویشت و بە شڵپە شڵپ و چۆڕە چۆڕی ئاوەوە، بەنێو دەوەن و کەند و لەندان دا بەرەو دۆڵ و دەرەی خواروو خزی. جووتەی ژاندارمان بۆ کورتە دەمێک سام گرتنی. هەستی خوێڕیایەتی و دەست و پێ سپیلکەیی لە ئاست کوردێکی کێوی لە لایەک و، لە بەرێکی ترەوە ترس لە توندی و تیژیی سەرۆکی دڵ بریندارى بنکە، گازەرای پشتیانی چەماندەوە. لەپڕ هەردووک پێکەوە، بە هەموو توانای هەناویانەوە، پڕ بە دۆڵی کپ و خامۆش هاواریان کرد:

- ڕاوەستە!... ڕاوەستە!... دوا بە دوای هاواری ژاندارمان، دەنگی چەق و لووری سەگی دێ و لە پاشان شریخە و ڤیزەی تفەنگ و فیشەک و دواییش بێدەنگی. بە دەنگی شریخەی گوللە و چەق و لووری سەگی دێ، چی پێ نەچوو بنکەی ژاندارمان ورووژا و هەواڵی ڕاکردنی فەخرە بەندی جەرگی پساندن. سەرپەلی بنکە پەرێشانتر لە هەمووان، فەرمانی سەر دۆڵ و ژێر دۆڵ گرتن و کێوماڵکردنی دەور و بەری دێی پێکەوە ڕاگەیاند . لاپاڵ و خڕ و دۆڵ و دێبەری گوندیان بەرد بە بەردو دەوەن بە دەوەن پشکنی. سەرپەل هەرخود بۆخۆی دەگەڵ چەند ژاندارمێک، نێوماڵ و هۆڵ و پشتێر و جێ دانگەی ئاژەڵان و تەنانەت دەوەڵان و نێو تەندووری ماڵانیشیان سەر پێ داگرت. بەڵام فەخرەی کوڕی چیا لە نزمایی دەرچوو بوو و تێکەڵ بە ڕەوەز و تاوێرە بەردی زەرد و ماهان ببوو؛ فەخرە لە قەدی شاخی دابوو، هەربۆیە ئاسمانیش بۆی نە دۆزرایەوە.

بەم ڕاکردنە، سەرۆکی پایەبەرزی لە شار هاتوویش تاسا و تەمی ترس لە دڵی نیشت. سەرۆکی پایەبەرز بە بێ فوو لە دۆ کردن فەرمانی دەست بەسەر کردنی خێزانەکەی (فەخرە)ی دەرکرد. ئیستێک بوو خۆرەتاو سەر کەلی ئەنگاوتبوو، کە سۆییەی کۆرپە لە باوەشیان هێنایە بنکە و لە ژێر چاوەدێریی توندا دا ڕایان گرت. بە گوندنشینان و هەموو خەڵکی دەور و بەریشیان ڕاگەیاند کە هەتا دەستبەسەر کردنی شووەکەی، سۆیبەتیلەکۆیی لە ژێر چاوەدێریی بنکە دا دەمێنێتەوە و هەرکە

فەخرە گیرا یان خۆی ڕادەستی بنکە کردەوە، سۆیبەش ڕێگای چوونەوەی ماڵی بۆ واڵا دەکرێتەوە.

دوو ڕۆژ بەسەر شرت و گومبوونی فەخرە دا ڕابەرد بوو. هێزی خۆشبەزی ژاندارم هەموو خڕ و دۆڵی کەژ و چیای بستام و دەور و بەریان کێومالْ کرد، بەلاّم فەخرە نە دۆزرایەوە. لەدەمی ئێوارەی ڕۆژی سێیەمدا بوو کە دۆڵ و دەرەی قەرچ دامان دەنگی تفەنگی پێدا گەڕا و دوو چەک و دوو چەکدار لە هێزی ژاندارم کەم بوونەوە. هەر بۆ سبەی بەیانی، نەکەرۆز و کەلیخانیش هەژان و لە سەقز و بانەوە هێزیان بۆ دەنگ دا.

هەفتەیەک بەسەر ئەم تەق و ڕەوە دا تێپەڕی و چۆڵ و چیای مەڵبەند ئەهوەن بوونەوە. لە گوندەکانی ئەم مەڵبەندە نیمچە ئەهوەنەدا گەلێک بەگ و کوێخا و میرزا و مەلا بەنهێنی ڕێی شاریان خرایە بەر. لە شاریشەوە چەرچی و تەنەکەچی و قاچاخچی بەرەو وێندەرێ بەڕێ کران. ئیتر لەو سەروبەندە دا چاوێک بوو بە دوو، دوو بوو بە چوار و هەر هامووشۆیەک دە ڕاپۆرت کرا و بە سەر و ژێران گەیشتەوە. هەندە ڕاپۆرتێکیش کە لە دێ بەرەو شار بەڕێ دەکران، هەواڵی گەلێ ناخۆشیان تێدا دەپێچرایەوە. هەواڵەکان دەیانگوت کە:... فەخرە تەنیا نییە و هێزێکی یەکجار زۆر مەزنی لە کوڕەکانی چیای ئەم دیو، ئەو دیوی سنوورانی دەگەڵ کەوتووە... دەگوترا کە ئەگەر هەتا زوو خاشەبڕ نەکرێن، مەزن و مەزنتر دەبن و ئەگەر دەست لە سەر دەست دابنێن، ئیتر واوەیلایە و هەیهاتی گەرەکە... دەگوترا ئەگەر هەر ئێستایش بخوازن ئاسەواریان بسڕنەوە، بە سەت و دوو سەت ژاندارمان چاریان ناکرێت و ئەشی هێزێکی مەزنیان بۆ تەرخان بکرێت و...

لە مەریوانەوە هێزێکی مەزنی ژاندارم سنوورا و سنوور بەرەو بانە هاتن. لە شاری بانەشەوە هێزی کۆماندۆی شەڕانی بەرەو مەریوان کەوتنە ڕێ. هێزەکان لە چیای سەر سنووران دا یەکتریان گرتەوە و بە هەموو بەرزاییەکانی ئەو مەڵبەندە دا بڵاو بوونەوە. لێرە و لەوێ و لە هەر شوێنێکی کە پێیان باش بوو بنکە و مەقەڕی شەڕگەیان کردەوە.

دە ڕۆژ پاش ئەم هەرایە، لەسەقزەوە بۆ بنکەی بستام لە(تەل) درا و ڕاگەیەندرا کە پێیان باشە خێزانەکەی فەخرە ڕەوانەی شار بکرێت. کۆرپەی شیرەخۆرەی سۆیبەیان هەر لە بستام بە دایەن سپارد و لە ژێر چاوەدێریی بنکە دا ڕایان گرت. سۆیبەیان بە تەنیایی لە بنکەی بستان هێنایە دەر و ڕایان گواست. بەلاّم ئەو ڕۆژە، باران و تەڕی و تووشی ڕێی بە ترۆمبێلی ژاندارمان نەدا کە سۆیبە لە گوندی (سووتە) ژێرووتر ڕابگوازرێت. دوو ڕۆژ لە سووتە مانەوە. سێلاو لە خڕو دۆڵەکاندا کوولەی هات و ڕێگای بڕی. فەخرەش لە دەرەوەی مالاّندا لە سێلاو بەتین و تاوتر، بە تەنیایی بۆسەی گرت و چاوەڕوانی دەرکەوتنی کاروانی ژاندارمان ڕاوەستا.
ئەگەرچی دوو شەو بوو سوارە و پیادە بە ڕێگادا هاتبوو، باران خووساندبووی و با و

باگژه وشکیان کردبۆوه، به دزه ڕێی دوور له ئاوەدانیان دا هاتبوو و له هیچ ماڵێک لای نەدابوو، کەمتر له هەموو شەوانی ژینی خەو به چاوانی دا هاتبوو، بەڵام وەک هیچ ڕووی نەدابێ، ژێرانه ڕێی ڕزگاریی سۆیبەی گرتبوویه بەر.

دوای دوو ڕۆژ شەستەباران، ڕۆژه سێیەم نەرمه نەرمه لەنگێزەی ئەهوەنتر کردەوه و کردی به ورده باران، وردەبارانیش بەره بەره کزی کرد و بوو به نەرمه خوناوکەیەکی جار به جار و ئاخرسەر له سووچی ئاسمانی سووته و بستامەوه پەلکەزێڕینه نەخشی گرت و خۆر سەری هێنایەدەر. فەخرەش لەسووچی تەق تەق و بەردەڵانی گردولکەکەی خوار ماڵاندا بێ سەبرانه چاوەڕوان بوو. هەر لەوێوه، تەواو جادەی سووته و دەور و بەری گوندەکەیشی له بەر چاو دا دیار بوو. دوو پێچ خوراتریش، واته لەو شوێنەی که ئێتر ماڵەکانی سووته له بەر چاوی جاده نەدیو دەبوون، پانایی جادەکەی به گاشه بەرد گرتبوو.

هەتاو ، به تاوی توند و تیژییەوه هەڵم و هاڵاوی له سەر زەوی کۆ دەکردەوه و بەرەو سەر تێی هەڵدەبردەوه. پەڵەهەورەکانیش وەک پەلەوەری ڕەتاو، به لەز به ئاسمان دا دەخوشین. گوندی سووته به هەموو بەر دەرگا و حەوش و کۆڵان و سەربان و دانگه و گۆڕەپانەکانییەوه هەڵمی لێ هەڵدەستا.

دوو ترۆمبیلی(ڕیو)ی ژاندارمان له گۆڕەپانەکەی بەر مزگەوت ڕاگیرابوو. له بەر بێڵا و بەر هەیوانی هەنده ماڵانێکیش دا، ژاندەرمه، یەک یەک و دوو دوو به دەم سرت و خورتەوه خەریکی جگەره کێشان و هاتوو چۆ بوون. چەندێکیش له بەر دوکانۆچکەکەی بەر مزگەوت سەرگەرمی شت کڕین و چەنه لێدان بوون. بەره بەره پۆلی ژاندەرمان له ماڵی خانەخوێیانی دڵپڕی دڵبریندار هاتنه دەر و له گۆڕەپانی دێ دا لێک کۆ بوونەوه. ئاخر پۆلی شەش کەسەی ژاندارمان له ماڵێکی نێوپارەی گوند هاتنەدەر. هەر شەش ژاندەرم وەک خەرمانه له چوار دەوری سۆیبه تیلەکۆیی هاڵابوون و دەیان برد. ئافرەتانی گوندی سووته، به ژەنگ و ژارەوه سووکه سەیریکی سەرپێیان دەکردن و ڕادەبردن. ژاندەرم به وریایی له ترۆمبیلەکانیان خزینەوه و ئامادەی ڕۆیشتن، دانیشتن. هەر ترۆمبیلەی هەشت ژاندەرمی له کابینی ژێرخێوەتی دا شاردەوه. ترۆمبیلی بەرەوەیان جگه له شۆفێری ماشێن، کۆنه داواکارەکەی سۆیبه و ژاندارمێک، ئەوەی دواتریش سۆیبه و خاڵۆی کۆنه داواکارەکەی سۆیبەی له ژووری شۆفێر دا جێ کردەوه و هەر دووک ترۆمبیلەکان به دەوری مزگەوتدا وەرسووڕانەوه و به هەورازی بەر ماڵاندا ڕێیان گرته بەر و ڕۆیشتن.

فەخرەش له قەڵشی مەتەرێزی دەسکردی چیاوه سەرێکی هەڵبڕی و سەیرێکی گوند و خەڵکی گوندی کرد. ڕەشاش کلاشینکۆفەکەی دەست دایه و ڕوو به جادەی خوار دێ دای مەزراند. چی پێ نەچوو، هەر دوو ترۆمبێل دوا به دوای یەک ، له دوو پێچی جاده وەرسووڕانەوه و ڕوو به لێژایی جادەی به گابەرد گیراو هاتن. هەرکه جادەیان گیراویان بینی، ڕۆژی ڕوونیان لێ بوو به شەوەزەنگ. ترۆمبێلی بەرەوەیان له پڕ

ڕایگرت و بە هەموو تواناوە بەرەو پاش وەسووڕایەوە، بەڵام جادەی تەسک و نیوە تەڕ، بواری بە شۆفێری ماشێنەکە نەدا کە تەسەل وەری سووڕێنێتەوە، هەربۆیە لە یەکەم هەل دا تایەری پاشەوەی ترۆمبێلەکە کەوتە نێو ئاودڕگەی پەنا جادە و لەوێدا چەقی. بە فەرمانی سەرکردە، ژاندەرم لە ژێر خێوەتان دەرپەڕین و لە جۆگە و ئاودڕگەی پڕ لە قوڕ و لیتە دا ڕوو بە گردی سەرووی جادە دامەزران. بە فەرمانی سەرکردە تفەنگەکانیان هێنایە سەرپێ و هاوکات بێتەلی ئار. پی. سی لە جانتا هاتەدەر و بۆ بنکەی بستام و چەند بنکەی دیکە لە تەل درا و هاواری:(کوڕە بگەنێ)یان بۆ سەر و ژێران نارد. فەرماندەری دەستەی ژاندەرمان لێی یەقین بوو کە بەرد بە بەردی گرد و تەپکی دەور و بەریان گیراوە و پێشمەرگەکانی دوو بەری سنووران ڕێی هاتووچۆیان لێ بڕیون. فەرماندە بە هاوارێکی کز و لاوازەوە قاوی کرد:

ـ فەخرە! دەست هەڵگرە لالۆ!... وەرە خۆت بە دەستانەوە بدە با کێشەکەمان هێندەی تر قووڵ نەبێتەوە. ئەم ئاگرەی کە بە دەستی خۆت دەی گرێنی، هەر خۆتی تێدا دەسووتێی... دەست هەڵگرە و خۆت بەدەستەوە بدە باوکم!...

شریخەیەک بە دۆڵ دا گەڕا و ئەسەد قەرەچەلی، کۆنە داواکارەکەی سۆیبە، کە سێ نووچکە بەرد هەوراز هەڵکشابوو، لە ژێر تاتەبەردی داوێنی گردەکە تێک هالا و بە چەکەوە کەوتە خوار. فەرمانەی دەستە هاواری کرد:

ـ فەخرە دەست ڕاگرە لالۆ!... کوڕە گۆڕ لە خۆت تەنگەبەر مەکەرەوە باوکم. ئێمە لالی تۆ هیچ شەڕ و کێشەیەکمان نییە... لێمان گەڕێن با ڕێی خۆمان بگرین و بڕۆین...

خالۆی ئەسەد قەرەچەلی لە ناو قەناو دەرپەڕی و گوڕاندی:

ـ هۆی فەخرەی دایک حیز ئیتر گیانی کزەڵۆکت بۆ کوێ دەبەی دووزام! ئەوا من خاوەنی خوێنی خوارزامە و لە بری خوێنی خوارزام، سویبەی باڵابەرزت لێدەستێنم و بە کوێرایی دوو چاوانت هەموو شەوان حەوت جارانی دەگەوزێنم و...»

فەرماندە هاوای لێ هەستا :

ـ یەدە!... یەدەی ماڵ کاول! بۆچ فەخرەمان لێ تیژ دەکەیتەوە و شەڕمان بۆ دەکڕی... دە خێرا قاوی بکە با دەستمان لێ هەڵبگرێت... پێی بێژە ئێمە ئیشمان پێی نییە و ئەوانیش ئیشیان پێمان نەبێت. ئەگینا ئێمەیش ناچارین سۆیبەی لێ بکەینە قەڵغان و بە سۆیبەوە بچینە سەریان... پێی بێژە با خۆی و هاوڕێیانی گۆڕەپان چۆڵ بکەن و بکشێنەوە...

یەدە قەرەچەلی لابالّی سۆیبەی گرت و بە ڕێچکە ڕێی لاشانی گردەکە دا هەڵکشا. سریوە لە دار و بەرد بڕا. نە لە ژێر تیژە بەردەکانی سەر داوێنانەوە تەقەیەک هات و نە لە قەناوەکەی ژێرگردیش جووڵەیەک کرا. یەدەقەرەچەلی دوو گڕە بەردی تریش بە داوێن گەردەکەدا هەڵکشا. سەرکردەی ژاندەرمانیش پۆلێکی بە شوێن

یەدەقەرەچەلی دا سەرخست و خۆیشی هاوڕێی پۆلێکی دە کەسی بە لاشانی چەپی گردەکە دا پێ هەڵاچوون.
دوو شریخەی دوا بە دوای یەکدا لە دۆڵدا دەنگیان دایەوە و دوو تایەری بەرەوەی ڕیۆی لە کەند گیراویان پووچاندەوە. ترۆمبێلەکە لە چەقی جادە دا چۆکی دادا و بە تەواوی ڕێگای هاتن و چوونی بەست. بە دەسرێژێکش کە بە سەر فەرماندەی دەستە و هاوڕێیانی دا کرا، ژاندەرم خۆیان نەگرت و داگەڕانەوە خوار. بەڵام یەدە قەرە چەلی هەر وا ژێر باڵی سۆیبەی دەگوشی و، ڕەوەی ژاندارمیش بە دوایەوە، بەرەو سەر پێ هەڵادەچوون. سۆیبەش هەر وەک ئەو کاتەی کە بۆ فەخرە بە بووک دەچوو، سووک و قیت و لەبار، بەرەو فەخرە دەچوو. فەخرە لە سووچی نووچکە بەردانەوە ئەڤیندارانە سەیری بەژن و باڵای شل و ملی سۆیبەی کرد و ئەو دەم و کاتەی هاتەوە بیر کە لە یەکەم خوازبێنی سۆیبە، باوکی سۆیبە وڵامی «نا»ی بۆ ناردبۆوە. هەر ئەو ڕۆژە، لە دەمی چێشتەنگاواندا لە ژوانگەدا پێی گوتبوو: حەیاتەکەم، بمتدەنێ هی تۆمە و هەر بۆ تۆ دەژیم. نەشمت دەنێ هەر هی تۆمە و هەر بۆ تۆ دەمرم. گەر بژیم هی تۆمە حەیات، بیشمرم بۆ تۆ دەمرم و لەو دنیاش هەر بۆ تۆ هەڵدەستمەوە و هەر بۆ تۆ دێمەوە!...
لە بەری دێی سووتەوە دەنگی ترۆمبێلی ژاندەرمان بە نێو دێدا گەڕا. لەم بەرەشەوە ، ژاندەرمی لە قوڕ و لیتە خوساوی نێو قەناوان، بەهاتنی هێزی تازە پشوو زیندوو بوونەوە و بە دووڵاشانی گردەکە دا پێ هەڵاچوون. یەدە قەرەچەلیش باوی هەنگاوی دلێرانەتر کرد و ڕوودامالاوانەتر گازی کرد:
ـ دە وەرە فەخرەی خەیانی ترسنۆک... دە وەرە ئەگەر پیاوی و شیری خاوێنت بە گەروو دا چووە، وەرە دەستی کچی سەیفە تیلەکۆییم لە چنگ بستێنەوە!...
سۆیبە خۆیەکی ڕاپسکاند و هەر لەو حاڵەدا بەرکۆژەی کراسەکەی گرت و بە هەر دوو چنگ دای دڕی. هاوکاتیش هەر ئەو دەنگ و ئاوازەی بە دەر و دۆڵ دا گەڕاند، کەوا جارانی جار لە ژوانگەی ژێر سێبەی پەڵک و سپیدارەکانی خوار دێ دا پێی گوتبوو. دوا بە دوای دەنگ و ئاوازی سۆیبە، شریخەیەک بە دڵی چۆلگەدا گەڕا و لە نێوان گرێی بەرکۆژەی کراسی گوڵ هەرمێی سۆیبەتیلەکۆییەوە خوێنی گەش بە گوڕ فیچقەی کرد. بە تەقەیەکی تر، لاشەویلکەی یەدە قەرەچەلی لەبەر یەک هەڵوەشا و لە خاک و خۆڵ دا گەوزی. فەخرە چەکی هەڵگرت و بە دۆڵ دا هەڵکشا.
خرمژنی دەسرێژی ژاندەرمی تازە دابەزیو دۆڵ و دەرەیان پتر هەژاند. دەوری دێ و چوار بەری گرد و هەموو نێو خڕ و دۆڵی دەور و بەریان گرت و لە هەموو لایەکەوە گردی ڕووتەنیان بە گوللە دابێژا. بەرە بەرە بازنەی گەمارۆیان توندتر و تەنگتر کرد و لای تاوپەڕانێکی درەنگ وەختی ئاڵای سەرکەوتنیان لە سەر ترۆپکی گردەکەدا چەقاند، بەڵام سەرگردێکی مەنگی چۆڵی بێدەنگ؛ نە لە فەخرە نیشانێک دیار بوو و نە لە شێرە کوڕەکانی چیای دوو بەری سنووران شوێنەوارێک.

ڕۆژ هات و ڕۆژ چوو. هەفتە و مانگ و وەرز بە سەر شەڕەکەی سووتە دا تێپەڕی، بەڵام نە ژاندەرم شوێنی فەخرەی پێ زانی و نە دەست و پێوەند و چاو و گوێیەکانی سەر بە ئەوانیش وزەی لێکۆڵینەوەیەکیان هەبوو کە لە بری مووچەی مانگانەیان هەواڵێک بە دەوڵەت ڕابگەیەنن. بەرەبەرە مانگانەی جیرەخۆرەکان وشکاوی هات و ژاوەی ژاندەرمیش لە مەڵبەندی شەڕ دا ئەهوەنتر بۆوە. لە فەخرە تەنێ هەنارێکی وردیلانەی نەشمیلانە جێما، کە ئەویش لە ماڵی باوە گەورەی و لە ژێر چاوەدێریی پێنج خاڵۆیانی دا مایەوە.

پاشی کارەسات، فەخرە دەستێکی بە حەشارگەکانی چیای چلچەمە دا هێنا و چی چەک و چۆڵی کە هەیبووی، کۆی کردنەوە و بە یارمەتیی خاسە ناسیاوان بە قاچاخە ڕێگاکانی ڕێگای سەرسنووران دا هەڵکشا و گەیشتە لای شێرە کوڕەکانی چیای ئەو دیوی سنووران. لە پێشەوە و بەر لە هەر شتێک، بۆ بینینی ئەو کەسەی کە وا دەبوو بیبینێت و پێوەندی پێوە بگرێت، سەرێکی لە شاخەکانی دەور و بەری تووژەڵ هەڵێنایەوە و لە شوێنگەی هاوڕێ ئازدی پرسی. گوتیان کە هاوڕێ ئازاد لە جەولە دایە و جەولەکەی مانگێک دەخایەنێ. فەخرە لە ماوەی ئەو یەک مانگە دا چەند جاران بە نیازی چوونی سەرەوە و بینینی سەرکردایەتی هەوڵی دا، بەڵام بۆی نەکرا. ناچار لە نێوانی تووژەڵ و شێنێ دا بەلای کۆنە برادەر و هاوڕێیانی قەدیمەی دا چاوەڕوان مایەوە.

دوو مانگ بە سەر شەڕەکەی سووتە دا تێپەڕی بوو. فەخرە بۆ دیتنی هاوڕێ ئازاد هەر لە نێوانی تووژەڵ و شێنێ دا مایەوە و لە جێ نەجمی. تاسەی بینینی هەنار و خەمی قورسی لە دەست دانی سۆیبە، ئارامیان پێ نەهێشتبوو. بۆ دەمێک گەرمی و وەفای دلۆڤانانەی سۆیبەی بۆ لە بیر نەدەکرا و بە دایم لە بەر دیدەی خەیاڵی دا بوو. دووری لە هەناریش دەردێکی قورسی سەرباری هەموو دەردانی بوو. بەڵام بۆ بینینی هاوڕێ ئازاد و، دیتنەوەی چارەنووسی دوایی، هەموو خەمەکانی بە گیان وەرگرت و و چاوەڕوان مایەوە. دەیهەویست ئازاد ببینێت و خۆی یەکچاو بکا، سا ئەودەم سەرێک لەولا هەڵبێنێتەوە و چاوێک بە دیتنی هەنار ڕوون بکاتەوە.

سێ مانگ بەسەر جەولەکەی ئازاد دا تێپەڕی و ئاخری هاوین گەڕایەوە. خەبەری کارەساتی سووتە و بەسەرهاتە خەمبارەکەی فەخرە وەک بەمب لە قەرەداخ دا تەقیبۆوە و هەر لەوێ بەگوێی هاوڕێ ئازاد گەیشتبۆوە. هەر بۆیە هێشتا ئازاد بە تەواوی تۆزی ڕێگای لە پێتاو نە تەکاند بوو کە هەواڵی فەخرەی پرسی و ناردی بە شوێنی دا. ئازاد و فەخرە لە دەمی پێک گەیشتن دا هەر وەک گیانی شیرین یەکتریان گرتە باوەش و کورتە دەمێک بێدەنگ لە هەمێزی یەکتر دا مانەوە. ئازد چاوی تەڕی بە دەست ئەسڕینەوە و گوتی :

ـ فەخرە گیان! چ زمانێکی ئەوتۆم لە دەمدا ناگەڕێ کە توانای دەربڕینی پەژارەی ناو دڵمی هەبێت. هەربەس ئەوەندەم لە لا دەست دەکەوێت کە بتوانم بیڵێم و

دەیڵێم کە منیش هەڵگری باری خەمانتم و چەندی خەمبار، منیش هەر وەتۆم بۆ تۆ...

ــ ئازادگیان، لێت دڵنیام و دەزانم کە ئەوەی تۆ بە دەم دیبێژیت، بە ئیمانیش باوەڕت پێی هەیە؛ هەربۆیە سۆز و پەیمانت بۆ من وەک نەخشی سەر بەردەنووسن و لە دڵم دا جێ دەگرن. من، تۆ بە هاوبەشێکی دڵ و دەروون هەراوی پەژارەکانم دەزانم و هەتا تۆم هەبی، خۆم بە بێ دەست نابینم. بەم بەشەی کە لە لای تۆم هەیە، سەری شانازی بۆ دادەنوێنم و پێی دڵخۆشم ئازادگیان...

ـ دەی فەخرە پێم بێژە بزانم هەنارەکەت لە چی دایە و لای کێیە؟... لە کەیەوە هاتوویتە لامان و لەم ماوەیەدا کێت دیوە و چ ئیش و کارێکیان پێ ئەسپاردووی؟

ـ هەنارەکەم لای باوە گەورەیەتی و جگە لە تاسەی بینینی نەبێ، لەلای ئەوەوە دڵنیام. بەڵام ئەوا سێ مانگە هاتوومەتە لاتان و لەم ماوەیەشدا قورسایی بەرپێچونم هەر بە ئەستۆی دۆست و ناسیاوانم دا بووە و جگە لە خواردن و خەوتن چی تریان بە بەژن نەبڕیوم... چاوەڕوانی هاتنەوەی تۆم دەکرد کە بێیتەوە و ڕێیەکم بنێیتە پێش... ئاخر پێم وایە ئەوە هەر تۆی کە من دەناسی و ئەوانی تر هەر لە دوورەوە دەنگ و نێوبانگی منیان بە گوێ گەیشتووە ؛ دەترسم دەنگی ئەم دەهۆڵە هەر لە دوورەوە بە گوێی هەندێک خۆش بێت و لە نزیکەوە هیچ کەیفێک نەبزوێنی ...

ــ نا وانییە فەخرە گیان! هی وەکی تۆمان کەمتر بۆ هەڵکەوتووە و زۆریش بە دەگمەن هەڵدەکەوێ... لە چاومان دایە باپیرەکەم لە چ ڕۆژگارێکدا شانت خستە ژێر باری شۆڕشەوە... قەتمان لەبیر ناچێت و هەرگیز لە بیری ناکەین. تۆ ئەمەگت بە ئەستۆی شۆڕشەوەیە... تۆ کوڕی شۆڕشی. تۆ هەر ئەو زرێیەی کە ماسیلکەکانی شۆڕش بە بێ تۆ و هی وەکی تۆ بێ ئاون و نازێن. گۆڕەپانی شۆڕش ماڵی حەڵاڵی تۆیە. ئەگەر لە ژن و ماڵ و لە منداڵ بوویت، ئەگەر لێت قەوماوە و تەرکە وەتەن بوویت، لێقەوماوێکی شان کەچی ڕوو زەردی شەرمەزار نیی، سەرت بەرزە وەک شۆڕش. گۆڕەپانی شۆڕش ماڵی حەڵاڵی تۆیە. من سبەی لە سەرێ قەراری دانیشتنم هەیە. تۆیش لە گەڵ خۆمدا دەبەم و هەر لەوێ هەموو شتێکت بۆ دیاری دەکرێت...

ــ ئازادگیان! ئەوا سێ مانگە هاتوومەتە ئێرە و لەماوەی ئەم سێ مانگەدا هەر شەوێک کە سەرم ناوەتە سەر سەرین و هەر بەیانییەک چاوم لە خەو کردۆتەوە، باوەڕت بێ، ژانی ژینی سەرباری وەک تیژە دڵۆی ئاسن لە گۆشتی جەرگم هەڵچەقیوە و جەرگ و دڵمی پێکەوە دادڕیوە... من قەت بە دەسندەخۆری و لاورگەیی بەخێو نەکراوم و نانم هەمیشە لە تەبەکی کار و تێکۆشانم دا دیوە...

ــ نا فەخرەگیان ئەمە مەبێژە باوان گیان! هیچ پێم خۆش نییە بیری نزم خانەنشینی مێشکی بەتوانای تۆ بێت. شۆڕش ماڵی حەڵاڵی تۆیە... هەر سبەی بەیانی پێکەوە دەچین و هەموو شتێکت بۆ دیاری دەکرێت... هەر سبەی بەیانی...

سبەی بەیانی ئازاد جانتاکەیی دەست دایە و دەگەڵ فەخرە بەرەو سەر ڕۆیشتن. فەخرە لە بنکەیەکی خوارتر دا مایەوە و ئازاد بۆ پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی جەولەی سێ مانگەی بەرەو سەرتر هەڵکشا.

لە دانیشتنەکەیاندا،فەخرە هەرچی بوو،لە ڕاپۆرتی چالاکیی ڕێکخراوەی نهێنیی گوندەکانەوە بگرە هەتا داهات و دەسکەوتی ئابووری و وردە شتی تریشی پێشکەش کردن. تەنانەت دەربارەی بەسەرهاتە تاڵەکەی فەخرەش باسێکی خستە بەردەمیان ، بەڵام دیار بوو ئەوانیش باسی کارەساتەکەی ئەو دیوی سنووریان بە گوێ گەیشتبووە. وا دیار بوو لە بەرەنگار بوونەوەی فەخرە و ژاندەرم گوژتنەکەی قەڵس و تووڕە بوون و پێیان خۆش نەبوو خۆ لە قەرەی باسەکە بدەن. ئەوان بەتێکڕا ژاندەرم گوژتنیان پێ باش نەبوو. پێیان وابوو کردەوەی ئەوتۆ گۆنگەڵی بە شوێن دا دێت و لەوانەیە ئەولا داوای گرتن و ڕادەست کردنەوەی بکەن. ئەودەم ئیتر ناتوانن کەسێک بخەنە ژێر سایەبانی پاراستن کە دوژمنتاش و مافەتەهێنەر بێت. پێیان وابوو تاکە کەسێک ئەمە ناهێنێت کە دوژمن و دوژمنایەتییەکی مەزن و بەهێزی بۆ وەئەستۆ بگرن. بەتایبەت کە ئەوان پێیان وابوو شۆڕش(گا) نییە لە پێستێک دا پیر ببێت و هەر لە سەر یەک بار و دۆخ دا بمێنێتەوە. هەر بۆیە بە تێکڕا گوتیان کە ئەوە هات  و شۆڕشەکەیان پان و بەرینتر بۆوە و گەرووی گەیاندنی بژیوی ژیانی شۆڕش بەو دیوی سنوور دا کرایەوە، ئەی ئەو دەم ناکرێت لە بۆ خاتری تاکەکەس و چەند کەسان گەرووی شۆڕشەکەیان ببەستن.

ئازاد بێدەنگ دانەنیشت و لێیان هاتە دەنگ و گوتی :

ـ ... بەڵام ئێمە خۆمان پاش هەرەس، گەرووی گەیاندنی بژیوی ئەوتۆمان بە چەوت زانی و بە قسە و بە نووسراوە ترۆمان کرد. ئێمە پێمان وابوو بێتوو هێزی گەل باش ڕێکبخرێت، هەربەس ئەو دەتوانێ پشت و پەنای شۆڕش بێت. ئێستایش ئەوە هێزی گەلە کە چاوساغمانە، ڕێ و جێ دابینکەرمانە و دنەدەر و بژیودەرمانە. هەر تەنانەت ئێمە بۆیە خەڵکمان دوو لەت کرد و بۆیە خۆمان بە هەڵۆی لوتکەی قەندیل قەبڵاند، کە پێمان وابوو گیانی بزووتنەوەکەمانمان خستۆتە دەماری گیانی کەسانی وەک فەخرەکان و ئیتر دوژمن کاری تەواوە؛ ئەوەتا جەماوریش هەر بەم دەنگ و نێوبانگەوە ڕەگەڵمان کەوتنەوە و بوونە لایەنگر و دنەدەرمان. وە ئێمەیش هەر بەم لایەنگری و بە دەنگەوە هاتنی ئەو خەڵکانە بوو کە باوەڕمان هێنا و دەستمان لە مل دا و گوتمان کە هێزی ڕەسەن ئەو هێزەیە، باوەڕی بە خەڵکە... کە ماسی ناو زرێی خەڵکە... ئەو دەرختەی کە ڕەگ و ڕیشەی لە ناو جەماوەر دانەکوتابێت، ڕەگ و ڕیشاڵی لە خاک دەرکەوتووە و چارەنووسی ناچار بە وشک بوونە... کەوایە دەبێ هی خەڵک بین و بۆ خەڵک ببین... زۆر شتی تریشمان گوت. ئێستاش فەخرە و دەیان فەخرەی ترن کە نە شەویان شەوە و نە ڕۆژیان ڕۆژ... فیداکار و گیانبەختکەری شۆڕشن و...

لە وڵامدا پێیان گوتەوە :
ـ ئەوانەی گوتت، گوتەن و گوتراون. ئێستێ تۆ کاکە ئازاد پێمان بڵێ ئێمە چی بێت هەڵوێستمان بۆ ڕەهاکردنی ئەم گرفتە ؟!
ئازاد گوتی :
ـ بە بڕوای من ئێمە هیچ گرفتێکمان لە بەر پێدا نییە کە ڕەهاکردنێکی پێویست بێت. فەخرە هی خۆمانە و گۆڕەپانی شۆڕشماڵی حەلاڵی ئەم فەخرە و دەیان و سەدان فەخرەکانی ئەم گەلەیە.
گوتیان:
ـ کاکە ئازاد ئێستایش هەر گەنجە و ئەسپی خەیاڵی هێستایش هەر بە گوڕ و تین و تاوە. قسە و بۆچوون و فاکتەرەکانی هەر وەک شیعر و هۆنراوە دەکار دەکات و هیچ چاوێک بە داهاتووی شۆڕش نیگەران ناکات. هیچ سەرنجێک ناداتە سەر باڵ و باسکەکانی شۆڕش کە ڕۆژ دەگەڵ ڕۆژ لە پەل و پۆ هاویشتن و ڕەگازۆیی دایە. هیچ بیریش لەمە ناکاتەوە کە شۆڕشەکەمان درێژخایەنە و چەکی سەردەستمان بۆ سبەی داهاتوومان نیگەرانی هەژاریی جبەخانەکەمانە... شۆڕشی درێژخایەن کەرەسە و تفاقی زێدە لەمەی کە ئێستا کاکە ئازاد لە گوندەکان بۆمان کۆ دەکاتەوە، پێویست دەبێت. لەوانەشە سبەی بەیانی ئەم هەرزانی و فەرغانەیەی کە کاکە ئازد لە ئاواییەکانی کۆ دەکاتەوە، وشکاویان بێت ؛ دەی ئەودەم چ کەردەن و دەست بە ڕیش و کلکی کێوە بگرین؟!...
ئازد پەنجەی نایە سەر قەول و بەڵێنەکانی پێشوویان و گوتی :
ـ ئێ ئێ ! برا!... ئەوە هەر خۆتان نەبوون کە دڵتان بەم کەژ و کێوانەوە گەرم بوو؟ ئەوە هەر خۆتان نەبوون کە جارانی جار گوتتان و گوتتانەوە گەر ئێمەیش تێدا بچین و نەمێنین، پاش ئێمەیش هەڵدەکەوێ تاکە کەسێکی تر بێت و لەم کەژانە دا بە چەپرەکە چەکێک تەقەیەک بکات و خەڵک بهەژێنێت؟!... ئەوە هەر خۆمان نەبووین کە مەرجی سەرکەوتنمان بە بڕوا و باوەڕ بە خەڵک و وڵاتەکەمان بەستەوە؟... ئەرێ ئەوە هەر خۆمان نەبووین کە هەرەس هێنانی بزووتنەکەی پێشوومان بە لادان لە خەڵک و، باوڕ بە دژمن نەبەستەوە؟ ئەی چی لێهات؟... تەنانەت لە هەڵسەنگاندنی شۆڕشی خەڵکی(فلستین)یش دا هەر بەم قەناعەتە بەجێیە نەگەیشتین کە دەزگای ڕیبەرایەتیی شۆڕشی ئەوانیش لە بری وەرگرتنی دەستی دۆستایەتیی گەلانی عەرەب، بوونە پیاوانی دەسەڵاتدارانی جیهانی عەرەب ... مەگەر ئێمە پێمان وانەبوو و نەمانگوت ئەوانیش هەر بەم دەردە دەچن کە بزووتنەوەکەی خۆمانی پێ چوون؟... ئەرێ ئێمەی هەڵۆی لوتکەکانی چیای قەندیل، چ تایبەتمەندی و چ جیاوازییەکمان لەگەڵ بزووتنەوەی پێشوومان دا هەیە؟!... ئەرێ ئێمەیش لاپەڕە تاڵەکانی مێژوو بە ڕووی خۆمان دا هەڵنادەینەوە و لە یەکەم تەقەماندا ئالای خۆ بەدەستەوادان هەڵنادەین و خەڵکان تووشیماڵوێرانی ناکەین؟

... من پێموایە ئەگەر جارێکی تر و سەدان جاری تر ببینەوە کوڕە ڕووتەڵە برسییەکانی داوێنی قەندیل و، ئاسمان و هەرد پێکەوە تەماحی نەبوونمان لێ بکەن، هەتا ئەوێ ڕۆژێ کە دەماری لەشمان تێکەڵاوی جۆباری خوێنی فەخرەکانە، نەبەزیوین و نەدۆڕاوین، تەنانەت ئەگەر سەدان جاریش بمرین، هەر نەبەزیوین. لادان لەم باوڕ و لەم سۆز و پەیمانەش هەر ئەمە دەگەیەنێت کە ئێمە بڕوامان بە جەماوەر نییە. هەق وایە گەل و هۆزیش بڕوا و بەقایان بە ئێمە نەبێت...

گوتیان :

ــ کاکە ئازاد گیان! ئەم قسە گەوهەربارانەت لە دەمی کۆبوونەوە دەگەڵ هاوڕێیانی ڕیکخراوەی گوندەکان دا ببێژیت باشترە. ئێمە لێت ناگرین، خوێنت گەرمە و کەللەت پڕ... ئێمەیش لە تەمەنی لاوی و هەرزەکاریمان دا هەر وەکی تۆ گڕکانی ئاگر بووین و کەس خۆی لەبەر ڕانەدەگرتین... بەڵام کەسی کاکی پێت وانەبێ کە ئێمەیش لە ئازایەتی و کەڕامەتی لایەنگرانی خۆمان بێخەبەرین، نەخێر!... کەس نەزانێت ئێمە باش دەزانین کە کوڕە ڕووتەڵە برسییەکانی داوێنی قەندیل ئەودەم کە نانیان بە خەو دەبینی، دەیانی وەکی فەخرە بە دەست و باوەشی پڕ لە بژیووە بۆمان هاتن. ئەوان ئاردیان بۆ هێناین، دەوا و دەرمان، خێوەت و باتانی و پارە و دراویان بۆ هێناین. بۆ چەکە بێ فیشەکەکانمان فیشەک و گوللە و دەرمانیان هێنا. بەڵام کاکی برا ئەودەم ئەودەم بوو، ئێستا ئێستایە... تێگەیشتی باوکەکەی باوکم؟!

ـ ئا!... بەڵێ تێدەگەم، بەڵام ئێمە بە هەموو ناشکواییمانەوە چەندین بنکەمان بۆ جەماعەتی ئوپۆزسیۆنی ئەم لا و ئەولا کردۆتەوە و نان و خوان و چەک و فیشەکیان پێ دەدەین. تەنانەت پارێزگاریشیان لێ دەکەین و تەڕ و وشکیشیان دەکەینەوە. ئەرێ بڵێ سبەی ڕۆژێ هەر ئەمانە لێمان نەبنە داسی ڕمانە و ...

ـ کاکە ئازاد !... گوێ بگرە باوکم!... گوێ بگرە و بزانە کە ئوپۆزسیۆنەکان تاکە کەس نین، نوێنەرانی بیری سیاسین... بەڵام ئەمەیان تاکە کەسە و گێچەڵیشی بە پاشەوەیە. پێ بڵێ بچێتە شوێنێک و سەرگەرمی کار و کسبێک ببێ باشترە.

هەفتە بە سەر هەفتەدا تێپەڕی و مانگی نوێ کۆن بۆوە و وەرزی ساڵیان بە سەر دا هات. فەخرە هەر وا لەم دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ، شەوێک لەلای ئەو کۆنە هاوڕێ و ڕۆژێک دەگەڵ ئەم برادەرەی ڕایبوارد. ماوەیەکیش لە ناوچەی هەڵشۆ بەلای خزم و کەسانییەوە مایەوە و سەرگەرمی کڕین و فرۆشتنی چەک و چۆڵ بوو. لەم سات و سەودایەش دا هەروەک جاران دەستی ڕاستی شۆڕش و پێشمەرگە بوو. زۆرجارانیش لە تەق و ڕەوی هەڵمەتی شەوانەی شاری سلێمانیدا، پێ بە پێی پێشمەرگە ژەنگی دڵی خۆی و چەکەکەی دەتواندەوە. لە شین و شایی و شەڕ و هەڵات هەڵاتەکانیان ، لە ڕاگواستن و هێنان و بردنەکانیاندا قەت خۆی نەبوارد و هەتا پای ملان تێدا بوو.

هەروا ئەڤیدارانە و وەک جاران، بۆ شۆڕش و بۆ ڕزگاری سەر لە سەر ڕێ و گیان لە سەر دەستان بوو.

ساڵ بە لەز هاتن و بە پەلە ڕۆیشتن. دە ساڵ بە سەر شەڕەکەی سووتە دا تێپەڕی و بەهاتن و تێپەڕینی ئەم مانگ و وەرز و ساڵانە، تۆزی فەرامۆشی و بیرچوونەوەیەکی قورس بە سەر دەفتەری کرداری فەخرە دا باری و ناوی فەخرە لە دەفتەری دەوڵەت دا کەوتە بەشی هەرە تاریکی کارەساتەکانی دژی ڕژێم و نامەی کرداری بەسترا. چی پێ نەچوو لەو دیوی سنووریش دەور گۆڕدرا و کوتوپڕ بوو بە هەرا. بەدەم ئەم هەرا و ئاڵوگۆڕەشەوە، پشتێندی دەسەڵاتی ژاندەرم لە دەوری گوند و شارەکان شل بوونەوە و چی بنکە و سەربازگەی سەر سنووران بوون، بە هەرچی چەک و چۆڵی کە تێیاندا بوو، بە دانستە و بە مەبەستێکی پڕ تایبەت خرانە بەر دەستی چەک خۆشەویستانەوە و شارەزایانە قەڵەمی ئەژنۆی زانایی و ڕامیارییان پێ شکاند.

ئازاد تازە لە جەولە گەڕابۆوەوە، کە لە سەرانەوە ناردیان بە شوێنیدا و پێیان گوت دەرخەمی حەسانەوە نەبێت و گورجێک بچێتە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەرچی هاوڕێ و دۆست و لایەنگرە بەسەریان بکاتەوە و دەستێک بە سەر بەرهەمی باهێناو دا بخشێنێت و ئەم دیویان بکات. ئازاد ناردی بە شوێن فەخرە و پێی گوت:

ـ ... دەڵێن لەو دیو هەرایە، کەر تۆپیوە و کفتەکەی بەلاشە... دەڵێن کەم کەس هەیە لە بەشەگۆشتەکەی ئەو دیو بێبەری و بێبەش مابووبێتەوە... دەڵێن لەو دیو کەر نەماوە باری چەکی بە کۆڵەوە نەبێ و، هەر باری کەرانە چەک بە هەموو لایەک دا دەچێ... دەڵێن هەرچی بارەبەری ئەم دیو ئەودیوانە لە من و لە تۆ ماندووترن و ئەشێ من و تۆیش بە هیمدادیانەوە بچین و کەموسکەیەک لە باری گرانیان سووک بکەینەوە ...

ئازاد تاوێک لە وتن ڕاوەستا و سەیرێکی فەخرەی کرد. فەخرە پێکەنی و گوتی:

ـ ئازاد گیان مەبەستت لەم دەڵێن، دەڵێنانە چییە؟ تۆ خۆت دەڵێی چی و چ دەخوازی ، من سەرم دە ڕێ دایە.

ئازاد دەستێکی هاویشتە سەرشانی فەخرە و گوتی :

ـ فەخرە گیان ئەگەر قسەی ڕاستت گەرەک بێ ، دەبێ بڵێم دیسان ئیشمان پێتانە و چاومان لە دەست و مستی ئێوەیە؛ سا نازانم ڕووی سەرهەڵێنانمان هەبێ ڕووتان تێکەینەوە یان سەر دابنەوێنین و چی نەڵێین !

فەخرە گوتی :

ـ ئازاد گیان تۆ گیانەکەی من بخوازە، ئەگەر پێشکەشت نەکەم، مەیلت دەگەڵما نەمێنێ و ڕێی خۆشەویستیتم لێ بگرە !

ـ فەخرە گیان ، داوایان لێکردووم دۆستانی شۆڕش لەو دیو کۆ بکەمەوە و بە هەرەوەزێکی تێکڕایی، ئەوەی چەکی بەردەستانە کۆیان بکەینەوە و ڕایان گوێزینە

ئەم دیوە. خۆت دەزانی کە منیش... منیش، هەر بەس ئەتۆ دەناسم و ئەوا بۆ ئەم سەفەرەش هەر ڕووم لە خۆت هەڵاویشتووە... نازانم ڕای خۆت چییە فەخرە گیان!

ـ لەگەڵتم ئازاد... هەتا ملان... هەتا پای مردن دەگەڵتم گیانە !

ئەمجارەیش فەردە چەک لەو دیو بۆ ئەم دیو داگیران و لە چیاکاندا گاڵەیان هات. بەڵام چەکی ئەمجارەیان دەسکەوتی لایەنگرانی خەباتی داسی سوور بوون، کە بە دانستە بۆ شێرە کوڕەکانی چیای ئەم دیو داگیران و بە ئازاد و فەخرەکاندا ئاودیو کران. چەکی ئەمجارە سنوریان بڕی و، چەم و ڕوبار لە ڕەوت و ڕۆی سروشتی دا چەندە ئازاد و سەربەستن، خەڵکیش لە سای ئەم چەک و چۆڵەوە هەر هاتن و ڕۆیشتن و بەریان پی نەگیرا.

شۆڕش لە هەر دووک دیواندا گیانی هاتەوە بەر. خەڵکی چەکدار لە سای چەکدا خرۆشین و بەم خرۆشین و هەژانەشەوە دەسەڵاتدارانی وڵاتانی هەرێم ترسیان لێ نیشت. لە نێویاندا، تاران و بەغدا، کە ماوەیەک بوو لە سای بەرهەمی گێڵگە نەوتییەکانیانەوە لە گۆڕەپانی (ئۆپەک) دا هەوهەویان دەهات و زۆر سەرەڕۆیانە کەروێشکیان بە عەرابە دەگرت، کاتی ئەوەیان هاتبوو  تۆزێکیان تێ بسرەوێندرێ و لە هارەبەدانێ و سەرەڕۆیی دابەزێندرێن. چونکە سەرەڕۆیی و کەللە سەختیی لەمە زیاتریان، نەزمی داڕێژراوی بەرهەم و مەسرەفی دەشێواند و ڕۆژئاوای تووشی قەیرانی دوایی دەکرد. کە واتە پشێوی و ئاڵۆزی و خرۆشینێکی چەکدارانە لە مەڵبەندی نێوان سێ سنووران کاتی بەجێی هاتبوو.

دەسەڵاتدارانی وڵاتانی هەرێم بە خۆیاندا هاتنەوە و دە قات زیاتر لە جاران خۆیان لە چەک و چۆڵی نوێدا خنکاند. پرۆژەی نیزامی نوێتریان لە خوداوەندانی خاوەن هێزەوە پێ گەییشت. تێڕژانی چەکی نوێ و پرۆژەی نوێ، میزان و تەرازووی جبەخانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تووشی لاسەنگی کرد؛ تێکچوونی لەنگەر و پارالێلی پرۆژە و چەکی نوێ لە مەڵبەند دا، بە قازانجی خوداوەندانی سەرمایە بنەی تازەی دامەزراند و لەماڵی هەژارانی ماڵوێرانی دوو دراوسێ دا شەڕێکی پڕ لە توندی و تیژیی هەڵاییساند. شەڕی چەکی نوێ بەرە بەرە گۆڕەپانی شۆڕشی نەتەوەی دابەشکراوی تەسک و تەنگەبەر کردەوە و خەڵک لێیان قەوما. لە بەری ڕۆژهەڵاتەوە هێزی سیاسی و خەڵکی ئاسایی ڕوویان کردە دیوی گەرمێن ؛ شۆڕشی دیوی گەرمێن ڕاکردووانی بە پانەوە گرتە هەمێز، بەڵام بۆ هەندە کەسانێک کە دەگوترا تاکە کەسن، هەمێزی گەرمتر و نەرمتر و پڕ لە حەسانەوەتری بە ڕوو دا کردنەوە. بەم ئاڵوگۆڕ و هاتن و چوونە کوتوپڕەی کە بەسەر گۆڕەپانی شۆڕش داهات ، سەر و مێشکی یاران و ئەڤیندارانی قەدیمەی شۆڕشی کراوەتر و ئاواڵەتر بۆوەوە. سەر و مێشک کراوەوەکان گەلێ سەری تێداچوویان بە چاو بینی کە کڵاوگەلی زۆر فش و فۆڵیان کرابوویە سەر. گەلێک ڤینگی بە گۆنگەڵیشیان بەچاوی سەر دیت کە خاوەنەکانیان نە قەت ڕێکخراوە بوون و نە قەتیش ئۆپۆزیسیۆن، بەڵام چونکە

ئەستێرەی بەختیان لە سەرانەوە دەگەڵ ئەستێرەی سەرداران هاوجووت بوو، یەکجێ لە سەراندا جێیان بۆ دابین کرا و کەوچکی هەرە مەزنی دەسەڵاتیشیان درایە دەست.

دەگەڵ ئەم ئاڵوگۆڕە، هەڵس و کەوتەکانیش بەرەو گۆڕان چوون و پلە و پایە و دەستەک و بەستەکەکانیش ڕەنگ و نموودیان گۆڕدرا. لە دەقی شۆڕشدا هەڵکشان و چوونە سەری نوێ سەریان لە هێلکە هێنایە دەر و، داکشان و تێکشکانی تازەش توێلکیان هاویشت. گۆڕەپانی شۆڕش لە ئاکامی وەرچەرخانێکی ناگەهانی و بەهۆی نەبوونی بەرنامە، توخمێکی لەمێژ خەوتووی تێدا بە ئاگا هاتەوە و بیرێکی ڕژدی تێدا گوورا.

هاو شان دەگەڵ ئەم ئاڵوگۆڕە بێ پڕۆسەیە، کەسانی وەک فەخرە و ئازاد ، بەچاوی هەندە بەدگومانێکەوە تۆزێک نائاسایی دەهاتنە بەرچاو. هەر چرپە و سرت و خورتێکی شەوانە و دانیشتنێکی ڕۆژانەیان، لەم گوێ بۆ ئەو گوێ دەچوو و بە سەران دەگەییشتەوە. هەستی دڕدۆنگانە، لەم بۆ ئەو تەشەنای دەکرد و گەلێک کوڕی ڕۆژی لێ لەدایک زان.

هەرچەند کە دەنگی نهێن و شاراوە بە گشتی ئاشکرا بوون و بە تێکڕا لە دەوری ڕەنجی ژێرۆک و گەنجی سەرۆکان خولی دەخواردەوە، بەڵام بە باوەڕی کوڕانی ڕۆژ، ئەم چەشنە سرت و خورتانە خسڵەت و ئاکاری کەسانی ناشۆڕشگێڕن کە بۆ هەڵاتن و دەربازبوون، کەڵکی لێوەردەگیرێت. کوڕانی ڕۆژ پێیان وابوو کەسانی سرت و خورتکەر ، ماندووی کەمبوونەوەی ئیمکانییاتی شۆڕشن و ئیتر بۆیان نالوێ لە تەڕی بخۆن و لە وشکی بۆی وەرکەون، کەواتە پردەبازی دەرچوونیان پێویستە و دەبێ دەرچن !

زۆری نەخایاند لە سەرانەوە بە ئازاد ڕاگەیاندرا کە بۆ جەولەیەکی چەند مانگە دەبێ خۆی تەیار بکات و بەرەو مەڵبەندەکانی ژێروو بڕوا. هەر ئەو دەم کە ئازاد و فەخرە دەستەملانی کاتی ماڵاوایی کردن بوون، فەخرە پێی گوت :

ـ کێ بزانێ بەختی یەکتر دیتنەوەمان یار دەبێت یان نا ، بەلام بزانە لە هەر جێ بی و لە هەر کوێ بم، دوانەیەکین و لە یەک ئاو و گڵ داڕژاوین. من هەرگیز لەبیرت ناکەم...

ـ فەخرە!... بە زمانم دانایە ئەوەی دە دڵمدایە... بەڵام منیش هەر ئەوەم کە تۆ خۆت گوتت... منیش دەڵێم جیهانی شۆڕش بە هی وەکی تۆ ئاوەدانە و بەبێ ئێوە وەجاخی کوێرە...

ئازاد ڕۆیشت. بەڵام هێشتا چەند ڕۆژێک لە جەولەکەی ڕانەبواردبوو کە ناخۆش خەوەری شەهیدبوونی ئازاد و هاوڕێیانی، کۆنەبرینی جەرگی فەخرەکانیان وەسۆ هێنایەوە. خەبەر هات کە ئازاد و چەند پێشمەرگە و پۆلێک هاوڕێی ڕنجبەری لادێیی کەوتوونەتە بەر ڕمی(میگ) و سەریان لە ڕێی ئاواتیان داناوە.

مانگ هات و چوو. گەڕ و سوڕی زەوی وەرز و ساڵ و ساڵهای بەسەر دانیشتووانی زەویدا باراند. بەدەم هاتن و ڕۆیشتنی وەرز و ساڵەکانیشدا، خەڵکی ئەم سەر و ئەو پەڕی دنیا هەگبەیان لە ئەزموون ئاخنی و ئەزموونەکانیان کردە زانست و پێی بەختەوەر بوون. چوارچێوەی بچکۆلانەی کۆنە شۆڕشی ناو شاخ و تەلانیش کە بەپێی بەرژەوەندی و مەبەستێکی پڕتاییەت بەرفرەوانتر و زلتر کرابوویەوە، گەرووی گەیاندنی بژیوەکەی بەو دیوی سنوور دا کرایەوە. گەرووی ئەمجارەی شۆڕش وەکی گەرووگەی جاران نەبوو. بە گەرووی جاراندا هەبەس چەک و چۆڵ دەهات و لە گەرمەی شەڕ دا هێزی سەکەوتووی پێشمەرگە دەکێشرایەوە دواوە و لەو دیو نەرم دەکرانەوە و سارد و خاو دەکرانەوە. جارجاریش بەهەڵکەوت و زۆر بە نهێنیٚ ، یەک دوو سیخوڕی پیس دەگەڵ چەک دەهاتن و ژەهریان دەچاند و دەگەڕانەوە . بەلام بە گەرووگەی ئەمجارەکەدا چەکداری تیسکن، بە ئاشکرا بە ڕەوە لوور بوونە ژوور و لە گەرووی شۆڕش دا گەرایان بۆ داهاتوویەکی دووریش دانا.

پان و بەرین بوونەوەی گۆڕەپانی کارەسات، مەیدانی هاتن و چوون و مانەوەی لە فەخرەکان دابڕی و دەستیانی لە تەختە بەست. یارانی ڕاستەقینەی جاران وەک ئامرازێکی بەکارنەهاتوویان لێ بەسەر هات و نەمانیان لە مانیان بە سوودتر کرا. فەخرەش ئەمانەی هەست پێدەکرد و دەگەڵ بۆچوونەکانی ئازاد هەڵی دەسەنگاندن ؛ هەمووی هەڵوێستە تازەکان ئەوتۆ دەگیران و بڕیارەکان چەشنێک ساغ دەبوونەوە ، کە ئازاد لێکی دابوویەوە. ئاڵۆزەبازاڕ بەرە بەرە سۆزی مانەوەی لە دڵی فەخرە و یارانی ئەو دا کاڵتر کردەوە و سەرەنجام بە نابەدڵی چەکیانی پیٚ کردە شانیان و ناچار بە ڕۆیشتنی کردن. ئەودەم کە فەخرەکان لە سەر ڕۆیشتن بوون، کەس پێی نەزانی. گۆڕەپانی خەبات زۆر زل ببۆوەوە و هەقیش وابوو لە مەیدانی فرت و فرەوان کراوەوە دا کەس بە چوون و لاچوونی ئامرازە بچکۆڵەکان نەزانیٚ.

فەخرە چەکەکەی کردە شانی و ڕۆییشت. چەکی فەخرە، چەکی خۆی بوو. هەردی بەرین مەکۆی هاتوچۆی و ئاسمانی بیٚ جەمسەری بان سەریشی سایەبانی بان سەری بوو. دەیتوانی بۆ هەموو لایەک بڕوا و بە هەموو شوێنێکی ولاتدا بخولێتەوە. بەلام دەگەڵ ڕەوتی ڕۆژ هەر ئەمەی یەک نەدەهاتەوە، کە ئەو تەنیا و سەربەخۆ بوو؛ نە بەفەرمانی کەس چاوەکانی دەکەوتنە سەر تێزکەی تفەنگ و نە بە فەرمانی کەسیش، کەسێک لە کەسانی خۆیی لە خاک و خۆڵ دەگەوزاند. پەزی گویٚ داغکراوی هیچ مەزن و میر و بەگ و بەگلەرێک نەبوو. سەگی سەولەخۆری بەر دەرگای هیچ کۆنە چەکمەڕەقێکیش نەبوو کە بە فەرمانیان بحەپیٚ ؛ گورگ بوو ، گورگێکی هاری دژ بە هەلپەرستی.

چەک بەشان و تەنیا مانەوەی هەتاسەری بۆ نەدەگونجا. بەبیٚ چەک بوونیشی بۆ نەدەکرا، چونکە برا و مام و ئامۆزاکانی ئەسەد قەرەچەلی، کە جاران چەکداری بنکەی ژاندارم بوون، هێستایش هەر چەکدار بوون، بەلام ئەمجارە چەکی شۆڕشیان

بەشانانەوە بوو. هیچ مەکۆیەکی ئارامی ئەوتۆشی شک نەدەبرد کە بکرێ بەپێی وتەکانی ئازاد، چەک لە شان دابماڵێت و قەڵەم بداتە دەست هەناری کچی و هەموو هەوڵ و تواناکەی لەو ڕێگا پیرۆزەدا بۆ بتوێنێتەوە کە ئازاد بە ڕەمزی سەرکەوتنی دەزانی. ماوەیەک لەم شار بۆ ئەو شار چوو. ماڵ بە کۆڵی و ژینی نزمی کۆچەری و هەردەم لە شوێنێکیشی بەدڵ نەبوو. ناچار و بە ناچاری، دەستی هەناری سێزدە ساڵانەی گرت و دەگەڵ چەک و چیا و نیشتمانەکەی ماڵاوایی کرد و تێکەڵ بە جەماعەتێک کەوت کە هەموو یەک توخمەی هاووڵاتی ، بەڵام هەزار ڕەنگە بوون. هەموویان پێکەوە ڕێی دەرەوەی وڵاتیان گرتە بەر و ڕۆیشتن. فەخرە و کچەکەی دوای چەندێک کە گەیشتە ئەلمانیا، لە یەکەم یەساوڵخانەی پۆلیسدا گرتیانن. چەند جارانیان سەرخوێندنەوە. فەخرەیان گرت و هەڵیان پێچا و لێیان پرسی و لێیان پرسییەوە کە کێیە و لە کوێوە هاتووە، بۆچی لە ڕۆژهەڵاتەوە پەنای بۆ ڕۆژئاوا هێناوە؟ لە وڵاتەکەی خۆیدا چکارە بووە؟ لە ئالمانیا کێ دەناسێ ؟ لە وڵاتەکەی خۆیدا چکارە بووە و چ ئیش وکارێک دەزانێ؟ جگە لە هەنار چەند منداڵی تری هەیە و دایکی هەنار لە کوێیە و بۆچ دەگەڵیان نییە و... فەخرەش چی بەسەر هاتبوو، لێی نەشاردنەوە و پێی گوتن. هەر ئەودەم هەڕەشەیان لێکرد و پێیان گوت کە ئەوان ولاتەکەی خۆیان بە وەرگرتن و ڕاگرتنی پیاوگوژان پیس ناکەن و دەری دەکەن. فەخرە گوڕە و هەڕەشە و بافیشەکانیانی بەهێند نەگرت و بەدەمیان داهاتەوە.

ماوەیەک لەم قەرولّخانەی پۆلیس و دەمێک لەو ژووره تەنگ و تاریکانە دا دەسبەسەریان هێشتەوە. دیسان گوێی لێ خەواندن و ملی دانەنواند. سەرەنجام و ئاخرسەر، ڕەوانەی شوێنێکی دووریان کرد و خستیانە (هایم)ێکەوە. لە وێندەرێش، ئەگەرچی ژیانێکی تاڵ و گرانیان هەبوو، ساڵ و نیوێک دانیشتن و لەجێ نەجمین. لە لای پۆلیس و دام و دەزگاکەیانەوە توندی و تیژی و لە فەخرەشەوە بێ قیدی و خوێن ساردی و هێمنایەتییەکی بە زیبک و زاکوون؛ ئاخرسەر ڕێیان پێدان و پەنایان دان و بوون بە پەنابەر. هەر ئەوڕۆژەی کە هەنار پێی دەنایە تەمەنی شازدە ساڵی، لە هایم ڕایانگواستن و لە شاری(مونیخ)دا ماڵێکی دوو ژوورەیان پێدان. ماڵەکەیان کۆنەساز بوو. گەڕەک و کۆڵان و شەقام و مەڵبەندەکەشیان کۆن و قەدیمە بوو. دار و دیوار، سواڵەتی سەربان و تەنانەت دار و درەختی شەقام و پارکەکانیشی بە دووکەڵی کارگە و فابریک و بە گازی ترۆمبێل و شەمەندۆفێرە بارکێشەکان ڕەش هەڵگەڕابوون. دەنگی گرمەی کەللەتاسێنی کارگە و فابریکەکان، فیکە و جیکەی لۆکۆمۆتیف و هاژەی بارکێشە قورسەکان، تەنیا دەنگێک بوون کە هاونشینی و هاودەمی هەمیشەیی خەڵکی گەڕەک و کۆڵان بوون. فرخرە و هەناریش زۆری نەخایاند بەو هەوایە ڕاهاتن.

هەر لەو ڕۆژەوە کە لە ئالمانیا دا نیشتەجێ ببوون، هەنار لە هایم و لە هەر شوێنێکی کە لێی مابووبنەوە، بە گوێگرتن و هەست ڕاگرتن و قسەکردن، زمانەکەی وەگەڕ خستبوو و دەگەڵ ئالمانییەکان، بێ گرێ ئالمانیایی دەگوتەوە. فەخرەش سەر و گوێیەکی لێ دەشکاند و کورد گوتەنی (بەڕەی خۆی لە دەم لافاو دەگرتەوە). هەربۆیە، هەرکە لە شاری مونیخ ماڵیان پێدرا و نیشتەجێ بوون، هەنار لە فێرگە دا وەرگیرا و لە بواری خوێندن دا کەوتە سەر شاڕێگە و دڵی پێی شاد بوو؛ فەخرەش بەم دەسکەوتەی هەنار قەندی خۆشحاڵیی لە دڵدا توایەوە و خەمێکی گرانی لە کۆڵ دابەزی. دەگەڵ چوونی هەنار بۆ فێرگە و دامەزرانی لە خوێندن دا، فەخرەش هەر بەو کەتکە زمانەی کە بەبێ مەکتەب و مەدرەسە فێری ببوو، لە کارگایەکی میکانیکیی دەرەوەی شار دا ئیشێکی گرتە دەست و خۆی پێوە سەرگەرم کرد. لە ڕۆژ دا هەشت سەعات ئیشی دەکرد. بەرنامەی ئیشەکەی هەر پانزدە ڕۆژی مانگ لە شەشی ئێوارەوە دەستی پێدەکرد و هەتا دووی نیوە شەو لەسەر ئیش بوو؛ پانزدە ڕۆژەکەی تر لە هەشتی بەیانانەوە دەست بەکار دەبوو و چواری پاش نیوەڕۆ دەستی لە کار هەڵدەگرت و دەگەڕایەوە ماڵ.

ئیشەکەی گران و لەش تاوێن بوو؛ کاتی دەست هەڵگرتن و گەڕانەوەی ماڵ، لەشێکی شەکەت و کوتراوەوەی دەکێشایەوە ماڵ. کاری قورس و گران لەلایەک و لە بەرێکی ترەوە غەریبی و دووره وەتەنی، جەستە و گیانیان پێکەوە دەئەنجنی. لە هەر چوارکەنارانیشییەوە ڕەنجەڕۆیی لە بازاڕی سیاسەت دا، وەک خۆرکە دە گیانی بەرببوو و یەکدەمیش دەست بەرداری نەدەبوو. بەڵام میهرەبانییەکانی هەنار و بە دەور و بەر داهاتن و دڵدانەوەکانی ئەو، هەرچی دەرد و مەراق و شەکەتیی کە باوک لە ژیانی دا چەشتبووی و دەی چەشت، کچ لە بیری دەبردەوە. فەخرەش هەتا گەشە و پێشوەچوونی هەناری لە دەرس و فێرگە دا دەبینی، لە ئاوێنەی خەیاڵیدا سیمای ئارام و ڕەزامەندی هاوڕێ ئازاد ـ ی دەهاتەوە بەرچاو.

هەنار بۆ فەخرە یادگاری شیرین و بەنرخی سۆیبە بوو، هاودەنگ و بناوان و گەرم و گوڕیی ماڵەکەی و، سەرووتریش، تاکانە پەرێزێکی نەرم و نیان بوو کە ئازاد پێی وابوو دەبێ ئەوتۆ زانایانە گۆش بکرێن و پەروەردە بکرێن و دابچێندرێن، کە ئیتر وەک مەزرای داچێندراوی باب و باپیران، بە دڕکەجاڕ دەرنەچن و بەبێ بەرهەمی لە کیس نەدرێن. ڕۆڵەیەک بن کوێرانە پێ نەنێنە جێ پێی قافڵەسالارانی دەڵب و مێشک بەتاڵ و، چیتر بە قەڵبە و داوی داچێندراو دا نەکەون.

هەنار ئەڤیندارانە دڵی بە دەرس و فێرگە دابوو. دڵە ئارەزوومەندەکەی هەر بەس بە کتێب و فێربوون دەکرایەوە. باوکیشی بەم عەشقەوە دەکەوتە سەر هەوا و لە دەمی هەر سەرکەوتنێکی هەنار دا،ئازادە جوانەمەرگەکەی لە خەرمانەی ئەم عەشقە پیرۆزەدا بۆ زیندوو دەبۆوەوە.

گەرمەی گەمای مانگی جۆ زەردان بوو. فێرگەکان ئاخر ڕۆژەکانی ساڵی خوێندنیان دەبردە سەر. هەناریش چەند ڕۆژێکی مابوو کە هەم ساڵی خوێندن بە ئاخر بگەیەنێت و هەمیش شانزدەساڵ لە تەمەن پڕ بکات و پێ بنێتە یەکەم ڕۆژی تەمەنی حەڤدە ساڵی.

ڕۆژی شەممە بوو. فەخرە و هەنار بۆ پشوودان و پیاسە و گەڕان، پێکەوە لە ماڵ دەرکەوتبوون. ماوەیەک لە پارک و شەقام و بازاڕە ڕۆژەکاندا هاتن و چوون. نانی نیوەڕۆیشیان لە چێشتخانەیەکی ڕۆخی زری خوارد. ئێوارە، درەنگ وەختانێک بە گەشت و گەڕان بەرەو ماڵ داگەڕانەوە. بە دەم ڕێگاوە هەنار ڕووی کردە باوکی و گوتی :

ـ باوکە گیانەکەم ! ڕۆژی چوارشەمەی داهاتوو دەبێ بێیتە فێرگەکەم، چونکە مەدرەسەکان بەبۆنەی بەسەرچوونی ساڵی خوێندن و بە نیازی ماڵاوایی، کۆڕێکی جەژن و ئاهەنگێکی مەزنیان بۆ تەرتیب داوین. هەر لەم جەژن و ڕێوڕەسمە دا بڕیارە من لە بارەی کوردستانەکەمان دا بۆ مامۆستا و قوتابییەکان بدویم ... هەروەها تویش وەک باشترین باوکی سەر ئەم جیهانە بە هاواڵ و مامۆستایان بناسێنم... ڕەنگە هەر لەو جەژنەدا چەند هەواڵی لە دڵان خۆشیشت بە گوێ بگات...

فەخرە گوتی :

ـ هەناری گیانەکەم ! هەرچەند کە هێشتا چوارشەمە دانەهاتووە و منیش پیم نەناوەتە ئەو جەژن و ڕێوڕەسمەوە، بەڵام خۆش خەبەری دەمی مامۆستاکانتم لە ڕێی چاوە جوانەکانتەوە پێ گەییشتووە و دەزانم مامۆستاکەنت خەریکن تۆی ئازیزەکەی دڵی خۆمم وەک باشترین کێژ، زاناترین قوتابی و پوخت و پاراوترین کەنیشکی مەدرەسە پێ بناسێنن... من بەم بەشەی کە پێم بڕاوە، شانازی پێدەکەم و سەرمی بۆ دادەنەوێنم و سەرم بۆی لە ڕێدایە... بەڵێ دێم هەنارەکەی دڵم... دێم و بەسەر هەر دوو دیدەکانم ، دێم.

ـ باوکە گیان ! با ئەمەشت لێ نەشارمەوە و پێتی بڵێم کە بە یارمەتیی کەتەرینای دەستەخوشکم ، بۆ دوو مانگەی هاوین ئیشێکم دەست کەوتووە. ئیتر وەک هاوینی پێشوو دەست لە سەر دەست دانانێم. خۆت گوتت کە دایکە پیرەکەی مامە ئازادم تەنیا کەوتۆتەوە و باری گرانی بەڕێچوونی پێ ناچێ بەڕێدا؛ پارەی مانگێکمان بۆ ئەو ...

ـ هەنار چیت پێ بڵێم گیانە!... چی بڵێم ، کە توانایی هیچم نییە بێڵێم پێت! هەر بەس دەڵێم هەنار... دەڵێم تۆ هەموو شتی... هەموو کەسی... داهاتووی ڕوون و ڕووناکی هومێدی. تۆ وێنەیەک لەو هەزارانەی کە مامە ئازادەکەت لە مەدرەسەی مێشکیدا وەک بەردی بناغە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی پڕ لە کەسایەتی

پەروەردەی دەکردن. من هەموو کەسم لە تۆ دا دەبینم هەنار!... سۆیبەکەم ، ئازادەکەم ، ولاتەکەم... تۆ گشت کەسمی هەنار گیان!

کە چوارشەمە داهات و هەنار لە پشت تریبوونی مەدرەسەوە دەنگی هەڵبڕی، هەر دەتگوت ئازادە و لە جەولەکانیدا ڕوو بە خەڵک قسە دەکا. فەخرە بە دیتنی ئەو شیوە ڕوخسارە و ئەو شیرن وتارە، مێشکی ناو کەللەی گەرم داهات. فەخرە لەو دەمەدا جگە لە ئازاد و هەنار، کەسی تری بە چاوی سەر نەدەدیت. پێی وابوو ڕەشایی هەنار کەوتۆتە سەر تارمایی ئازاد و هەر دوو بە یەکدەم و لەیەک دەمدا یەک شت دەڵێنەوە. فەخرە، هەر ئەودەمە بەدڵ ئاواتەخواز بوو لەبری هەنارێک، هەزاران و هەزاران هەناریان بوویایە و باغی هومێدیان بەم هەنارانە وەبەر هاتبایە.

هەر ئەو دەم، سەرپەرشتی فێرگەکە ملوانکەی بە گوڵ چندراوی دە ملی هەنار کرد و باوکی هەناری بە باشترین باوکی پەنابەرانی نیشتەجێی ئالمانیا ناو برد. ئەو ڕۆژە، دوای کۆتایی جەژن و سرودی قوتابییان و دەستەملان بوونی خوێندکار و مامۆستاکان، لێک هەڵبڕان و فێرگەکان بە بۆنەی پشووی هاوین داخران.

هاوێن داهات. هەنار لە سوپەرمارکەتێکدا دەستی بەکار کرد و مزە و مافی یەکەم مانگیشی بۆ دایەپیرەکەی مامە ئازاد ناردەوە. دووەمین مانگی هاوین داهات و ڕۆخ و داوێنی گەرم و نەرمی دەریاکانی دەور و بەری سوپەرماکەتەکە، بە لێشاو سەیرکەر و گەشتیارو کۆچەری تێڕژان. گەشت و پیاسە و ژیانی بەر هەتاوی داوێنی دەریاش گەرمە بازاڕی سوپەرمارکەتەکەی گەرمتر کرد. هەربۆیە، بەڕێوەبەرایەتیی هەموو هۆتێل و سوپەرمارکەتەکان بۆ باشتر بەڕێوەچوونی کار و باری ڕۆژانەیان، چەندین گەنج و لاوی توند و تۆڵی تریان لە شوێنی تر وەرگرت و کاریان پێ سپاردن.

تازە وەرگیراوەکان لە یەکەمین هەفتەی مانگی دووی هاویندا هاتن و دوای دانیشتن و وەرگرتنی زانیاریی گشتی و پێک ناساندنیان، ئیش و کاریان بۆ دیاریکرا و دەکار کران.

هەنار و کوڕە گەنجێکی ئالمانیایی کەوتنە هۆدەیەک و ئیشی چاودێری و ئاگاداریی مەڵبەندی سوپەرماکەتەکەیان خرایە سەر شان. هەر لە یەکەمین تۆقە و قسەدا، کوڕە ئالمانییایەکە دەستی درێژ کرد و گوتی :

ـ ڕۆژ باش !... من هەڵموت ـ م ناوە... تۆ چی ؟

ـ ژیانت باش !... منیش هەنار ـ م ناوە.

ـ لە کوێوە هاتوویت ؟

ـ لە کوردستانەوە هاتووم.

ـ من لە ڕەگەزپەرستەکان نیم، بەڵام هەربەس دەمەوێ بزانم چۆنە و بۆچی هاتوویتە وڵاتی من و کەی بەنیازی بگەڕێیتەوە ماڵەکەی خۆت؟... دەمبوری کە پرسیارەکەم تۆزێکیش ئاماڵ پۆلیسانەیە !...

ـ وڵاتەکەی من داگرتەیە و خەڵکەکەمان ژێردەستەنە. داگیرکەرە دڵڕەقەکانمان بە هەرچی چەک و چۆڵی کە تۆ دەیناسی، پێمان دادەدەن و بەنیازی توناکردن و تواندنەوەمان، لە هیچ چەشنە شەڕ و گوشتارێک چاومان لێ ناپۆشن...

ـ کەواتە ، داگیرکەرانی وڵاتەکەی ئێوە لەباری پیشەسازیی و تەکنۆلۆژیای نیزامی دەبێ گەلێک پێشکەوتوو بن... وایە ؟!

ــ نەخێر وانییە و بە پێچەوانەیە. بەڵام هەرچی چەکی کە ئێوە دای دەڕێژن و دەیخەنە بازاڕی فرۆشەوە، داگیرکەرانی وڵاتەکەمان بە پارە و سامانی میللی، لە ئێوەی دەکڕن و لە جەرگی دابڕاوی ئێمەی دەدەن. ئێمەیش گەلێک جار ناچار دەبین ڕەهەندەی وڵاتانی دەرەوە ببین و پەنا بۆ...

ـ ناچارن پەنا بۆ تاوانبارە چەکفرۆشەکان بهێنن !... وایە ؟!

ـ ئەمە نەکەین، ئەی چی بکەین و پەنا بۆ کوێ بەرین ؟

ـ ئێوەیش چەک هەڵگر و چەك بە دەستن ؟

ـ ئا... پێمانە... چەکمان پێیە، بەلام چ چەکێک؟ چەکی ئێمە هەر بەس ناوی چەکە، چونکە سەرچاوەی فیشەک و کەرەسەی تری شەڕ لە ژێر چۆکی خۆمان دا نین و بۆ هەموو شتێک دەسبەتاڵین جگە لە خواست و ویستی دەروونیمان...

ـ ئەمە نەباشە... چەکی بێ فیشەک و گوللە و دەرمان، بەڵایە... دەبا واز بێنین و سەری خۆمان بەم باسە توند و تیژانە نەخەینە ژان...بەڵام هەنار!... تۆ... تۆ گەلێک جوان و شیرن و لەبەر دڵانی... زۆر شیرینی هەر وەک خورمای عەرەب، بەڵکە شیرین تریشی !...

ـ سپاس هەڵموت! بەڵام ئەگەر جوان بم و شیرین، دەبێ بڵێی جوانی هەروەک گوڵی کوردستان... من هی عەرەب نیم، هی خاکی پاکی کوردستانم...

دە ڕۆژ بەسەر ئاشنایەتیی هەنار و هەڵموت دا تێپەڕی. ئێوارەی ڕۆژی هەینی بوو. ئەو ڕۆژە، پاش کۆتایی ئیشی ڕۆژانە، هەڵموت داوای لە هەنار کرد کە دەمێک لە دەر پێکەوە بن و لە سەیرانگاکانی کەنارەی زرێ دا پیاسەیەک بکەن و ئەگەر بە دڵی بێت، لێوێکیش تەڕ کەنەوە. بەڵام هەنار بە بیانووی بوونی ئیشێکی تایبەت داواکەی وەرنەگرت و خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە کرد. هەڵموت لێی سارد نەبۆوەوە و ئەمجار لێی ویست هیچ نەبێ ڕێی پێبدات بە ماشێنەکەی خۆی هەتا ماڵ بیباتەوە. دیسان هەنار سپاسێکی سەر زمانی لێکرد و ڕۆییشت، بەڵام هەر ئەودەم هەستی بە نیازێکی خەوتووی ناو دەروونی کرد، تەزوویەکی گەرم و تیندارانەی پڕ لە حەز و خۆزیایشی بە نێو دەمارەکانی داهات. لە ڕێگەی چوونەوەی ماڵیشدا، بە پێچەوانەی ڕۆژانی دی، کە دایم بیری لە باوکی و خەم و خواستەکانی ئەو دەکردەوە، بیرێکی

کێشەرتر دەهات لە مێشکیدا ماڵ بگریت و خۆی بەسەر خەونەکانی دا بکێشیت. هەتا لە ماڵ نزیکتر دەبۆوەوە، ئەو وەسوەسە تازەیە هەنگاوەکانی شلتر دەکردەوە.

ڕۆژانە، هەتا هەنار دەگەڕایەوە ماڵ و هەتا فەخرە لەماڵ دەبوو، لە لای یەکتر دادەنیشتن و دوێنێ و ئەمڕۆیان تێک دەخستەوەو لەهەموو بار و بابەتێکەوە ددوان. باوک وەک مۆمێک خۆی لەپێناو ڕۆڵەدا دەتواندەوە و ئەوەی دەیزانی و هەرچی بەسەری هاتبوو، بۆی دەگێڕایەوە. ئەوەندەی لەتوانای دابوو، دەیەویست لە نێوانی هەناری ئاوارەی هەندەران و وڵاتە دوورە دەستەکەیاندا پەیوەندییەک ساز بکات. بەدوای ڕێگایەکدا دەگەڕا، بەڵکو لە شەڕی نێوان دوو کولتور و دوو شێوە خەبات دا ڕەنگی ئەولا بالاتر و ڕەنگی ئەملایە کاڵتر بنوێنێت.

وێنەی کوێستانی چلچەمە و سەرزەمینی تێلەکۆ و هەموو مەڵبەندی گەڵواخی بۆ کردبوویە تابلۆ و لە ژووری خەوتن دا بۆی هەڵواسیبوو. جلک و بەرگی بەری ئافرەتانی وڵاتی کوردانی بۆ ساز کردبوو، خۆراکی خۆماڵیی فێر کردبوو، زۆر جارانیش کە دادەنیشتن، سەنگینی و وەفا و کەرامەتی ئافرەتانی وەڵاتەکایەنی وەک سەرمەشق بۆ دەگوتەوە. هەر ئەو شەوەش کە هاتنەوە ماڵ و پێک گەیشتنەوە، فەخرە دیسان یادی سۆیبەی زیندوو کردەوە و بۆ هەناری گێڕایەوە کە سەرەتای بینین و یەکتر ناسینیان چلۆن بووە و چۆن ئەڤینداران شێت و شەیدا و بێقەراری یەکتر بوون... کە باوکی سۆیبە چیهای دەرد و زوخاو بە دەمی داکردوون و چلۆن دەستی(نا)ی بە سنگی خوازبێنییەکەیەوە ناوە... کە سۆیبە هەر ئەو ڕۆژە لە ژوانگە دا چلۆن ئەڤیندارانی پێی گوتبوو: ... حەیاتەکەم، بمت دەنێ هەر هی تۆمە و نەشمت دەنێ هەر هی تۆمە... گەر بژیم لاوە هەر بۆ تۆ دەژیم، لە مەرگ و نەمانیش دا هەر بەیادی تۆ دەمرم و لەو دنیاش هەر بۆ تۆ هەڵدەستمەوە و هەر بۆت دێمەوە!

ئەم وتەیە چەند جارانی تریش بە گوێی هەنار دا خوێندرابوو. هەموو جارێکیش پلە و پایەی وەفای ئافرەتانی کوردەواریی بە گوێی مێشکی دا خوێندرابوو. بەڵام تامی ئەم جارەی ئەم وتەیە لە گیانی هەنار دا وەکی جاران نەبوو. تام و کێش و حەز و خۆزیای ئەمجارەی لە گیانان خۆشتر و بە تامتر بوو. نەویست و نەخواست، لەش و لاری بەرزی هەڵموت و نیگای تیژی دوو چاوە شینەکانی ئەوی هاتەوە بەر چاوی. بەدەم بیری هەڵموتەوە دەماری ئازای ئەندامی تامەزرۆیانە دەمیان کردەوە و گەزۆی خەست و شیرینی ئەم وتەیان هەتا قوڵایی گیان بردە سەر. سەری هەڵبڕی و هات ڕوو بە هەڵموت هەر ئەو ڕستەیە دووپات بکاتەوە، بەڵام لەپڕ هاتەوە هۆش و دەمی پێکدا تەپی.

هەفتەیەکی تر تێپەڕی و ئێوارەی ڕۆژی هەینی داهاتەوە. کاتی ماڵاوایی کردن، دیسان هەڵموت داوای لە هەنار کرد کە شەو لە سەماگەیەک دا پێکەوە ڕابیبوێرن. هەنار بەنیازی هێنانەوەی بیانوویەک ویستی خۆی لێ دەرهاوێژێ، بەڵام هەڵموت ڕێی لێ بڕی و دەستی خستە ناو دەستی و گوتی :

ـ هەنار خۆشم دەوێی !... عاشقتم !...
هەنار لەرزی. موچوڕکێکی چەشنی تەزووی کارەبای بە تەقی سەری داهات و هەتا نووکی پەنجەی پێی چوو. پەنجەی شووشی هەنار لە ناو دەستی هەڵموت دا ئارەقەییێکی ساردی دەرکرد. زمانەی گڕ و گەرمایەکی تیژ و باریک بە نێو دەمارەکانیدا گەڕا و لەشی وەک لەشی تێداران گەرمای دەردا و ئارەقەی ساردی ڕشت. دەتگوت لە مابەینی خەو و شیاری دایە و خەریکە دەرگای بینینی خەونێکی خۆشی بۆ دەکرێتەوە. نەیدەویست و نەیدەخواست لەم خەوە شیرینە بە ئاگا بێتەوە ... ئەمە یەکەمجار بوو، یەکەم کەڕەت بوو کە ڕستەیەکی گیان بلاوینی وەهای لە دەمی لاوێکەوە پێ دەگەییشت. قەت زەمزەمەیەکی وەها ئارزووبزوێنی بە گوێی گیانەکەیدا نەخوێندرابوو. پێی خۆش بوو ئەم ڕستەیە هەزاران و هەزاران جاری لێ دووبارە بکرابایەوە. هیواخواز بوو ئەم نەوا و ئەم هەوایە بەبێ پسانەوە بە جۆباری ڕەگی خوێنیدا هەڵکشابایە و دەگەڵ سەمفۆنیای ترپەی نائارامی دڵی یەکتریان بگرتایایەوە.
گوڵنمی ئارەقە، گەردەن و گۆناکەیی تەڕ کردبوو. لووتەقیتە خۆش کەشمەکەی ڕێی هاتووچۆی هەناسەی لێ تەنگ ببۆوەوە و پشووی کورت و توند و پەسا پەسای بە ناو دەمە بچکۆلانەکەیدا دەهات و دەچوو. چاوەگۆشەدارەکانی، مەست و خەواڵوو لە هەر دەم وکاتێک ، لە ژێر دوو ڕیزی مەخمەری برژانگە ڕەش هەڵگەڕاوەوەکانی دا تامەزرۆیانە بەسەر یەکدا کشابوون؛ لەم حاڵەدا و بەم دیمەنە جوانەیەوە دڵ و دیدەی تاسەدار و ئارەزومەندانی بۆ سەیر و ڕوانین بانگێشت دەکرد. کەوانەی سەر سنگی بەدەم هەناسە سواری، لەنگەر و ڕاژانێکی لاوکواژانەی گرتبوویە بەر.
هەڵموت دیسان گوتی :
ـ هەنار ! ... خۆشم دەوێی !... زۆرم خۆش دەوێی... ئاشقتم... پێم خۆشە چەند شەوێک پێکەوە ڕایبوێرین هەنار !...
هەنار لەرزی. دڵی پڕاوپڕی هەستێک بوو کە نەیدەزانی ئەوە چییە و لە کوێ هەستاوە و چیی لێ دەوێت. تەنانەت توانای گوتن و دەم کردنەوە و دەربڕینیشی لێ بڕابوو. هەر ئەوەندەی لێ بە ئاگا بوو کە لە قولایی نهێنخانەی دەروونیدا شتێک دەیهەوێت بپشکوێت؛ ئەو شتە سەیرە تامی تەم و خەم و خۆشییەکی خنکاوی لێ دەهات. دەتگوت کۆنە برینێکی تازە سارێژ بۆوەوەی لە دڵدایە و، ئەو زامە قوڵە داوای ماڵین و داماڵینێکی نەرم و نیانی دەکات. لەش و لاری لە ناودەمی حەزیایەکی تێدارانە دا دەکوڵی و ئارەقەی دەڕشت. برژانگەکانی بەسەر دوو دیدە مەستەکانی دا قورساییان دەکرد و خەوێکی ئارەزوومەندانی بانگی دەهێشت. بە دڵ پێی خۆش بوو ئەم بار و دۆخە ئەبەد زەمان و بەر و بوو درێژ بمابایەوە و زەمزەمە دڵنەوازەی دەنگی هەڵموت قەت لە بن گوێچکەی نەبڕێت.

پەنجەکانی هەڵموت بە بەر شلکەی نێوقەدی هەنار دا خزی و بەرەو سەر چوو. هەر لەم حاڵەشدا بە گوێی دا چرپاند:

ـ هەنار ئاشقتم! خۆشم دەوێی!... تۆ بۆچ دەنگ ناکەیت هەنار؟... بۆچ وا سڕ و بێ هەستی !

ـ بەسکە هەڵموت!... بەسکە گیانە! تا بە ئێستا کەس ئەمەی پێ نەگوتوم ... ئەمە یەکەم جارمە هەڵموت...

هەڵموت توندتری گرتە هەمێز و دەمی بۆ ژێر گەردەن و گۆناکەیی برد و بە هەوا دەنگێکی چەشنی نەرمە شەپۆل، ورینگەی هات :

ـ هەنار دەمەوێی... خۆشم دەوێی ... ئاشقتم !

هەنار چاوەکانی خستە سەریەک و تەڕایی و نمی ئەسرینیان تێگەڕا. دەمی کردەوە و بە دەنگێکی کێشداری ناسک ، وەرامی دایەوە :

ـ هەڵموت ! خۆشم دەوێی... دەت پەرستم وەک خودا... وەک سەنەم... پێم خۆشە لە ناو هەمێزە گەرم و گڕدارەکەت دا بتاوێمەوە و نەمێنم...

هەڵموت باوشی پێداگرت و هەڵی مژی. هەنار لە باوش هەڵموت دا توایەوە. لە سەر پەنجەی پێ تۆزکاڵێک هەستا و دەستی هاویشتە دەوری ملی و، ئەویش توندتر و تاسەدارانەتر لە هەڵموت، هەڵی مژی. هەڵموت دەستی هەناری گرت و کەوتە ڕێ. هەنار وەک دەخەوکراوێکی ژێر حوکمی مغناتیسی، تینی لە فەرمانی هەنگاونانی هەڵموت وەردەگرت و بە ڕێدا دەڕۆیی. شەقامێکیان بڕی ، لە جەمسەری شەقامی دووەم، هەڵموت لە پەسیوێک دا دەرگای ماشێنەکەیی بۆ کردەوە و هەناری سوار کرد و کەوتە ڕێ. هەنار وەک پەیکەرەیەکی داتاشراوی زێوین، بەڕواڵەت مات و بێدەنگ پاڵی دابۆوەوە. لەپڕ فرمێسک بە سەر ڕوومەت و دەمیدا تکانەوە و دواییش بە کوڵ گریا. هەڵموت لە گۆشەیەکی شەقامدا ڕایگرت و سەرسوڕماوانە سەیرێکی هەناری کرد و گوتی :

ـ ئەوە چتە هەنار!... بۆچی دەگری؟ ژانت هەیە؟... ناسازی ؟

ـ نا ، هەڵموت هیچ نییە و چ نەقەوماوە... من ... خۆم ... هەر بۆ خۆم دەگریم.

ـ سەیرە ! زۆر سەیرە... دەتەوێ چی بکەین و بو کوێ بچین؟ دڵی تۆ چ دەخوازێت هەنار؟ هەرچی تۆ دەیخوازی پێم بڵێ... من دەگەڵتم و ئامادەم بۆ کردنی ...

ـ پێمخۆشە بچمەوە ماڵ هەڵموت...

ـ ماڵی من ، یان ماڵی خۆتان ؟

ـ ماڵی خۆمان.

هەڵموت لە شەقامەکە وەرسووڕایەوە و بە دوو شەقام ئەولاتردا ڕێی ماڵی هەناری گرتە بەر. لە گۆڕەپانەکەی بەرماڵی هەنار دا ڕایگرت و لە ماشێن دابەزین. هەڵموت باوەشی پێداگرت و دەمی بۆ ژێر گەردەن و گۆنای هەنار برد، بەڵام هەنار

نەیهێشت و بە توندی لە کەمەندی هەمێزی هەڵمووت دەرپەڕی و بەدەم هەنیسکانەوە ڕێی ماڵی گرتە بەر.

هەنار بە دڵپڕی و پەرێشانحاڵی گەیشتەوە ماڵ. هەرکە دەرگای ژووری ماڵی کردەوە، لە بەر دەرگاوە لە پڕمەی گریانی دا و بەهەموو تواناوە گریا. چ ماوەیەک گریاو چەندە گریا، نەیزانی. هەر بەدەم هەنیسکدانەوە خەو بردییەوە. لە خەویشدا گیانەکەی ئاڵۆز و خەونەکانی پڕ لە هاشە و پاشە بوون. یەک دوو جارانیش بە وڕێنەی پەرێشانەوە لە خەو خەبەری بۆوەوە. هەنار لە ماڵدا تەنیا بوو. باوکی بەپێی بەرنامەی کاری مانگانەی لە شیفتی دوو دا کاری دەکرد و درەنگ وەختانێک دەگەڕایەوە ماڵ.

سبەی بەیانی، بەپێچەوانەی ڕۆژانی تر، زووتر لە خەو هەستا. ئاوێکی بەخۆیدا کرد و دەستێکی بەخۆیداهێنا. زۆریشی هەوڵ دا خەمی دوێ شەو لە بیر بکات، بەڵام نەیتوانی و نەکرا وەک جاران لێو بە بزە و دەم بە قاقای پێکەنینەوە بۆ باوکی بچێت. باوکی هێستا لە خەو هەڵنەستابوو. دیار بو دەستەملانی خەوێکی قورسی دوای ئیشە و ئەگەر لێی گەڕێن، بەو زوانە بە ئاگا نایەتەوە. بەڵام دەنگی هاتن و چوونی هەنار و تەق و ترۆقی نێو چێشتخانە، خەوەکەی مقەست بڕ کرد و لە خەو خەبەری کردەوە.

هاتن و هەروەک هەمیشە بۆ خواردنی بەرچایی ڕوو بەیەکتر دانیشتن . لە دانیشتن و خواردنەکەشی دا، هەنار وەک جاران بە گوفت و گۆ و دەم پڕی پرسیا و وەڵام نەبوو. شەکەت و پەس و بێ حاڵ دەهاتە بەر چاو. دڵی فرخرەش بە بینینی ئەم گرژی و دژییەی هەنار، خەمی لێ نیشت. فەخرە هێدیانە لێی پرسی :

ـ هەنارەکەم!... بەهارەکەم چییە، چیتە؟ بۆچ ئیمرۆ بەهارەکەی من ماتە و زەردەی بەدەمدا نایە؟ پێم بڵێ بزانم هەنارەکەم، ئەگەر ناسازی، ئەگەر حاڵت باش نییە، لە ماڵ بمێنەوە با من لە دەوری سەرت بگەڕێم و نەهێڵم ناسازی پەل و پاڵی من بشەمزێنێ...

ـ نا، باوکەگیان ئێستا باشم و تەواوم. دوێ شەو شان و ملم ژانێکی هەبوو کە ئەویشم بە خەوتنێک دەرمان کرد و ئێستاکە باشم.

فەخرە هەناری گرتە هامێز. یەکتریان ماچ کرد و هەنار بەرەو کار لە ماڵ هاتە دەر. لە ماڵ هاتە دەر، بەڵام باوی هەنگاوی بۆ ئیش نەدەچوو. پێی خۆش بوو شوێنێکی دوور لە ئاوەدانی بۆ هەڵکەوتبایە و کوڵی دڵی تێدا ڕشتبا. بەدەم شەڕی دەروونەوە خۆی هاویشتە ناو پاسی ژمارە 147ەوە و بە تەنیایی دانیشت. لە دڵدا کەوتە خۆ دواندن: باوکم لە هەموو کەسێک ئازیزترە بۆم. هیچ خۆشی و حەسانەوە و تام و چێژێکی لەم ژیانە پێ نەبڕاوە. لەسەر ئەم کاولە دنیایەدا بەشی ئەو هەر دەرد و داخ و حەسرەت بووە. ئاواتی وەدی نەهاتووی زۆرن؛ وەدی هێنانی هەموو ئاوات و ئارەزووەکانیشی خستۆتە سەر شانی من و، گشتی بەمن ئەسپاردوون. من

چاکی هەموو نەزر و نیازەکانی ئەوم و پریسکەی هومێدەکانی خۆی بە منەوە هەڵواسیون. دەزانم نیازی دڵیشی چەندە پیرۆزن و چەندە بەڕێزن. ئەو هەرچی دەیخوازێ و هەرچی لە کانگای دڵی دا خەوتوون ، هەموو لە ئەوپەڕی پیرۆزی دان. سەرجەمیان خەونی بەختیاری و ئاواتی سەرکەوتنی گەلەکەیەتی. ئەو بۆیە بۆتە دنەدەری من و بۆیە خۆی دەبەر من دەمرێنێ، کە خۆی دەرفەتی گەشە و دەرەتانی خوێندنی لێ براوە. باوکم چەندە بەلای منەوە ئازیزە، ئاوات و ئارەزووەکانی سەد چەندان بۆ من بەرز و پیرۆزن... بەڵام هەڵموت؟... ئەی هاوار هەڵموت! ئەی کە شۆخ و دڵگری هەڵموت!... ئەی هاوار کە شەشدانگی مەڵبەندی دڵی منت پڕ کردووە و ڕێی هەڵاتنت لێ بڕیوم.. تۆ چ نەمامێک بووی کە لە بەر دەمم ڕوای و بۆچی ڕەگ و پنجت لە ناخی خۆشەویستیم گیرکرد؟ خۆزگە قەتم نەدیتبایەی و قەت دەنگت پێم ڕانەگەیشتبایە. دەنگەکەت دڵم دەبا، شێت و هارم دەکا. دەستەکانت هەتوانیان پێوەیە و زامی هەرە قوڵی دڵەکەمی پێ سارێژ دەبێ. وەی ژیان چەندە تاڵ و تفتی! خۆزگە ڕێی ئەم وڵاتەمان قەت نەهاتبایە بەر... خەڵکی ئەم وڵاتە چەندە بێ خەم و خەیاڵن، هەردەڵێی ژینەوەری کێوین؛ نە باوک بۆ ڕۆڵە دەگری و نە ڕۆڵە بۆ باوک. هەرکەس بۆ خۆیەتی و کەس بۆ کەسی تر ناژی... بەڵام ئێمە وانین؛ من بۆ خۆم و بۆ باوک و دایکم دەگریم، بۆ خزم و کەسی دوور و نزیکم دەگریم، بۆ وڵات و کۆڵان و گوند و بێستانەکەشمان دەگریم. ئێمە لەمێژە دەگرین، بەڵام سەیرە!... زۆر سەیرە! ... لەمێژە دەگرین کەچی بە هەموو گریانی لەمێژینەی ڕۆژگارانمان هیچ دەرد و مەرگێکمان پێ چارەسەر نەکراوە. هەردەڵێی ئەسرینەکانمان زنەی درۆزنەن و لە کەندی وڵاتی بێ بەهار دێنە دەرێ... چاوەکانمان وەک قاپۆڕی هەڵۆڵن، ئاو بۆ دەر و دراوسێ دەردەدەن و خۆیان بۆ خۆیان بێ خێرن... نەخێر من هەر بۆ باوکم بە پەرۆشم. من دەگەڵ خەمی باوکم و وڵاتەکەم ناسیاوترم و باشتریان پێ دەچارێم... من دڵی خۆم دەگوژم. من پێ دەخەمە سەر ویستی دەروونم و بێچوولەی هەوەس لە ژێر پێمدا دەپڵیشێنمەوە... هەڵموت!... ئەی هاوار لەم هەڵموتە ماڵوێرانەش !!...

هەنار هێشتا لە زۆرانبازی و شەڕی دەروونی بەلایەکدا نەکەوتبوو، کە پاسەکە لە گۆڕەپانی بەر سوپەرمارکەتەکەدا ڕاوەستاو زۆربەی دانیشتوان لێی دابەزین. هەناریش لە خەستایی شەڕی دەروون جیا بۆوە و لە پاس دابەزی. لە هۆڵی کاریش دا دوای تۆقەیەکی کورتی عادەتی دەگەڵ هاوکارەکانی، بەرەو هۆدەی کارەکەی چوو. لە چوونی ژوور دا، وەک قورسەکێکی گرانیان بە پەڕەی دڵیەوە هەڵواسیبێت، توانای هەناسەکێشان و پێی ڕۆیشتنی نەبوو. لە هەناسەکێشان دا، خەم وەک ناسۆرێکی قورس، قورگی دەگوشی. لینگیشی بە ئاهەنگی دڵی دەلەرزی. بەم حاڵە بێحاڵەیەوە دەرگای ژووری کاری کردەوە و بە ئاسپایی گوتی:

ـ ڕۆژباش هەڵموت !

هەڵموت وەک قەتی نەناسیبێ، بەبێ سەر هەڵبڕین و سەیرکردنی، سارد و هاکەزایی وەرامی دایەوە :

ـ ڕۆژباش هەنار !

... هەی هاوار و هەی داد! هەڵموت بۆچە وایە؟ دەڵێی لێم لالووتە !... خۆ هیچ نامدوێنێ و ڕوویەکیشم تێ ناکات... دەڵێی لێم نەبانە !

لە پشتی مێزەکەی دانیشت. دەفتەر و قەڵەم و کەلوپەلی بەردەستی ڕێک و پێک کردەوە و لە ژێر چاوانیشییەوە سەیرێکی هەڵموتی کرد. هەڵموت سەرگەرمی نووسینی بەرنامەی ناوەوەی سوپەرمارکەتەکە بوو. هەر لەوێوە، بەبێ هیچ سەرهەڵبڕین و سەیرکردنێک گوتی :

ـ دوێ شەو خاس خەوتی هەنار ؟

ـ زۆر باش !

ـ بەڵام پێت نەگوتم دوێنی چیت بوو هەنار! بۆچی لەپڕ گۆڕای و تووشی ئەو پەژارە و خەفەتە بوویت و... ؟!

ـ بۆ گوتن نابێ هەڵموت !

ـ سەیرە!... زۆر سەیرە! ئێوەی ڕۆژهەڵاتی سروشت و تەبیاتێکی فرە تایبەتیتان هەیە. خوداکەشتان دەگەڵ خودای ڕۆژئاواییەکان یەک نایەتەوە...

ـ ڕاستە هەڵموت، ڕاستە!... ئێوە و ئێمە نابینە یەک. ئاو و گڵی ئێمە خاکەی خەمی تێکراوە و هەوێری ئێوەی بەختەوەر بەئاوی بەختیاری گیراوەتەوە. ئێمە دوو تەونی لێک جیاین. ڕایەڵ و پۆ و تەنانەت دارهەنە و کەلکیت و نەخش و ڕەنگ و نیگەرەکانیشمان لێک جیانە... نەخێر... نەخێر! ئێوە تەونێکن لەمێژە چوارچێوەی دارهەنەکەتان فڕی دراوە. ئێوە دانە دانە و یەکا یەکتان بەپێی توانا و بەگوێرەی پێزی کارامەییتان گەشە دەکەن. هیچ لەمپەر و ئاستەنگ و کەند و لەندێکتان لە بەر پێ دا نییە. لەش و لارتان بە تەلبەندی هیچ سنوور و کەوشەن و لەمپەرێکەوە چۆڵەپێچە گرێ نەدراوە. ئێوە ئازادن وەک شنە، وەک هەور، وەک دڵۆپی باران. بەڵام ئێمە چی هەڵموت؟!... ئێمە بەستراوینەتەوە. من بەستراومەتەوە، باوکم بەستراوەتەوە و نیشتمان و دار و بەرد و جڕ و جانەوەراتەکانیشمان بەستراونەتەوە و هیچ کەس و هیچ شتێکمان ئازاد و سەربەست نییە و نین...

ـ من نازانم... من ئەمانەی کە تۆ دەیان بێژی، تێیان ناگەم؛ نایش خوازم مێشکی خۆم بەم گرفتانەوە گرفتار بکەم. ئەوانەی هەنار گوتی، گرفت و کێشەی خۆیانە و خۆیان دەبێ چارەسەریان بکەن. باوکی من مەیخۆر و دایم سەرخۆشێکی ماڵوێرانە و قەت نازانێ کێ کاربەدەستە و کێ لەسەر کارە. بەیانان کە هەڵدەستێت، هەرچی دێتە بەردەستی و هەرچی دەی درێتێ، دەیدا بە ئارەق و خۆی پێ سەرخۆش دەکا. ئەو خۆی بۆخۆی ئەم بەزمەی بەسەر خۆی هێناوە و دەبێ خۆێ پێی بسووتێت. بەڵام من وا نیم و ئەو ئاکارەم پێ چەوتە و نایکەم. هەربۆیە بە دووساڵ و سێ ساڵیش

باوکی خۆم نەبینم، هیچ خەمێکی دڵم ناگەزێت. ئێوەیش لە کۆمەڵگاکەی خۆتاندا ڕەنگە گەلێک ژان و برک و ئێش و ئازاری وەهاتان هەبێت، کە ئێمە لێی بێخەبەر ماوین. بەڵام ئێستێ تۆ لە باوەش وڵاتێکی ئازاد و ئاواڵە و دیموکرات دا دەژیت. گەر تۆیش خۆت بیخوازی، دەتوانی بەندو بەست و کۆت و بەندەکان لەدەست و پەل و ئەستۆی خۆت دابماڵیت و خۆت یەک لایەنە بکەیتەوە. لە وڵاتی مندا هەرچی لە یاسا و قانوون دا نوسرابیت، بە کردەوەش دەکرێ و موی لێ لارنابێتەوە. هەر بە پێی ئەو یاسایەش تۆ وەک تاکێک بۆت هەیە شێوەی ژیانی خۆت دستنیشان بکەیت و ئازادییەکانی خۆت وەرگرییەوە.

هەنار خۆی خواردەوە. سەری بەسەر ئیش و کارەکەی داگرت و بێدەنگ دانیشت. لە بارەگای مێشک و ئەندێشی دا هەموو ڕابوردووی لەخەم خەوتووی باوکی هێنایە بەرچاو. لەم یادەوەرییە دا، شان بەشانی ئەو، خەرمانەی ئاواتی وەدی نەهاتووی مامە ئازادی جوانەمەرگیشی پەپکەیەکی خەمناکانەی دیار بوو. لە دڵدا گوتی:... نەخێر!... هەزاری وەک هەڵموت و هەزاران مەیل و ئارەزووی گەرم و گڕداری ناو دڵم دەبەر ئاواتە پیرۆزەکانی ناو مێشکی کەللەی باوکم دەمرێنم. ئیتر هیچ شتێک ناتوانێ لە ڕێ دا لارم بکاتەوە و ئاواتەکانم لە دڵ بستێنێت. من ئێوە دەکەم بە فیدای خواست و ویستی پیرۆزی مامە ئازادم ... هەڵموت تۆ چ دەتوانی ڕێم لێ بگۆڕی و بمکەیتە کایەکلێی دامرکاندنەوەی ئارەزووی ناو کەللەی پوکت!... نەخێر من نێچیری ئەم ڕاوبەتاڵەی ئێوە نیم و نابم... نەخێر من لەم بوارە بە دوورم و بۆ ئەم کارە ناشێم...

هەڵموت سەری هەڵبڕی و لێی پرسی :

ـ بیر لە چی دەکەیتەوە هەنار؟ بۆچ ژیانی خۆت لە پێناو خەیاڵی بەتاڵ دا دەگوژی؟ ... هەنار هەر دەڵێی تۆ لێرە، لەم وڵاتەدا ناژی و هێستایش کە هێستایە هەر بەند و یەخسیری بە کولتوری نەتەوەیی خۆتانەوە. ئەمەش بزانە کە کولتوری وڵاتانی لای ئێوە لێرە دا زەلیل و کۆیلەی کولتوری زاڵی وڵاتەکەی ئێمەیە و ئیمڕۆ نا سبەی دەتاوێتەوە. کولتوری وڵاتی من هێز و فەرمانی ڕاەوستان لەو یاسایە وەردەگرێت کە دەسەڵاتی لە پشت سەرە، بەڵام کولتوری ئێوە لێرە کز و کەساسە و مەحکوم بە لاچوون و تێداچوونە. هەنار تۆ لەژێر ئاسمانی کولتوری ئەم وڵاتە دا هەناسە دەکێشیت و یاسای وڵاتەکەی من ڕێت پێ دەدات هەموو مافی تاکی خۆتی تێدا دەستەبەر بکەیت... تۆ هەر لەو ڕۆژەوە کە پێت ناوەتە ئەم وڵاتە و بە پەنابەرێکی پەناگرتوو وەرگیراوی، ئەم مافەشت پێدراوە کە بە ئارەزووی خۆت ژیان بەریتە سەر و بە ویستی خۆت هەڵس و کەوت بکەیت... گوێ بگرە با پێتی بڵێم هەنار!... تۆ ئێستێ لە تەمەنێک دا دەژیت کە بەهاری ژینی پێ دەگوترێ. ئەم بەهارە گەلێک کورت و تیژ تێپەڕە. ئەگەر ئەم بەهارە بێ وەفایە بە فیڕۆ لە کیس

بدەیت هەنار، پرسەداری و دەست لە ئەژنۆدانی دوایی هیچ کەڵک و سودێکی نییە...

هەنار بە توندی قسەکەی لە دەم ئەستاندەوە و گوتی :

ـ نەخێر هەڵموت تۆ هەڵەی! تۆ بۆت نییە هەموو جیهان لە چوارچێوەی پەنجەرۆکە ئەفسانەیەکەی خۆتان دا ببینیت. ئەم مافەی کە کولتوری وڵاتەکەی تۆ بە ئێوەی ڕەوا بینیوە، داوێنی گەلێک کورتە و بەسەر ئێمە ناکشێ. تۆ کە قەتت خەم نەچەشتووە، کوا کەی لە دەرد و برک و ژان و خەم دەگەی؟!... ئێوە شەوانێکی خۆشتان هەیە و بە شوێن شەوانی خۆشی پڕ لە سەرخۆشیتاندا ڕۆژانێکی خۆشترتان بۆ لە هەوران دادەبارێ. خوناوکەی حەسانەوەی چوار وەرزیساڵتان بۆ دەستەبەر کراوە... تۆیش ئەمە بزانە هەڵموت کە هەموو حەسانەوەکانی وڵاتی ئێوە ، بەڵا و حەزیای خۆشی و حەسانەوەی کۆمەڵگاکانی ئێمەن. گەر ئیمە نەبین، ئێوە وشکن؛ لە هەموو بیر و بۆچوون و قسەکانت دا هەر ئەمەت ڕاستە هەڵموت، کە ئێوە خاوەن زێڕ و زۆرن و، ئێمەیش هەژار و مافنگییەکانی بەردەستی ئێوەین. بەڵام تۆ و وڵاتەکەت هەرچی هەن، با بن، ئیتر دەمت لە ئاستی من ببەستە و دەست لە من هەڵگرە!...

ـ ئێ باشە هەنار!... باشە، ئەمە شەڕی پێ ناوێ، بەڵام هەتا لەم ژوورەدا پێکەوە هاوکار و هاواڵین، بۆم هەیە بت دوێنم و لە گەپ و گەمەکانتاندا بەشدار بم !... خۆ ناکرێ لە ژوورێکدا هاوکار بین و دەمم ببەستی و قڕ و قپم بکەیت!... پێم وایە تۆیش ئەم مافەم لە چنگ ناستێنی هەنار!...

ـ نا ، نەخێر هەڵموت... من هەرگیز ڕێ بە خۆم نادەم مافی سروشتیی هیچ مرۆڤێک پێشێل بکەم... من و تۆ دەکرێ وەک دوو هاوکار، وەک دوو دۆستی باش، تەنانەت وەک خوشک و برایەک یەکترمان خۆش بوێت و لە دەرد و برک و ژانی یەکتر خەبەردار بین... هەر نەک ئێستا، بەڵکە دوای کۆتایی هاتنی هاوینەکارەکەیشمان هەر دۆست و برادەری یەکتر بین...

هەفتە هات و هەفتەی تری بە دواداهات و هاوین و ئیشی دوومانگەی هاوێنیش کۆتایی پێهات. هەنار و هەڵموت و سەرجەم برادەر و هاوکاری تازە و کۆن ماڵاوابیان کرد و لێک هەڵبڕان.

بە تێپەڕینی هاوین، فێرگەکان یەکەمین زەنگوڵەی دەست پێکردنەوەی خوێندنیان لێدا و دەروازی زانست و ڕاهێنان و پەروەردەکردن بە ڕووی خوێندکاران دا کرایەوە. هەناریش وەک تاکێکی کۆمەڵگای ئالمان بەرەو خوێندنگە بزووت و دیسان دەستی بە کتێب و قەڵەم گرتەوە و هاتوچۆی نێوان ماڵ و خوێندنگەی دەست پێکردەوە، بەڵام لە نهێنخانەی دەروونیدا بۆشاییەکی مەزنی ماڵوێرانکەر ببوویە خانەنشینی شەشدانگی گیانی و هەناوەکەیی داگیر کردبوو. ئەم بۆشاییە لە ناوەوە دەیخوارد و بۆشایی ڕەش و گەورەتری پێک دەهانی. ئیتر وەک جاری جاران دەم بە بزە و لێو بە

پێکەنین نەبوو. هات و هاوار و خرۆشینەکەی جارانی، نە لە ماڵ و نە لە خوێندنگە پێ نەمابوو. چەشنی ئاگرەگڕەیێکی ئاو پێداکراو، سارد و خامۆش و دامرکاوەوە، هیچ گەرمی و گەرمایەکی پێ نەمابوو. باری گرانی یادی هەڵموت بەدایم قورسایی دەخستە سەر دڵی و حەزی دەکرد هەمیشە تەنیا بێت و هیچکەس سەردانی نەکات. تەنانەت گەلێک جاران دانیشتنی لای باوکیشی دەروونی دەڕووشاند و بە بیانووی دەورکردنەوەی دەرس، پەنای بۆ ژورەکەی خۆی دەبرد و بە سەعاتان لە یەک حاڵ و بار و دۆخ دا دەمایەوە. خواردن و خواردنەوەکەیشی لە کەمێی دابوو. ڕەنگی ڕواڵەتیشی گۆڕانێکی بچووکی بەسەر داهاتبوو. فەخرە هەمووی ئەم ئاڵوگۆڕانەی بە چاوی سەر دەدیت و لە پەرێشانی و ماتی و بێدەنگیی هەنار گەلێک دڵ بە پەژارە و خەمگین بوو. بەتایبەت کە دەیزانی ئەم دیاردە دزێوە کوتوپڕ و ناگەهانی بۆتە میوانی ماڵەکەی و ئەگەر دەست و بردێک نەکات و ڕێچارەیەک نەدۆزێتەوە، خۆی و هەنارەکەی تێدا دەچن. هەر بە هومێدی دەرچوون لەم کەلەبەرە و بۆ گەڕاندنەوەی ئاو و ڕەنگی جارانی نێو ماڵ، ڕۆژێک دوو سوێسکەی لە دوو قەفەس دا بۆ کڕی و لە بەر بێڵا بۆی هەڵواسی. ڕۆژێکی تریش پیانۆیەکی بۆ کڕی و لە ژووری خەوکەی بۆی دانا. داوایشی لێکرد کە لە هەفتەدا چەند ئێوارەیەک بچێتە فێرگەی مۆسیقا و پەنجەکانی لە مۆسیقادا بەتاقی بکاتەوە. بەڵام خەمی هەنار بە بینینی دوو باڵندەی سەرکزی ناو قەفەس تەمی لا نەچوو. دەنگی موسیقاش تۆزو غوبارێکی لە حاڵی بەلەنگازی ئەو نەتەکاند.

لەلایەک خەمی گران و شاراوەی خۆی و، میهرەبانی و خۆفیداکردنەکانی باوکیشی لەبەرێکی ترەوە، شەڕگەیەکی وەها گەورەو گرانیان لە مەزرای دەروونی هەنار دا ئاوەدان کرابۆوە، کە لە یەکدەم و لە یەک قاپێلک و لەش و لار دا، دەبوایە دەوری دوو سەربازی شمشێر بەدەست ببینێت و دژ بە دوو ویستی خۆی و باوکی بەردەوام لە شەڕ دابێت. هەربۆیە لەم مەیدانە شەڕە دا نە پیانۆ و نە دوو سوێسکەی یەخسیری ناو قەفەس، هیچیان نەیانتوانی لە شەڕی دەروونیی ئەو دا ئەهوەن کەرەوە بن. دوای چەندێک هەنار داوای لە باوکی کرد و پێی گوت کە دڵی هەڵناگرێ هیچ ژینەوەرێکی زیندوو لە بەند و زیندان دا ببینێت؛ باوکیشی سەلماندی و ئێوارەی ڕۆژێکی هەینی سوێسکەکانیان بردە لێرەوارێکی دووەردەست. باوک و کچ ، هەریەک بە نیاز و هومێدێکەوە، دەرگای قەفەسەکانیان کردەوە و سوێسکەکانیان ڕزگار کردن. پیانۆکەش ماوەیەک بەبێ پەنجە بەسەر داکێشانێک، لە ژوور دا تۆزی خوارد و مایەوە، ئاخرسەر بەخواستی خودی هەنار، ئەویش بە قوتابخانەیەکی منداڵانی وەپاشکەوتوو بەخشرا.

فەخرە بەردەوام بیری لێ دەکردەوە و بە هەموو تواناوە تێدەکۆشا کە سەرچاوە و هۆکاری پەرێشانییەکانی هەنار بدۆزێتەوە و ڕێچارەیەک بۆ تواندنەوەی ئەم کێشەیە ببینێتەوە. لە یەکەم هەنگاو دا هاتە سەر ئەم بیرە کە تەنیایی و بێکەسی

هەناری ئەنگاوتووە و ئەگەر دەست و بردێک نەکا و هاودەنگ و خەمخۆرێکی بۆ نەدۆزێتەوە، لەوانەیە کەساسی و کزی لێی ببێتە خانەنشینی یەکجاری و ڕێی ژیانیان لێ تەنگەبەرتر بکاتەوە. هەربۆیە لە یەکەم هەل و دەرفەت دا هەوڵی دا دەستێک لە بەرنامەی ئیش و کارەکەی وەربدرێ و تەواوکار بکرێتە شیفتی بەیانانە.

فەخرە چەندجاران سەری لە بەڕێوەبەرایەتیی کارگاکە هەڵێنایەوە و بۆ پێ سەلماندنی کێشەیماڵی خۆی، هەزار شێر و ڕێوی بۆ تێک خستنەوە، بەڵام بەڕێوەبەرایەتیی کارگە داواکارییەکەی فەخرەی وەرنەگرت و وەڵامی ڕەتی پێ دایەوە.

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەمە بوو. یەکەم بەفری پاییزی کلو کلو، زۆر بە هێوری دەباری. دنیا مەنگ و ئارام بوو. کلوی بەفر لە بەرازییەوە چەرخ و خولیان دەدا و بە سەماکردن لەباخەڵ یەکتردا دەڕژانە خوارەوە. بەرەبەرە چڵ و پۆپی بێ گەڵای درەختەکان بەبارینی بەفر سپی دەبوون و لە ژێر باری قورسی بەفری ئاودار دادەهاتن.

ئەو ڕۆژە، ئەگەرچی هەنار هیچ ئەندامێکی لەشی ژان و ئازارێکی تێدا نەبوو، بەڵام تاقەتی مانەوە لە خوێندنگەی لێ بڕا و بە بیانووی ناسازی زووتر لە ڕۆژانی تر هاتەوە ماڵ. باوکی لەسەر ئیش بوو. تاوێک دانیشت و چاوی دە هێڵی بێ پسانەوەی بارشتی بەفر بڕی. چاوەکانی لە باوەشی سەمای کلوی بەفر دا شەکەت بوون و گیانی هاتە ورووژان. لەپڕ هەروەک بنیادەمێکی ئەلەکتریکی دەستی بۆ تەلەفوون برد و پەنجەی بەسەر ژمارەکان دا گەڕاند. ئیستێک ڕاوەستا. لەوبەری تەلەوە کەسێک بە دەنگێکی نیوە خەواڵۆوە گوتی :

ـ بەڵێ !... من هەڵموتم !

بەبیستنی دەنگ، دڵ لە دەروونی هەنار دا شەڕی هەڵاتن و فڕینی دەست پێکرد. دەنگی گەرم و کێشداری هەڵموت، کۆرپەی خەوتووی حەزو خۆزیای هەناوی بە ئاگا هێنایەوە و لە ناوەوە بزواندی. بووکی ئارەزووی دڵی هەنار مەیلی سەرهەڵگرتن و هەڵاتن و خۆ بەدەستەوەدانی پێدگەڕا. تاوێک لەپی دەستی لەرزۆکی بەسەر مایکرۆفۆنی تەلەفوونەکەوە نا و بێدەنگ ڕاوەستا.

هەڵموت تۆزکاڵێک تووڕە و نەختاڵێک توندتر گوتی :

ـ کێیت ؟ ... بۆچ دەنگت نایە؟... فەرموو!

هەنار دەمی کردەوە و هاتە دوان، بەڵام ئەو خۆی نەبوو دەمی کردەوە، بەڵکە خوێنی بوو، هەست و هەناسە و شەشدانگی گیان و پەیکەری بوو کە دەمی کردەوە و گوتی :

ـ هەڵموت! شێت و شەیداتم... خەستە و کوشتە و کەوتەی سەر ڕێگە و ڕێبازتم گیانە... من هەنارم !

هەوای تووڕەی ئامالٚ بە گازەندەیی لە دەنگی هەڵموت داکەوت و لەرزانەوەیەکی ئارەزووبزوێنانەی تێگەڕا، گوتی:
ـ هەنار! بگرە گوێت با پێتی بڵێم... هەر دوێ شەو خەونم پێوە دیتی... لە خەونە خۆشەکەمدا تۆ هی من بووی و من هی تۆ... خەونەکەی دوێ شەوم خۆش بوو، بەڵام هەنوکەم خۆشترە... من گیرۆدەی خەون و خەیاڵات نیم. من لایەنگری ماک و ماددەم و هەرشتێک لەم مایە هەوێن وەرنەگرن، بە لای منەوە بەتاڵ و بۆشن... بەڵام با چەلێ لەم قسانە واز بێنین و تۆزێک بە خۆمان ڕابگەین. ڕاستی هەنار لەمێژە یەکترمان نەبینیوە، ئەمەش بزانە کە تەواو تاسەتم کردبوو. دەڵێم... بڵێی بۆت بکرێ چەند سەعاتێک بێی و لەشوێنێکدا چاوێکمان پێک بکەوێت و دڵێک بگەشێنینەوە؟ هەفتەی داهاتوو، کەی و کەنگێ دەست دەدا بێم ، یان بێی و...
ـ هەر ئێستێ هەڵموت... هەر ئێستێ هەستە وەرە... وەرە لام، کە گیانەکەم لیپاولیپ پڕە لە ویست و ئارەزوو. دڵم دەریایەکە و تۆفانی خولیای دینی تۆی تێدا بە شەپۆڵە؛ شەپۆڵەکان هەرهەموو ڕەنگ و نیگاری تۆیان تێدا دیارە هەڵموت... هەستە وەرە گیانە... پڕی هەموو ئەم دنیایەت ئارەزوو دەکەم. دە هەستە وەرە ئازیز!...
ـ ئێستێ پێم ناکرێ هەنار، هەرنەک ئێستێ، بەڵکە سەرتانسەری ئەم هەفتەیەش پێم ناکرێ. بەڵام ڕۆژی هەینی هەفتەی داهاتوو، کاتژمێر سێی ئێوارە لە گۆڕەپانی چوارڕێیانی بەر سوپەرمارکەتەکە دا چاوەڕوانت دەبم... پێت چۆنە هەنار ؟
ـ زەمانێکی بەس دوور و درێژە هەڵموت. گیانی توونیم توانای ڕاوەستانێکی وەها دوور و درێژی نییە. تاقەتی هەتا ئەو دەمەم نییە. پێم خۆشە هەر ئێستێ هەستی و بێی...
ـ هەنار! زۆر شت بە پێخۆش بوونی من و تۆ نایەتە گەڕ. ژین و ژیانەکەی ئێمە بە بەرنامە دەگەڕێ. هەفتەی تر، هەر لەو شوێنەی کە پێم گوتی، چاوەڕوانتم... ئیتر ئەم کاتەت خۆش !
ـ نا !.. نا !... نا هەڵموت ناتوانم زۆر ڕاوەستم. پێم خۆشە هەر ئێستێ بێمە لات... تۆ ناتوانی بێیتە لام، من دەتوانم بێم... باشە هەڵموت !
ـ من گوتم ئەم هەفتەیە ناتوانم هەنار. ئەم هەفتەیە سەرتانسەر گیراومەتەوە و بەرنامەم پڕە... ناتوانم... لای تۆم خۆش!
ئیتر دەنگ بڕا. هەنار کەوتە سەر قەرەوێڵە و بێدەنگ و مات دانیشت. خۆی لە تای تەرازوی خەیاڵدا هەڵسەنگاند. هەستی کرد زۆر بچووک بۆتەوە، هەر هێندە بچووک ، کە لە بەر چاوی خەیاڵیدا ڕادە و ڕێژەیەکی بچوکتر لە خۆی، کەس نەبوو. باوکی و یادی مامە ئازاد و هەموو ئاواتی ئەوانیشی هەڵسەنگاند. ئەوان بە ئاوات و هیوا و هومێدەکانیانەوە هەر ئەوەندە بەرز و بەوەج بوون، سەریان لە گەڵ قوبەی شینی ئاسمان جووت و هاوبەر بوو. لە شانی ئەواندا، بچووکتر لە خۆی کەس نەبوو.

نووزەیەکی لەرزۆکی بەدەمدا هات و تاوێک ڕاما. لەپڕ یەک بە ژوورەکە هاواری کرد:... نەخێر من مەردی مەیدانی ئەم شەڕگەیە نیم و ناتوانم ببم. من لە نێوان ویستی دڵی ئارەزوومەندم و ئاواتە وەدی نەهاتووەکانی باوکە گیانەکەم و مامە ئازادم دا وردیلانەیەکی لە ڕادە بەدەر کزۆڵ و بنێس و بچووکم. من هەڵگری ئاواتەکانی ئێوە ناتوانم ببم... ئەم توانایە دەشانی گیانی مندا نییە. منی کۆیلەی پێ لەبەندی بەر دەرگای دڵم و مێشم پێ هەڵنافڕێت... ئیتر من بۆ ئەمە ناشێم و هیچ حیسێبێکم لەسەر مەکەن... کەس بۆی نییە باری هیوا و هومێدم لەسەر پشت بار بکات... من هەڵگری باری خەمانی خۆمم... ئەی هاوار... وەی لەمن !...

جوێنی بەخۆی دا. تووک و نەفرینی لەخۆی کرد. بەمەش نەهەندرا، چەند جارانی بەخۆی دادا و سەر و سەکوتی لە دار و دیوار کوتا. چاوەکانی نوقاند و بەسەر تەرمی دڵخوازەکانیدا شینی گێڕا. ماوەیەک بەم چەشنەی لێ ڕابوری. چاوی هەڵێنا ، بەڵام نیگای چاوەکانی لە ناو چوار چێوەی دەگای ژوور دا بە مۆلەق وەستا.

باوەکی لە بەر دەرگا دا بینی کە وەک پەیکەرەیەکی لە بەرد داتاشراو، مەنگ و مات ڕاوەستابوو. هەنار چاوی تێبڕی و بۆی هەستا و بۆی چوو. لە بەر دەرگا، لە بەرامبەری دا ڕاوەستا. چاوەکانی نوقاند و دوای تاوێک دیسان سەیری بەر دەرگاکەیی کرد. بەڵام بەر دەرگاکەیان چۆڵ و مەنگ و بێدەنگ بوو. هەستێکی ڕاگرت و گوێیەکی شل کرد. گوێی لە زایەڵەی دەنگی باوکی بوو: ... هەنارەکەم ، بەهارەکەم ، هەموو دنیاکەم!... چییە؟ چیتە؟ بوچ وا پەرێشانی؟... بۆچ مەگەر باوکەکەت مردووە ئازیز گیان کە هۆی کزی و پەرێشانییەکانتم پێ ناڵێی؟...

هەنار پێکەنی. لەژێر لێوانەوە گوتی: دەستم لێ هەڵگرە باوکە! بەس بمکە درەختی چاکی پیرمرادان و بەس پرێسکەی نەزر و نیازەکانتانم پێوە هەڵواسن! من یەخسیر و کەوتووی شەشدەرێکی تەنگ و تاریکم... من کۆیلەیەکی بەستەزوبان و وەیلانی بیابانی پڕ نەهامەتیم... کوا کەی من توانای هەڵگرتنی ئەم بارە گرانانەم هەیە؟ من خۆم پێ ناچێ بەڕێدا، من کەوتووم و چاو لە دەسی کەسێکم کە دەستم بگرێت... کوا کەی من مەردی مەیدانی ئەم گۆڕەپانەم... نەخێر نیم... بەسکە باوکە ... دەستم لێ هەڵگرە!...

دەستی برد و تەلەفوونەکەی پڕ پێداگرتەوە و هەر هەمان ژمارەی پێشووی گرتەوە. پاش ئستێک، دەنگی هەڵموت بە گوێیدا گەییشت:

ـ بەڵێ!... هەڵموتم !

ـ من هەنارم... هەڵموت دەبێ بمبووری دیسان کاتم گرتی... بەڵام هەڵموت ڕۆژی هەینی ناتوانم بێم... نایەم !... هەر نایەم و ئیتر قەتم نابینی... قەت!

ـ بۆچی؟ چییە؟... چ قەوماوە هەنار؟... هەلۆ ! هەلۆ !...

هەنار تەلەفوونەکەی داناوە و گورج هەستا و لە ماڵ وەدەرکەوت. لە ماڵ هاتەدەر و بەبێ ئامانج و بێ سەر و شوێن، لەم شەقام بۆ ئەو شەقام چوو. لەم کۆڵان بۆ

ئەوی تر داکشا. ماوەی دوو کاتژمێر بە هەموو توانای پێ و پەلانی پێکوتەی کرد و بەرێدا ڕۆیی؛ هێندە خولایەوە کە ئیتر لە پێ کەوت و کاتێک چاوی کردەوە و سەیرێکی دەور و پشتی کرد، خۆی لە شوێنێکدا دیت کە قەتی پێ تێ نەنابوو. لە نزیکترین وێستگەی پاس، بە سەری پڕی خەیاڵەوە خۆی هاویشتە ناو پاس و بەرەو ناوەندی مەڵبەندەکەی خۆیان داگەڕایەوە. کە گەیشتەوە ماڵ، بە پرتاو دەرگای ماڵی کردەوە و بۆ ژوور چوو. لە ژووری خەوکەی دا ڕوو بە دیوار ڕاوەستا و چاوی بە هەموو تابلۆکانی کەژ و بەندەنی شانشین و قەرەچ دامانی کوێستانی چلچەمە و پێدەشتەکانی ژێروی داخشاند و ورد سەیری کردن. دۆڵ و دەرە و گرد و هەوراز و لێژەکانیشی دانە بەرچاو. نیگای چاوەکانی ماوەیەک لە ناو تارما ڕونکەکانیاندا هات و چوو. ئەوسا ڕووی لێ وەرگێڕانەوە و ڕوو بە پەنجەرە، چاوێکی لە گۆڕەپانی بەرماڵی خۆیان کرد. گۆڕەپان و شەقامەکان لە حەشیمەت ژاوەیان دەهات. بەلای خۆیەوە گوتی:... باوکم چۆلگە پەرستە! ئەم تەق تەق و هەڵدێرانەی کە بۆی هەڵواسیوم، تۆ خوداکەتان چییان تێدایە کە ژووری خەوتنمیان پێ بڕازێتەوە؟ ژووری خەوی من و ژووری خەوی(کەتەرینا)ی دەستەخوشکم بڕوانن کە چیهایان جیاوازی تێدایە! پێم شوورەییە ڕێی کەتەرینا بە ژوورەی خۆمدا بکەمەوە؛ ژووری خەوی ئەو، بە هەمە چەشنە پۆستەری خۆش ڕەنگی گۆرانی بێژە نازەنینەکان ڕازاوەتەوە. تابلۆی سەماگە و دانس و دەست لەملانی سەرخۆشی تێدایە، ڕەسم و وێنەی ئەکتەرە خۆش بەژن و باڵاکان و سالارانی سینمایی ئیمڕۆکەیی تێدا هەڵواسراوە. بەڵام ژووری خەوی من چی؟... کەتەرینا بە تەمەن سێ مانگ لە من ژێراترە، بەڵام ئەو هیچ هەفتەیەک بەبێ چوونی سەماگە و سینەما و مەکۆی تایبەتی گەنج و لاوان نوێ ناکاتەوە. چەند شەوێکیش بەلای ئەم و ئەوێکەوە سەردەکاتەوە. منیش لەنێوانی ماڵ و مەدرەسەدا، هەروەک جۆلا خەریکی بەن ڕایەڵ کردن و هاتن و چوونم. ئەو ڕۆژە هەڵموت پێی گوتم کە باوکی تۆ کۆنەپەرستە ، بەڵام من بە توندی بە دەمی دا هاتمەوە و لێی دەرهەڵبووم. هێستایش هەرکەس ئەم وتەیە بە دەمدا بێنێت، بە توندی دەمکوتی دەکەم و بە کێوانی دا دەبەم. باوکم لەم ئازارە دزێوە بەدوورە. بەڵام ئەویش هەروەک هەزارانی تری وەکی خۆی، پەروەردە کراوی دنیای بچووکە و، دنیای بچووکیش مرۆی دڵ و دەروون بچووک گۆش دەکا. بەڵام من چیم؟!... من بێدینێکی لە هەموو دین و ئایینان بەدەرم، من پردێکی هەڵبەستراوی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوام. شان و پیلم لە بەری ڕۆژهەڵاتەوە بارێکی قورس و گرانی لەسەرە، لەلای ڕۆژئاواشەوە هەتا بڵێی سووکم و سووکبار. لەولا باوکم و ئاواتە بەجێماوەکانی مامە ئازادم بانگم دەکەن. لەم لایەشەوە... نەخێر!... من ئەولام پێ باشتر و بەخێرترە... من هومێدی دڵشکاوێکی تاک و تەنیام ، باوکم هەرچی هەیە و هەرچۆنێکی کە هەیە، ئەگەر پەروەردەکراوی دنیایەکی بچووکە و ئەگەر باری قورسی نیاز و ئاواتەکانیم لێ بار دەکات، من دەی کێشم و

خۆمی بە قوربان دەکەم. هەرچی بێ ، ئەو ڕاستە، فێڵەباز و درۆزن و باخەڵ پەرست نییە. خۆفرۆش و دارەدەسی دەستی ئەم و ئەوێکیش نەبوە و نابێ... یەکڕەنگ و یەک ڕوویەکی تەواو عەیارە و لە دەنکی تەرزە زوڵاڵ و ڕوونتر. بەیت بێژ و قسەخۆش و ئیشکەڕن و خۆشخوان و ماستاوساردکەرەوەی هیچ دیوەخان و بارەگایەکیش نییە... نەخێر! من هەزاران مەیل و تاسەی لاوێنی و سەدان ئارەزووی دڵم لە ڕێی تۆ دا دەگوزم باوە گیانەکەم!... ئیتر ناهێڵم کرمی ئارەزوو بمبزوێنێ و گەرای هەڵخلیسکانم لە میشک دا بکاتەوە. لەمەو دوا هیچ بەچکە شەیتانێک بۆی نییە دەستی دڵم بگرێت و بەرەو هەڵدێر و هەڵداشتنم بەرێت... بەڵام ئاخ و سەد خۆزگە و هەزار بریا ئەم ئارەزووە، ئەم مەیلە گڵاوە لە دەروونی ئادەمیزاد دا نەبوایە! دەترسم تۆبەم بشکێنێ و دەستم لێ هەڵنەگرێت... ئەگەر هەر ئەمساڵ دەستم لێ هەڵگرێت و ماوە و مەودای ئەمەم پێ بدات کەساڵی خویندنم بە ئاخر بگەیەنم ، بەسمە. ئەمساڵ ئاخرین ساڵی خوێندنی ناوەندیمە و هاوینی دواتر خۆم بۆ چۆونی زانکۆ ئامادە دەکەم. ئەگەر بە باوکم بێ، لە هەمان کات دا کە دەبێ ببم بە دوکتۆرێکی لێهاتووی شارەزای دەرد و ئازاری ژنان، دەبێ مامۆستایەکی کارامەش بم بۆ فێرگەکەن، ئۆرتۆپێد و شکستەبەندێکی باشیش بم بۆ شەل و پاشکستەکانی مەیدانی شەڕی شۆڕشی کوردستان، پیتۆڵێکی زاناش بم بۆ پەروەردە کردنی منداڵانی وەپاشکەوتووی زگماگ؛ بە کورتی هەموو شتێک بم بۆ وەدیهاتنی ئاواتە بەرز و بەڕێزەکانی ئەو. بەڵام لە پۆلەکەی ئێمەدا جگە لە (سوزان)ە چرچە و(ماریا)دزێو و یەک دوو کوڕی لەخۆبایی، کەسی دی خۆ لە قەرەی زانکۆ نادەن. زۆرکەس زانکۆیان پێ هەوایە و پاش کۆتایی خوێندن ڕوو دەکەنە بازاڕی کار و خۆیان بە کارێکەوە هەڵداوەسن و دەگەڵی دەڕۆن. بەڵام من خۆم باش دەزانم کە ئێمە هی ئەم وڵاتە نین و ئەگەر سەت ساڵی تر لێرە بژین، هەر لاوەکین و هەر پەنابەین. بازاڕ و بازاڕوانیش دگەڵ ویستی من یەک ناگرێتەوە و بۆ من نابێت. لە بواری خوێندنیشدا ئەگەرچی دڵم گەرمە، بەڵام ماوەیەکە ئەم ئازارە دزێوە تووشم هاتووە و دڵەکەمی لە دەرووندا سارد کردۆتەوە... ئای هەڵموتی لەعنەتی!... وەڵڵاهی ڕۆژی هەینی بۆی دەچم و هەرچی بە دەمم دا بێت، پێی دەڵێم و یەکیشی لێناشارمەوە!...

ڕۆژی هەینی داهات. هێشتا سێ چارەگە سەعاتی مابوو کە سێی پاش نیوەڕۆ دابێ، هەنار هەر لەو شوێنەی کە هەڵموت بۆی دەسنیشان کردبوو، لە گۆڕەپانەکەی بەر سوپەرمارکەتەکەدا، چاوەڕوانی هاتنی یار، بێ سەبرانە دەهات و دەچوو. ڕێک سەری سێی پاش نیوەڕۆ، هەڵموتیش هات. هەنار بە پێشوازیەوە چوو. دەستی یەکتریان گوشی و هەر وەک گیانی شیرین دە باوەشی یەکتر خزین. هەڵموت بە پێکەنینەوە گوتی:

ـ ... دەمزانی دێی هەنار.

ـ چۆنت زانی و بەچی زانیت دێم حەیاتم ؟
ـ من ئێوەم باش ناسیوە و دەزانم چۆنن و...
ـ چۆنین هەڵموت؟... ئێمە چیمانە؟!
ـ ئێوەی ڕۆژهەڵاتی بەدایم نائارامن و کەمتر لەسەر یەک نەزم و هەوا دەژین. هەر دەڵێی زەریایەکی پان و بەرینن ئێوە، کە بەرێکتان بە کوێستانێکی بەرزی ساردی پڕ بەفرەوە لکابێت و، جیرانی ئەوبەرتان بیابان و دەشتستانێکی گەرمی ئاگراوی بێت... ئەو زەریایە لە نێوانی دوو تەوژمی بەهێزی سارد و گەرمدا هەمیشە نائارامە. ڕۆژ نییە بە توندەبای ئەو دوو تەوژمە دژبە یەکە نەشڵەقێت و نەکەوێتە بەر شەپۆلان... بەڵێ هەنار ئێوە ئەو زەریایەن و شەپۆڵەکانتان توندی و تووڕەییەکانتانە. بەڵام توندی و توڕەییەکانیشتان کورت و کەم تەمەنن، ڕەگدار و ڕیشەدار و قوڵ نین. پیاو نابێ لێیان بترسێ، هەربۆیەش زانیم دێی هەنارە جوانەکەم !
هەڵموت پەنجەکانی هەناری گرتە ناودەست و دیسان بۆ لای خۆی کێشا. هەنار هاسان و لەبار، وەک پەڕەپووشێک بەرەو سنگی هەڵموت خزی و کەوتە ناو کەمەندی باسک و هەمێزی ئەو، ئەویش بەخۆیەوە گوشی و ئەمجارە بە جوتە یەکتریان هەڵمژی. هەڵموت دەستی خستە سەر شانی هەنار و دەگەڵ خۆیدا بردی.
لە مەیخانەکەدا هەرچی تێیدا بوو ، هەر هەمووی کیژان و کوڕانی هاوتەمەنی هەنار و هەڵموت بوون. هەمووی دەس لە مل و لێک هاڵاوی یەکتر و، گێژ و وێژی تەزووی مەی بوون. کەس پێناسە و قەباڵەی کەسی نەدەخوێندەوە و هەر جووتەی سەقاڵی بەزم و گەمە و ڕاز و نیازێک بوون.
یەکەم پیاڵەی شەرابی(بۆردۆ)ی فەڕەنسی، دەماری مێشکی هەناریشی گەرم داهێنا؛ هەموو دەمارەکانی مێرولەیان کرد و چێژێکی لە بڕان نەهاتوویان پێ بڕا. هەستی بە تونیایەتی کرد و تونیایەتی هێرشی بۆ هێنا. بە خواستی خۆی پیاڵەیەکی تری بۆ تێکرا، ئەویشی پێداکرد. هێشتا سێ چارەگە سەعات لە دیدارەکەیان تێ نەپەڕی بوو، کە شەرابی بۆردۆی فەڕەنسی کاری خۆی کرد. ئەو هەنارە ژێرەی دەمێ دی نەما؛ سەرخۆشێکی مەستی بێقەرار بوو کە تای خۆی لە مەیخانێ دا دەست نەدەکەوت. یەکدەم ئارامی نەبوو. دەست و باسکی ڕادەتڵەکاند، سەری بە ڕاست و چەپ و هەر چوار کەنارانی دا دەگێڕا. تریقەی قاقای سەرخۆشانەی جار دەگەڵ جاری، ئەوەندە بەرز هەڵدەکشا کە دەنگی زەنا زەنای نێو مەیخانەکەی وەژێر خۆی دەدا. ئەوەندە مەست و بێ ئارام بوو، تەنانەت سەرخۆشانی لە خۆ بێخەبەریشی دەهێنایە سەر هەوای پێکەنین. هەڵموت ژێرباڵی گرت و لە مەیخانەی بردە دەر. لە ترۆمبێلی هەڵموتیش دا یەکدەم سرەوت و ئارامی نەبوو. خۆی بادەدا و دەگەڵ هەر خۆبادان و خۆ ڕاتڵەکاندنێکیش دا، دەستی بەنێو خەرمانی قژی خۆی و هەڵموت دا دەکێشا و لێکی دەدان و دەی شێواندن. ملی هەڵموتی دەگرت و بۆلای خۆی ڕادەکێشا

، دەستی دەخستە سەر سوکانی ترومبێلەکەی و فەرمانی ڕاوەستانی پێ دەدا. بەڵام هەڵموت بە وریایی و زۆر خوێن سارد  و لەسەرخۆ، ماشێنی بەرەو ماڵ دەئاژواند و بەرەو ماڵ دەچوون.

کە گەیشتنەوە ماڵ، تینی شەراب دە هەموو دەمارەکانی هەنار گەڕابوو. مەیل و ئارەزوو بە چەشنی شیلەیەکی خەستی ماجوومی تێکەڵی خوێنی ببوو و خوێنی دەکوڵی. بەند بەندی ئەندامی لەشی هاواری شل کردنەوە و دامرکاندنی هەرای خوێنیان دەکرد. هەر لە تەوقی سەرەوە هەتا ژێر پێی، هەوەسی داماڵین و ڕاماڵینێکی بێ بەزەییانەی پیدا دەگەڕا. حەز و خۆزیای لێک هاڵانێکی لە دڵدا بوو، بە چەشنی لێکهاڵانی توولی گوڵی لاولاو. ئارەزووی گەوزین و خزینێکی دەکرد، وەک ئاشقەمار و ماشقە ماری چۆڵ و بەندەنان.

بۆ شکاندنی تاسەی دەرون، هەنار شەو لە ماڵی هەڵموت دا ڕۆژی کردەوە و بۆ یەکمجار گویی گرتە دەنگی ویستی دڵ و جوابی ئارەزووی خوێنی دایەوە. ئەو شەوە بۆ هەنار، سەرەتا و دەسپێکێکی هەر هێندە شیرین و بەتام بوو، کە گەلێ شەمە شەوەکانی دواییش، هەر جار بە بیانووی سەردان و مانەوە لە ماڵی کەتەرینا، نینا، ڤەرۆنیکا، سۆفیا، بیانکا ، و... لە دەرەوە دەمایەوە و شەو لە ماڵی هەڵموت دا ڕای دەبوارد.

لە ماڵەکەی خۆیاندا هیچ شتێک نەگۆڕا بوو. باوک هەر ئەو باوکە نەرم و مێهرەبانەی جاری جاران بوو. هەناریش بە چاوی باوک، هەر ئەو هیواو هومێدەکەی پێشین بوو. هەروەک جاران پێی دەنازی و پێی لە ئاوی شەو خاوێنتر بوو. هەروەک یەکەم ڕۆژی هاتن و نیشتەجێ بوونیان لە دەەوەی وڵات، بەچاوی هیوا و هومێد و ئاواتەوە سەیری داهاتووی ڕوون و ڕوناکی دەکرا. بگرە بە خۆ داهاتن و خۆ ڕازاندنەوەکەی و لە بەرامبەر ئاوێنە ڕاوەستانەکەی ئەم دوایانەیشی، کە بە سەعات و دوو سەعات کاتی دەگرت، هیچ غەورێکی نەخستە ناو دڵی باوکەوە. جلک کڕین و خارا و دارا پۆشینەکەیشی کە لە ڕادەبەدەر تێپەڕیبوو، بە حیسابی تۆفانی تەمەن و هەڕەت و جەنگەی بەهاری لاوی داندرا و لە گوڵ کاڵتر هیچی پێ نەگوترا. تروسکەی وردەخەزێمی زێوین و بەفرینی دەرواندەوری شلکەی گوێچکەکانیشی بە چاوی سەر بینرا و چی پێ نەگوترا. بەڵام هەرکە خەزێمی تروسکەداری لاپەڕەی ناسکی لوتە قیتە سەربەژوورەکەی کەوتە بەر نیگای باوک، تەمێک بەری دڵی فەخرەی گرت و هاواری هەرایەکی شاراوەی بە دەرووندا گەڕا.

ئیتر هەنار ئەو هەنارەی جاری جاران نەمابوو. هۆش و گۆشی خوێندن و وازی خوێندنەوەی بەبا دابوو. دوجارانیش لە مەدرەسەوە ڕایان ئەسپارد کە باوک سەرێک لە فێرگە هەڵبێنێتەوە و سەبارەت بە کزبوون و نشوستی بەرهەمی خوێندنی کەنیشکەکەی وەڵامدەری پرسیارەکانیان بێت. بەڵام هەر دوو جارەکان، هەنار لە زمانی باوکییەوە و بە شێوەی دەسەختی ئەو، گیر و گرفتی ژیان و

زۆربوونی ئیش و کاری کردبوویە بیانووی نەچوون و، داوای لێبوردنیشی لێ کردبوون.
دەمە دەمی ئێوارەیەکی ڕۆژی هەینی بوو. فەخرە لە پاسی سرویسی کرێکارانی شیفتی دوو دا بەرەو کارگە دەچۆوە. ناو پاسەکە قەرەباڵغ و پڕ هەرا و پڕمە و پێکەنین بوو. هەر دوو کەسێک پێکەوە و لە بابەتکەوە دەدوان و هەرایان بوو. هەر تەنێ فەخرە بوو لەپی دەستی نابوویە ژێر چەناگەیی و لە پەنجەرەی پاسەکەوە سەیری هاتوچۆی حەشامەتی ناوشەقامەکانی دەکرد. خۆی لەناو پاسەکە دابوو، بەڵام بیری ڕابوردووی بە چەشنی قانگەلاشی دەم ڕەشەبا فڕاندبووی و لێرە و لەوێی کوردستان دا هەڵی دەسووڕاند. بیری سەردەمی لاوی، ناسینی شۆڕشی نەتەوەیەکی هەژاری بێبەش، دیتن و ناسینی ئازاد، سەفەری شەوانە بۆ ئەو دیوی سنوور، هێنانی پێشمەرگەی بریندار و بردنی پارە و چەک و فیشەک و دەرمان بۆ ئەو دیو، ئەڤینداری و دڵدارییەکانی خۆی و سۆیبە، کارەساتی دڵتەزێنی لە دەستدانی سۆیبە، ژینی ئەمڕۆکەیان و نادیاریی سبەی داهاتوویان، هەموویان یەکجێ دەگەڵی دەدوان. ئەویش دەیگوت:... چ ژینێک و چ ژیانێک؟... بومەتە چەرخ و تایەری ترۆمبێلێکی چەپرەکی هەڵوەشاو. لێرە و لەوێ هەڵم دەسوڕێنن، خویشم نازانم چۆن هەڵدەسوڕێم و بۆچی هەڵدەسوڕێم و کێ هەڵم دەسوڕێنێت. لەشم دەیشێ و گیانیشم ناسازە. دار و دیواری ئەم وڵاتە بۆم نامۆن. کۆمەڵگاکەیشیان دەگەڵ دڵ و دەگەڵ هەست و دەگەڵ هەناسەم یەک ناگرنەوە... ئەولا چ خۆش بوو! ... هەژارییەکەی، ماندوبوونەکەی، شەڕ و کێشە و مردنەکەیشی هەر خۆش بوو. هیچیشت نەبوایە و بە هەژاریش شەوت بە ڕۆژ گەیاندبایە، بەس نەبوو هاودەنگ و هاودڵێکی ڕوو ڕاست و بێ وردە شووشەت شک دەبرد کە بەکاتی پەژارەو دڵتەنگی پەنای بۆ بەری!.. لێرە، لە دەرەوەو لە غوربەت دا خۆماڵییەکانیشمان تێکچوون و لەبن و بناخەوە گۆڕاون... خۆزگە و سەد بریا هەنار کوڕ بوایە! چەند خۆش بوو هەنار کوڕ بوویایە و بە کەرامەت و جوانمێرییەکەی خۆییم بسپاردایە و خۆم لەم سەگ بە حەسارە ڕزگار کردایە... بەڵام ئافرەت بۆ دەست لێ بەردان و جێ هێشتن نابێ. دەستی لێ بەردەی و چاوی لێ خافڵ بکەیت، کار تەواوە. ئافرەت کەسایەتی و حەیای کۆمەڵگایە؛ کۆمەڵگاش هەر بەو حەیا و کەرامەتەوە خۆشە. هەر کۆمەڵگایەکی ئەوی تێدا نەبێت، شیرنایی نامێنێت و نای هێنێ دڵی پێ بدەیت... خۆزگە کوڕ بوویایەی هەنار... کوڕ بوویایەی بۆ خۆشت باشتر بوو... بەڵام دەستی شکاوم کچۆڵەی و ناتوانم دەستت لێ بەردەم. نابێ چاوت لێ خافڵ بکەم و...
لەپڕ، فەخرە خۆ دواندنەکەی لە دەم داکەوت و هەرچی زنجیرەی بیری لە ناو کەللەی بوو، چەشنی شوشە تێک شکان و تەڵەزمە تیژەکەیان هەڵگەڕانەوە و دە مێشکی هەڵچەقین. پاسەکە بەتوندی چوار ڕێیانی بڕی و کەوتە سەر شەڕێگە و خێراتر بەرەو کارگە تینی پێدا. فەخرە هەتا ئەو جێیە شان و مل و کەمەر ڕێی پێ

دەدا، بەرەو دواوە وەرسووڕایەوە و سەیری شەقامی پاش سەری کرد. کەللەی هاتە تەمێ. خۆین بەری چاوی گرت. کین و قەڵسی و تووڕەیی وەک لێشاوی ئاسنی تواوەوە لە گڕکانی دەروونی هەڵقوڵین و دەماری دەروونی لەشیان سوتاند. خۆای پێ نەما و ئیمانی خزی. ویستی بە هەموو توانای دەنگەوە بەسەر شۆفێری پاسەکە دا بشریخێنێت و فەرمانی ڕاگرتن و ڕاوەستانی پێ بدات، بەڵام هەرچی وشەی زمانی ئالمانی بوو، بۆ کورتە دەمێک لە مێشکیدا وشکاویان هات و هیچی پێ نەما. بە ئەو پەڕی هەناسە سواری و شڵەژاوییەوە لە دڵدا هاواری کرد:... نامێنم... دمرم... بە خوای دەمرم و نامێنم!... خوا نەکا ئەمەی بە چاوی سەر دیتم، ڕاست بێ! خوا بکا هەڵەم دیتبێت... نەخێر ئەو نەبوو. ئەو لێرە و لەم شەقامە دوورە چ ئیش و کەرێکی هەیە کە تێیدا بخولێتەوە، ئەویش دەست لە مل کوڕیژگەیەک دا !!... نەخێر ئەمە قەت ڕوو نادا. ئاکاری ئەوتۆ لە هەنارەکەی من بەدوورە. نەخێر ئەو نەبوو، چونکە ئەو ئیمڕۆکە قەراری داناوە و بەڵێنە لە خوێندنگەوە یەکڕاست بچێتەوە ماڵ و شەو دەگەڵ دوو دەستەخوشکەکانی لە ماڵی خۆمان دا بخەون. خۆم پێم گوت کە ئەوان بەزمی خۆیان نەشێوێنن و بە خەیاڵی ڕاحەت لە ماڵدا پێ ڕابکێشن. بەڵێ هەر ئەودەم کە هەنار لە ماڵ بەرەو فێرگە دەچوو، پێم گوت هەنار گیان من نایمەوە ماڵ و هەر لە خەوگەی کارگەدا دەخەوم... پێم خۆش نەبوو هەر ئەو میوانی ماڵی دۆست و برادەرانی بێت... ئاخر ئەویش ماڵ و حاڵێکی هەیە و بۆی هەیە میوانگر و میواندار بێ... ئێمەیش دەتوانین وەک هەموو کەس خانەخوێ بین ومیوان لە ماڵمان دا سەر بکەنەوە... نەخێر ئەو نەبوو... سەبر بکە... با بزانم!... ئەرێ ئیمڕۆ هەنار چی کردەبەر؟!... بەڵێ! کراسی کەوەیی و تەنوورەی ڕەش و... هەی هاوار بە خودای خۆی بوو... هەر خودی خۆی بوو کە دەستەملانی هەتیوکەکە دەڕۆیی... بەڵێ هەنار بوو. نەخێر چاوی من هەڵە نابینن. سۆمای چاوەکانم هەروەکی پێشوون. هێستایش لە دوورەوە دەرزی بە تفەنگ هەڵدەگرمەوە. چاوەکانم هەڵە نابینن. لێبگەڕێ با بگەمەوە کارگە، بە تەلەیفونێک موو لە ماست دەردەکێشم... هەی هاوار و هەی داد! ئەرێ ئەگەر هەنارەکەم بەم دەردە دا کەوتبێ، من چی بێ کردەوەم و چی لەگەڵدا بکەم؟ چی پێ بڵێم و چۆنی بێنمەوە سەرڕێ ؟...

پاسەکە گەیشتەوە گۆڕەپانی بەر کارگە و کرێکارەکانی هەڵڕشت. فەخرەش دەگەڵ پۆلی هاوکارەکانی لە پاس دابەزی، بەڵام بە نابەدڵی دابەزی. دڵی لە ئیش و کار سارد ببۆوە و پێی خۆش بوو هەتا موویەک لەو ماستە دەرنەکێشێت، دەست لە ڕەش و سپی نەدات. بەڵام بەناچاری و بە تۆبزی ڕەگەڵ کرێکارەکان کەوت و بۆ گۆڕینی جلک، بەرەو هۆدەی تایبەتی جلک گۆڕین چوو. هێستا بە تەواوی جلکی کاری نەکردبوویە بەر، کە هاژە و فیکەی سیگناڵی دەسپێکردنی کاری شیفی دوو ڕایەڵی خەیاڵی ئاڵۆزیان پساند. بە پلەپروزە جلکەکانی کردەبەر و سوکانی مەکینەی کاری لە دەست هاوکارەکەی وەرگرت و دەزگاکەیی خستە کار. هەر وەک

هەمیشە کوتکی ئەلەکتریکی جوڵەیەکی تێکەوت و باریکە تیژە ئاسن بە ژێر کوتکی مەکینە دا خزین و کەوتنە سەر دەزگا و پان بوونەوە و پاچانەوە و فۆرمیان وەرگرت و ڕۆیشتن.

هەر لە یەکەمین ڕۆژی دەست بەکاربوون لەم کارگەیەدا، فەخرە و پۆلێک کرێکاری تازە وەرگیراو، لە کورسێکی یەک هەفتەییدا شێوەی کارپێکردن و چۆنیەتیی چاوەدێری لە ئەجزای مەکینەکانیان پێ گوترا. هەروەها لە بابەتی ئەگەری تێک ئاڵقانی دەست و پەنجەی کرێکاری کەمتەرخەم لە ژێر کوتک و دەزگاش دا گەلێک ئامۆژگارییان پێدرا. بەڕێوەبەری مەکینە قورسەکانیش لە نۆرە وکاتی خۆیاندا بە کرێکارانی ژێر دەستی خۆیان ڕاگەیاند کە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی کارگە دوو شت زۆر گرینگن؛ لەپلەی یەکەمدا ساغ و سلامەت ڕاگرتنی مەکینە گرانبایەکان و لە پلەی دووەم دا دەست و پەل و ئەندامەکانی خودی کرێکارە. کە واتە لە کاتی وەرگرتنی سوکانی مەکینە و دەست بەکاربوونی هەر کریکارێک، ئەرکی سەرەکیی کرێکار ئەمەیە کە مێشک و دەست و چاوی کرێکار دەگەڵ میکانیزمی مەکینەکان لە یەک خاڵ دا یەکتر بگرنەوە و هەرگیز لە کاتی کار دا بیر و خەیاڵیان بەرەو دنیای دەرەوەی مەکینەکان تووشی هەڵاتن و هاشەو پاشە نەبێت؛ چونکە چاوتروکانێک کەمتەرخەمی، دەتوانێ ئەگەری خەسارێکی مەزن بۆ فابریک و بۆ کرێکار پێک بێنێت.

فەخرە هەموو ئەو ئینفورماسیون و ئامۆژگارییانەی کە دەربارەی دەزگاکان و هەروەرها سەرجەم ئەگەری خەتەری لەتو پەت بوونی دەست و پەنجەی کرێکار لە ژێر کوتک و دەزگا دا گوترابوو، وەک شیعر لەبەری بوو. بەڵام ئەوەیکە لەو دەمە دا فەخرە دەربەستی نەبوو، سود و زیان و خەسار و سلامەتی بوو. لەو دەمە دا هەرچی دەرد و خەم و پەژارەی کۆن و نوێ بوون ، یەکجێ و بە لێشاو بەسەری دا ڕژا بوون. خەمێکی قورس بەری ڕوانین و لێکدانەوەی گرتبوو. یەک دوو جاران بە دڵی داهات دەست لەکار هەڵبگرێ و بۆ سەرو گوێ ئاودانێکیش بێت، سەرێک لەماڵ هەڵبێنێتەوە و خۆی لەم قەرقەشە ڕزگار بکات. بەڵام هەرکە بیری لێ دەکردەوە و ڕوخساری سادە و بێگوناهی هەناری دەهاتەوە بەرچاو، لە وسوەسەی هەڵاتن و جێ هێشتنی کار سارد دەبۆوەوە. جووتی چاوانی دەگەڵ هاتن و هێرش هێنانی باریکە ئاسن هەڵس و کەوتی دەکرد. هەتا باریکە ئاسن، بە پۆل بەرەو کاناڵی تەنگ و باریکی پشتی کوتک و دەزگای ئەلەکتریکی سەف و سەرەیان دەشێواند، فەخرە بە مەقاشی دەسک دێژی دستی، سەرەی شێواوی ڕێک دەکردەوە و کاناڵەکەی لە گیران و وەستان دەپاراست. بەڵام دەگەڵ ئەمەش، بەشێک لە هۆش و زەین و هەست و هەناسەی دەرگیری بیر و خەیاڵاتێک بوو کە تەنانەت چاوتروکانێکیش دەستی لە بەرۆکی هەڵ نەدەگرت. لە دەروون دا مەیدانە شەڕێکی بەرین و ئاڵۆزی بۆ خۆی کربۆوە. تەنانەت بەخۆی گوت : ... من خۆم داوەتە دەسی مۆتەکە و کابوسێکی

گەلێک گران و خەریکم ئەهوەنی هەناریشی پێ دەتارێنم... چون دەکرێ سەرزەدە و کوتوپڕ بچمەوە ماڵ و بەزمی هەنار و برادەر و دەستەخوشکەکانی بشێوێنم؟ ئەی ئەودم چۆن لە ڕووم هەڵبێت چاوی لە بەر هەڵێنم و بە چ زمانێک وەڵامدەری پرسیارەکانی بم؟!... هەنار پێی دەشکێتەوە و ئیتر بۆ هەتا هەتایە میوان لەگەڵ خۆیدا ناهێنێتەوە ماڵ... نەخێر لێبگەڕێ با دەگەڵ دستەخوشکەکانی شەوێک بە سەربەستی بەرێتە سەر. لە گشت بەزم و هەرا و فەرتەنەی ئەم وڵاتەدا، کە هەمووی هەرزان و بەلاش دەست دەکەن و، هەموو گەنج و لاوێکی تازەپێگەیشتووی ئەم وڵاتانە سەریان پێوە ناوە، هەنار هەر ئەوەندەی هەیە. دەسا لێبگەڕێ با ئەم تۆزکاڵە هەنگەشی لە دەمدا تاڵ نەبێ!... واز بێنە و مێشکی خۆتی پێ کرمۆڵ مەکە. تۆ لە هیچی نەبوو، بۆچ ڕێویت بە خەیاڵ لێ بۆتە کوێخا؟!... هەنار دەگەڵ دەستە خوشکەکانی هەر ئێستێ لە ماڵ دانیشتوون و دەنگی تریقەی قاقای پێکەنینیان بە ژوور و دیوەکان دا دەگەڕێت. ئاخر هەناریش پەروەردی ئەم وڵاتە سەربەست و ئازادەیە و ناکرێ هەمیشە لە بەند و قەفەس دابێت!... نەخێر ئەویش ئەمەندەی پێویستە و دەبێ ڕێی پێ بدەیت...

بە دەم کارەوە هەر خۆی دواند و بەردەوام لە شەڕ و ئاشتبوونەوە دابوو. ئاگای لە دەورو بەر و لە هاتن و چوون و تەنانەت لە تێپەڕبوونی کات و زەمانیش نەمابوو. دەگەڵ زرمەی کوتکی گرانی ئەلەکتریکی و کوتانەوەی باریکە ئاسن و تێپەڕ بوونیان ، مەلی خەیاڵی لەم لک بۆ ئەو لک دەفڕی و بەرز تێ هەڵدەچۆوە و نزم دەنیشتەوە. دوو سەعات پێچوو، لەپڕ سیگناڵی پشوودانی گشتی، هۆشی هێناوە جێ. کرێکارەکان بۆ قاوەخواردنەوە و جگەرەکێشان و پشوو تازەکردنەوە، دوگمەی ستۆپی مەکینەکانیان لێدا دەنگی وژە و هاژە خەوتەوە.

کرێکارەکان خێرا جانتاکانیان کردەوە و خواردەمانی و تەرموسی قاوەیان دەرهێنا و دەستیان پێکرد. بەڵام فەخرەی گیرۆدەی جەنجاڵی جۆراوجۆری دەروون، وازی لەم بەزمانە هێنا و ڕاستەو ڕاست ڕێی ژورۆچکەی تەلەفونی گرتە بەر و ژمارەی ماڵی گرت. چەند چرکەیەک گوێی پێوە نا، کەس نەبوو وڵامی پێ بداتەوە. دایناوە و سەر لە نوێ ژمارەکەی گرتەوە و گوێی بە زەنگی تەلەفوونی بێدەنگەوە نا و ڕاوەستا. ماوەی چارەکە سەعاتێک بەم چەشنەی لێ ڕابوری و هەروا هیوادارانە و لەسەر پێ چاوەڕوان مایەوە و گوێی لێ هەڵنەگرت. لە ڕاوەستانی پەێشانحاڵی دا هەستی کرد ژانێکی سەیر بە سێبەندەی پشتی دا دێت و بەرەوخوار دەچێت. ژان و ئازار لە قوڵایی ئێسقانەکەنی ڕان و قاچی دا بەرەو ژێر دەچوو. بە ناچاری و بەنۆرە، قورسای لەش و لاری لەم قاچ هەڵگرت و خستییە سەر ئەمەی تریان، بەڵام تەزوی ژان وەک سەرە دەرزی بە ناخی لولاکی نێو ڕانی دا گوزەری دەکرد و سرەوتی نەبوو. خۆی دەیزانی کە ئەم ژانە، ژانی کۆن نییە و دەردێکی تەواو تازەیە؛ ژانێکە لە

قورسایی کار و لە خەمی دوور وڵاتی و لە سترێس و نیگەرانیی لە ڕادە بەدەر پێی بڕاوە.
بەرەبەرە دیسان تۆمی دڕدۆنگی و شک و گومانی ناحەز لە مێشکی دا چەکەرەیان دەرکەوتەوە و بە ئەو پەڕی توڕەیییەوە دیسان پڕی بە دەسکی تەلەیفونەکە داگرت و ژمارەی ماڵی گرتەوە. زۆر ڕاوەستا، بەڵام هیچ دەنگێک لەو بەرەوە نەبوو کە ئاوێک بە ئاگری توڕەیییەکەی دا بکات. سەیرێکی سەعاتەکەیی کرد و گوتی : پێنج خولەکم ماوە دەست بەکار بکەمەوە. هیچ قەیدی نیە، ئەمەش دەبەر ڕاوەستان و تەلەیفونی بێ کەڵک دەمرێنم... ئەگەر دەنگ و جوابێک وەرنەگرمەوە، ئەوا لێم سوور و یەقین دەبێت کە هەرچی ئێوارە بە چاوەکانم بینیومە، سەربەسەری ڕاست و دروست بووە.
دیسان گوێ بە زەنگەوە ڕاوەستا. ماوەیەک هەناسەی لە سنگدا ڕاگرت و پەرێشانتر لە هەمیشە، بەبێ دەسکەوت مایەوە. لەپڕ دەستی هەڵگرت و لە ژورۆچکەکە هاتە دەر. تاوێک لە دەر ڕاوەستا و چەند هەنگاوێکیش هات و چوو. هەستی کرد توانای بیرکردنەوەی تەواو جەمام بووە و هیچ ڕێچارەیەک لە بەر دمی دا نەماوەتەوە.
لەپڕ کەوتەوە خۆ و لە جیاتی چوونی ژووری کار، یەکڕاست ڕوی کردە ژووری بەێوەبەری کارگە و پێی گوت کە ناسازە و توانایی لە سەر پێ مانەوەی نییە. لە کارگە هاتە دەر و هەر لە نزیک گۆڕەپانەکەی بەر کارگە دا سواری تاکسی بوو و بەرەو مەڵبەندەکەی خۆیان کەوتە ڕێ. ڕێک کاتژمێری دەی شەو بوو کە گەیشتەوە بەر گۆڕەپانەکەی بەر ماڵی خۆیان. لە تاکسی دابەزی و بەرەو ماڵ بۆوە. چاوێکی بە دەور و بەر دا خشاند و لە ماڵ نزیک بۆوە. لە ماڵەکەیاندا هیچ ڕووناکاییەک کە بنوێنێت ژوورەکان ئاوەدانن، لە پەنجەرەکانەوە نەدەبیندرا. هێدی دەرگای کردەوە و هەستێکی ڕاگرت. سریوە لە هیچ لایەکەوە نەدەهات. بە ئارامی وەسەر کەوت و بە ژوورەکاندا گەڕا. ماڵەکەی چلۆن جێ هێشتبوو، دەست لێ نەدراو، مووی لێ لار نەببۆوە. دیار بوو هەنار و میوانەکانی دەرگایان لە ماڵ نەقەڵەشیبۆوە و نەهاتبوونەوە ماڵ. خێرا لە ماڵ دەرپەڕی و هەر بەچەشنی شێت و هاران بە شەقامەکاندا ڕێی گرتە بەر. هەتا شەکەت بوو ، بە پێیان ڕۆیی؛ ئەودەم کە دەهات لە پێ بکەوێت، سواری تاکسی بوو و بە دوو جار و سێ جاران بەو شوێنانە دا گوزەری کرد کە قەرەباڵغ بوون و جێی گەمەی کوڕ و کچە شەوگەڕەکان، بەڵام چی دەست نەکەوت و چی نەهاتە بەر چاو. لە تاکسی دابەزی و دیسان بە هەهوو توانای پێ و پەلانی بە شەقامە بچکۆڵەکاندا غاری دا. سەری بە گەلێک کازینۆ و مەیخانە و مەکۆی شەوڕابواردنی گەنج و لاواندا خشاند و بە وردی پۆلی کو و کچە سەرخۆشەکانی پشکنی. بە سەرتانسەری ڕاستە شەقامەکەی نزیک ماڵی خۆیشیاندا گەڕا. بە کورتی هیچ شۆێنێک نەما هەواڵی بزربووی خۆی بە چاو لێ وەرنەگرێت. بەڵام گوم بووەکەی دڵۆپێک ئاوی ڕژاوی ناو بەیارێکی بێ ئاو بوو، کە نوقمی زەوی ببوو.

شەو لە دوازدە لای دابوو. شەکەتی و پەژارە بە هەموو قورساییەوە بەسەری دا ڕژابوو. ژانی پشت و شان و قاچەکانیشی چەماندبوویانەوە و جومگەکانی لەشی بە یەکجێ و بە تێکڕا دەیان چریکاند. سەریشی ژانی دەکرد. لە سەر سکۆی بەربێلای قاوەخانەیەک دانیشت. بە ئەوپەڕی بێ هیوایەوە گوتی:...هەنار لە کوێی؟ بۆچ وام لێدەکەی گیانە! من توانای هەڵگرتنی ئەم ئەتکە قورسەم نییە و پێم هەڵناگیرێت... نەکەی باوان گیان... نەکەی هەنار دەستم بە دامانت !...

دیسان لە جێ هەستا و بە شەقامە چۆڵەکانیشدا خولایەوە. بەرەبەرە هیوابڕاوانە ڕێی ماڵی گرتەوە بەر. گەیشتە چوار ڕێیانێک، لە جەمسەری دوو شەقاماندا چرای کزی مەیخانەیەک دەئاییسا. ڕوی تێکرد و لێوێکی تەڕ کردەوە. دەوری سێ و نیوی شەو بوو کە شێت و شەکەت و شێواوەحاڵ گەیشتەوە ماڵ و بە هەموو جلک و بەرگی بەرییەوە لە سەر قەنەفە ڕاکشا.

ئەو شەوە و سبەینەکشی بەبێ چاو لەسەر یەک دانان و بەبێ خورد و خۆراک لە ماڵدا مایەوە و لە جێ نەجمی. گەشت و پیاسەی ڕۆژانی پشوودانی وەلانا و چاوەڕوان دانیشت. ئەو شەوە، شەو بە بارستایی ساڵ خۆی لەبەر یەک کشاندەوە؛ ڕۆژەکەش بە قەدرایە سەدەیەک قورسایی بەسەر گیانی بەلەنگازی دا باراند. بەرەبەری ئێوارە، درەنگ وەختانێک دەرگای ژوورەکەیان کرایەوە و هەناری لێ وەژوور کەوت. بەڵام هەنار، ئەو هەنارەی جاری جاران نەبوو کە هاتەوە ماڵ. سەرخۆشێکی نیوە مەستی خەواڵوی بێقەرار بوو، ئەوەندە شەکەت کە تەنانەت توانای لەسەرپێ ڕاوستانێکی کورتە دەمێشی پی نەمابوو. چاوەکانی خوماری خەستەخەوی سەرمەستی بوو، شان و زەند و مەچەکی شل و داچۆڕاوی دوای سەمای شەوانەی بوون.

فەخرە بە دیتنی ئەم حاڵە، هەموو بەندی لەشی بە یەکجێ لەرزین و لە تووڕەیی دا قاڵ بوو. لەجێ ڕاپەڕی و کەمێک لێی کشایەوە و بە وردی سەیری بەژن و باڵای پەس و داچۆڕاەکەیی کرد. خۆی لە ناو خویدا شەرم گرتی. پەشیوانی و دەرد و پەژارە و پەرێشانی یەکجێ و پێکەوە بۆی هاتن و ئەوکیان ئاخنی. تامی تفت و تاڵی شکست و تێداچوون لە دەمیدا تامی تاڵیان توایەوە. هەستی کرد ئەژنۆکانی توانای لەسەر پێ مانەوەیان لێ براوە. دەمارەکانی باڵ و باسکیشی موچورکیان داویشت و بە ئاشکرا پەنجەکانی دەلەرزین. لەسەر جێگا دانیشت، هەستا، بۆی چوو، گەڕایەوە؛ لە خۆیدا برژا، سووتا و توایەوە. لەپڕدا یەک بە ژوور هاواری کرد:

ـ ... بەسە هەنار !... ئیدی چیتر ئەم ئاکارە سووکەت لێ نەبینمەوە!... باری گرانی شەرمەزاری و شان کزی بە من هەڵناگیرێت هەنار!... من تۆم بە دەمەوە نەگرت و لە حەوت خانی خەتەر دەرتم نەکێشای کە سەری بەرزم نزم بکەیت و دەماری پیاوەتیم بمرێنی... تۆ دەبێ وەک دایکت بژی و هەر وەک ئەو ، لە مان و نەماندا ببیتە مایەی شانازی و سەر بەرزی...

هەنار پێکەنی، پێکەنینێکی نیوە سەرخۆشانە. پێکەنینێک کە لە گرێیەکی کراوەوەی دەروونی مایەی وەردەگرت. پاڵ کەوتوو بە لاشانی دەروازەوە، پێڵاوەکانی لە پێ دەرهێنان و هەر لنگەی بەرەو ئاقارێک دا حەوای دا. ئەوسا وەک نە بای بە سەر داهاتبێت و نە باران، بە دەم لارە لاری ڕۆینی نیوە مەستانەیەوە بە بەردەمی باوکی دا تێپەڕی. فەخرە بۆ دەمێک حەپەسا. مێشکی گەرم داهات و دین و ئیمانی پێ نەما. لەپشت سەرەوە باڵی گرت و نیوە چەرخێکی پێدا. شریخاندی بە سەریدا:

ـ هەنار گوێ بگرە با پێتی بڵێم... من... من دوێنێ لای ئێوارێ هەرکە تۆم دەست لە هەمێزی ئەو کوڕە گەوادە دا بینیوە، دەستم لە ژیانم بەرداوە. مەیلی مان و ژیانم بە یەکجاری وەلا ناوە و هەتا ئیمشەو کە سەرخۆش بۆم گەڕاویتەوە، دەستم بۆ هیچ خورد و خۆراکێک نەبردووە و خەو بەچاوانم دا نەهاتووە... هەنار بێتوو ئەم ئاکارە سووک و ناشیرنە دووپات بکەیتەوە و بارەکەت هەر بەم بوارە ناحەزە دا بەری، ئیتر چاوگە و سەرچاوەی ژیانم کوێر دەبێتەوە و پردی ژیانی داهاتووم لێ دەپچڕێت.. هەنار تۆ گشت کەسمی!... لە تۆ بەولاوە من کەسم نییە و هیچ دەرواوە ڕوونەیەک شک نابەم. مەهێڵە و ڕەوا مەبینە کە ئەم تاک پردەشم لێ بڕوخێت و هیچم نەمێنێ... هەنار چاوەکانت بکەوە و بیرێک لە وڵات و لە خەڵکی وڵاتەکەمان بکەوە کچم... ئەرێ هەر خۆت بڕیارت نەدا کە ببیتە هەتوان پێژی ژان و ژواری ئافرەتانی کوردەواری و لەهەمان کاتیش خۆت نەتگوت دەبی بە فریشتەی بان سەری مندالانی کورد و دەستی ڕاهێنانیان و لاواندنەوەیان بەسەر دا دەکێشیت؟ ئەرێ هەنار مەیلەکەی مامە ئازاد و خۆشەویستییەکەی ئەوت بە کێ داوە کچم! ئەوە کێ بوو ئەم ڕێگە چەوتەی وەبەر نای و لە ڕێگای پیرۆزی ئینسانی بەدەری کردی؟... کێ لە خشتەی بردی و کێ بۆ ئەم لاڕێیەی کێشای؟... وەرە وەگەڕێ هەنار! نەڵێی باوکم سەردەمێک کوڕی چیا بووە و لێرە، لەم وڵاتەدا لارەملێکی گەردەن کەچە و چی لە دەس نایە!... پێت وانەبێ نەزم و قانوونی ئەم وڵاتە، پەل و پۆی شکاندووم و بڕشتی پێ نەهێشتووم... هەنار دڵنیابە کە من هەر ئەو فەخرەی جاری جارانم و تاڵەموویەکیش لە دەماری پیاوتیم لار نەبۆتەوە... ئەگەر ڕێ نەگۆڕی و دەست لەم ئاکارە چەوتە هەڵنەگری، ئاسمان و هەردت پێکەوە لێ دەسووتێنم...

هەنار پێکەنی. بە قاقا پێکەنی و مەستانە گوتی :

ـ باوە! تۆزکاڵێک وریا و لە سەرەخۆ قسە بکە... گوندی سووتە و بستام دەگەڵ ئاڵمانیا گەلێکیان نێوانە... ئێمە لە جیهانی ئاواڵە دا دەژین... جیهانی ئازاد و ئاواڵە!... تێگەیشتی باوە؟!... جێهانی ئازاد و ئاواڵە، دڵی گەورە و مرۆڤی گەورەی گەرەکە؛ ئینسانی بچووکی دڵ و دەروون تاریک شیاوی مانەوەی ئەم وڵاتە نییە و دەبێ بگەڕێتەوە سەر شوێنی باو و باپیرانی؛ وڵاتانی تەنگ و تاریکی وەپاشکەوتوو بۆ مرۆڤی ماڵوێرانی زمان بەستە باشە...

هەنار لە دەمی قسەکردندا، ڕەعناتر لە هەر دەمێک، چەشنی چەپکە گوڵێکی ئاونگ لەسەر نیشتوو، دەوری لێو و سەری گۆنای و نووکی لووتە خۆش کەشمەکەی وردە مرواریی ئارەقەیان لێ نیشتبوو. لەشی گەرم و تیندار بوو. چاوەگۆشەدارەکانی چێژی شەرابێکی گەرمی پیاوتەزێنیان لێ دەتکایەوە. بەر گەردەن و نێوان کەوانەی سەرسنگیشی خەرمانەی نمێکی فێنکی سەرخۆشییان لێ نیشتبوو. بەژن و باڵاکەی دەگەڵ هەر خۆ ڕانان و خۆ بادانێک، هەزاران لەرە و شەپۆڵی مەستانەی تێدەکەوت و تەزووی حەکەدارانەی پێدا دەگەڕا. بەدەم پێکەنینێکی مەستانەیەوە، گەردەنی بێگەردی بەرز کردەوە و سەرێکی هەڵبڕی و سەیرێکی سەر و سیمای گرژ و تووڕەی باوکی کرد. چەند جاران ویستی بە هێمنی باڵی لە چنگ باوکی بستێنێتەوە، بەڵام نەیتوانی. ناچار بە نیوە هاوارێکەوە هەرای کرد و گوتی :

ـ واز بێنە باوە!... دەستم لێ گەڵگرە... دەر و دراوسێ پاکی خەوتوون... منیش شەکەتم و ئەمەوێ بچم بخەوم... لێم گەڕێ... دەڵێم واز بێنە!...

دەنگی دەلەرزی. هەوای پێکەنین و کوڵی گریانێکی خەستی لێدەباری. چاوە گۆشە دارەکانی هەروەک ئەستێرەی ئاسمانی بێگەردی هاوینانی دەشتی هۆوەتوو، گرشە و ترووسکەیان دەهات. بژانگە ڕەشەکانی وەک بڵێی لە سەر دوو دیدەکانی قورسایی بکەن، جار جار زۆر بە مەندی چاوگەلە کەژاڵ و نمدارەکەیان جێ دەهێشت. وردە خەزێمی زێوینی لاپەڕەی ناسکی لوتە قیتە سەربەژوورەکەی، وەک تکەی ئاونگی دەم بەیانانی بەهار، بەسەر دەم و لووتە خۆش کەشمەکەیەوە بە تروسکە وەستابوو. هەموو ئەندامی لەشی سپی و سۆڵ و نەرم و نۆڵ بوو. کراسە حەریرە تەنک و خز و لووسەکەی لەسەر شانی، لارەو لار داکشابوو و بەشێک لە سنگ و پشت و ژێرباڵە تەواو ڕووتەکەیان جێ هێشتبوو. پا و پوز و بەلەک و شلکەی ڕانە خۆش داتاشراوەکەیشی ڕووت بوون و هەر وەک بەفری سەر کەل، لەژێر ڕەشانگی تەنورەی ڕەشەوە چاوی پیاویان توند دەهەنگاوت.

باسکی نەرم و نۆڵی لە ناو دەست و مستی بەتوانای فەخرەدا خۆینی تێ تەزیبوو. چەند جاران ویستی باڵ لە چنگ باوک بستێنێتەوە، نەیتوانی. لەودەمەدا، هەنار بە ئەندام و لەش و لارەوە، بە ڕوخسار و دەم و لووت و سەرو پرچەوە، هەر هەنار نەبوو؛ هەنارێک بوو کە خەرمانەی ڕوحسووکی سۆیبەی نەوبووکیشی لەبەر دوو دیدەی فەخرە دا زیندوو کردبۆوە. لەپڕ ، فەخرە هاواری کرد :

ـ بەڵام ئەو چۆن بوو و ئەتۆ چلۆنی! ئەو چی کرد و تۆ چی دەکەیت... هەر بە ڕەنگ و دیمەن شێوەت لەو دەچیت، بەڵام خوداکەشتان یەک نییە... ئەو سۆیبە تیلەکۆیی بوو، ئەو تەواری توند و تۆڵی کوردەواری بوو... تۆ چیت؟! تۆ هەناری نەرم و شل و دەستەمۆی ئالمانیای...

هەنار باسکی لە مستی باوکی ئەستاندەوە و گوتی :

ـ بەڵێ من هەناری ئەلمانیاییم و سەربەست و ئازادم... من چیدی ناتوانم دەسکرد بژیم... نەخێر من ناتوانم درۆت پێ بڵێم باوە! من هاودەم و هاوسەری خۆم دۆزیوەتەوە... چیتر ناتوانم لەگەڵ باوک بژیم و باوک جادەی داهاتووم بۆ قیرەتاو بکات و ڕێی و شوێنم بۆ دیاری بکا... من سەربەست و ئازادم وەک هەموو کوڕ و کیژە ڕەسیوەکانی ئەم وڵاتە. منیش ئەوا تەمەنم بەرەو هەژدە دەچێت و قانون ڕێم پێ دەدات کە خۆم جڵەوی ئەسپی ئارەزووی خۆم بگرم و ڕوو لەمێرگی نەخشینی ژیان بکەم ... ئیتر لەمەو دوا، چارەنووسی خۆم بە دەستی خۆم دەنووسم و ڕێ بە کەس نادەم ڕێم لێ کوێر بکاتەوە. من لە سەری مانگی حەوتیشەوە لە لای تۆ بار دەکەم و دەڕۆم و دەگەڵ بەختی خۆم دەژیم...

ـ بەسکە هەنار! شوورەییە...عەیبەیە... شەرم بتگرێ، بۆچ وات لێ بەسەر هاتووە؟ چلۆن لە ڕووت دێت سنگ بە سنگی باوکت ڕابوەستیت و ئەم هاتەران پاترانە نەپوختانە بە دەمت دابێنی؟ مەگەر بیرت چووە هەنار ئێمە کێین؟ ئەرێ نازانی کە من هی خۆم نیم... تۆیش هی خۆت نیت. ئێمە هی وڵاتێکین کە لە هەموو لایەکەوە حاشای بوونمان لێدەکەن... دوژمن دەمان تاوێنێتەوە کە هیچ ، زۆڵی خۆماڵیشمان بە پەساوی ناجوانمێرانەیانەوە مێشکی سارکارانمان لێ دەشۆنەوە و داسی ڕمانەمان بۆ ساز دەکەن و...

ـ باوکە! ئەوانەی گوتت، گرفتی من نین، کێ پێی تەنگاوە، ئەو ئەشێ گرفتی خۆی چارەسە بکات. من لای خۆم و ڕێگای خۆم لەم پرۆبلێماتانە بڕیوەتەوە و هەر ببڕای ببڕا گوێیشیان نادەمێ...

ـ هەنار بەسکە !... ئەم قسە پڕ و پوچەڵانە بۆ دەمی تۆ نەهاتوون. ئەمانە وتەی ناڕەسەن و کاڵ و نەپوختەی دەم و زاری مرۆڤی مێشک شۆراوەن... ئەم وتە چەوتانە هەمووی ژەنگ و ژوار و دەرد و سندانن و ڕێی ڕزگاریمان لێدەپوکێننەوە. ئێمە دەبێ هەر یەک لەلایەکەوە بە دەردەکەمان بچارێین و پێیەوە ماندوو بین. خوێندن و زانین دەوای دەردەکەمانە ڕۆڵەی شیرینم... لێبگەڕێ با زانکۆکەت بە ئاخر بگات و بە ئاوات بگەین، سا ئەودەم سەدان شۆڕەلاوی کوردەواری هەن کە قەزای چاوت بە دڵ بکرن گیانە!... چەلێ زووە هەنار... زۆر زووە!...

ـ من بڕیاری خۆم داوە و لێی پاشگەز نابمەوە. ساڵی خوێندنم بە ئاخر بگات، خوێندنی منیش کۆتایی پێ دێت و ئیتر پەڕ لە کتێب هەڵنادەمەوە و ناخوێنم. لێرەش دەڕۆم و دەگەڵ خۆشەویستەکەم دەژیم...

ـ بێدەنگ بە هەنار!... بەسکە ، بەس! ئیدی من چیدیت ڕێ پێ نادەم بە بڕبەندی قسەی تیژ و تاڵت جەرگم دابڕ دابڕ بکەیت. من ئەو دەمە دەشکێنم کە بەم چەشنە بێتە گوتن... دەسا تۆیش گوێت هەڵخە با پێت بێژم و لێت نەشارمەوە هەنار... گوێ بگرە!... تۆیش دوو ڕێت لەبەرە، یان ژیان و ئەو ڕێیەی کە من بۆم دەستنیشان کردووی، یان مردن... تەواو !

هەنار بە قاقا پێکەنی. پێکەنینێک کە تامی سووکایەتی لێدەهات و حیکایەتێک بوو لە گەپچارِی و قەشمەر پێکردن.

فەخرە بەم قاقایە شێت و هارتر بوو. دانیشت، هەستا، لەم ژوور بۆ ئەو ژوور چوو، دەرگا و پەنجەرەی کردنەوە، پێکی دادانەوە. بەڵام هیچ شتێک نەیتوانی تامی ئەم سووکایەتییە لە دەمی گیانی دا کاڵ و کەم ڕەنگ بکاتەوە. وەرسووڕایەوە و بە هەموو هێزی باڵ و باسکی زللەیەکی لە لاڕومەتی هەنار دا. هەنار بە دەمدا کەوت. خەزێمی لاپەڕەی ناسکی لوتە قیتە خۆش کەشمەکەی داکەوت. خوێن لە دەم و لووتی هاتە خوار و بە لاڕوومەتی چەپی دا ڕژا. فەخرە هار و دڕتر، بە نیازی لێدان دەستی لێ هەڵێنایەوە، بەڵام هەنار هاواری کرد :

ـ باوکە بەسە لێم مەدە!... بیکە بە خاتری مامە ئازاد، ئیتر بەسە!... بیکە بە خاتری سۆیبە جوانەمەرگەکەت... بەسە باوکە گیان!...

فەخرە دەستی سارد بۆوە. وەک تەرمی بێ گیان کەوتە ناو کاناپەکەیان و ملی بەلا داهات. چاوەکانی وەک گۆمی خوێن هەڵمسان و، فرمێسکی بەبێ قوڵپەی گریان بە هەر دوو لاڕومەتی دا ڕژان. زۆر لەمێژ بوو بە چاو نەگریا بوو. هەر نەدەهاتە بیری قەت گریا بێ، تەنانەت ئەو دەمەی کە وا بە فیشەکێک دڵی کاڵی سۆیبەتیلەکۆیی لە لێدان خست نەگریا. هەواڵی مەرگی ئازادـ یش نەیی گریاند. ئەوە یەکمجار بوو کە دەستی لە ڕووی ئافرەتێک هەڵدەهێنایەوە. لێدانی ئافرەتی قەت بەتاقی نەکردبۆوە و نەی دەزانی چەندە بە ژانە و چیها دوور لە کەرامەتە.

هەنار نەرم دەگریا. سەرخۆشی و ئازار و دڵشکاویی تێکەڵاو کردبوو و دەنگی گریانێکی گەرمی بە ژوور دا دەگەڕاند. فەخرە بە دەنگی گریانی هەنار لە نێوانی مردن و ژیان دا دەست و پێی لێدەدا. لە ناوەوە دەبرژا و دەسووتا. لەجێ هەستا . هات بەرەو هەنار بچێت و دەستی بکاتە ملی و داوای لێبوردنی لێ بکات، بەڵام سەرسەختی و دەمار گرژیی پیاوانە ڕێی پێ نەدا دەم بکاتەوە و هەستی دەروون دەرببڕێت. دەرگای کردەوە و لە ماڵ وەدەر کەوت. بە چەند شەقامابدا هات و بەبێ مەنزڵگە و بێ سەر و شوێن ڕۆیی. لە هیچ شوێن و جێگایەک ئاهێک و ئیستێک ڕانەوەستا و ئارامی نەگرت. لە تەوقی سەرەوە هەتا ژێر قاچەکانی ورتەی ژانیان پێدادەگەڕا. شەکەت و برسیش بوو. دڵی دەبوورەوە دەچوو. بەدەم ڕێگاوە خۆی سەرکۆنە دەکرد و لەدڵدا دەیگوت:... چەندە پەل و کەم چیکڵدانەم و چیها بێ سەبر و بێ ڕامانم! چلۆن بە دەست هەڵێنانەوەیەک شووشەی دڵەکەییم شکاند و خۆم پێ بچووک کردەوە؟! ئیتر کوا، کەی من باوکم و چلۆن بە باوک دەشێم؟ ئیتر لەمەپاش چلۆن چاو لە چاوی بڕم و چۆن وەکی جاران قسە و پێکەنینەکانمان بە بەستێنێکی دڵگوشا دا تێپەڕ بکەین؟ بەم لێدانە سەرچاوی کانیاوە ڕوونەی بڕوا و باوەڕ بە یەکتر بوونم تێک تەپاند و بۆ هەتا هەتایە لێڵ و شلوێم کرد... ئیتر من هەر ئەو مێرە دڕو دیکتاتۆڕەم کە لە کۆمەڵگا وەپاشکەوتووەکەی خۆماندا خودای سەر هەست

و هەناسەی یەک یەکی بنەماڵەیە و، کەس یارای ڕا و بڕیار دەربڕینی نییە... ئەرێ چی لێ بەسەرهات بەرامەی ئەو دیموکراسیەتەی کە لەم کۆمەڵگا پێشکەوتووە دا بەمێشکم گەیشتبوو... بۆچ لەبیرم چوو!... بۆچ لەجیاتی دەکارهێنانی دەمار گرژی، بە نەرمایی مێشک، گرفت و کێشەکەم ڕەها نەکرد؟... دەمار ڕەقیم کرد و خۆم پێ بچووک کردەوە و دڵە ناسکەکەی ئەوم شکاند!... بەڵام ئاخر هەناریش کەم شەرتی دەگەڵدا کردم... دڵی شکاندم. هەموو هیواو ئاواتە پیرۆزەکانمی خستە ژێر پێ و بە هۆمێدەکانم پێکەنی... سوکایەتی پێکردم... لەجیاتی خوێندن و پێگەیشتن، بە نیازە دەرگای شان کزی و سەرشۆڕیم بەماڵدا بکاتەوە. خەریکە حەیای کوردەواریمان نەهێڵێت و بمانکاتە گەپجاڕی کۆڵان و شەقامان... خۆ ئەگەر بە پێگوتن بێ، بە قەدرایە حەوت باوکان ڕێم پێ نیشان داوە و لە سەد دایک و باوکان زیاتر خۆم بە قوربانی کردووە. نەخێر ئەویش بۆی نییە سەرچاوەی خاوێنی بڕوا و باوەڕی من لیخن بکات. ڕێی پێ نادەم لە سنووری خاوێنی و داوێن پاکی پێ ڕاگوێزێت و ببێتە ئافرەتێکی هەرزە گەردی کۆڵان گەڕ. من ئەو لەشە دەخەمە ژێر گڵ کە دەماری پیاوەتیم بگوژێت و سەری بەرزم نەوی کات... هەنار نەبێ، هەر دوو چاوەکانیشم بێت، بە دەستی خۆم سۆماییەکەی ڕۆ دەڕژێنم. من گیانی خاوێنی سۆیبە تیەکۆییم بۆیە بە دەستی خۆم ئەستاند و بۆیە خۆم بەم دەردە برد، کە نەمدەویست شەرەف و حەیام بۆ دەمێکیش بکەوێتە دەستی ئەم و ئەوێک و شانمی پێ کز ببێت... نەخێر! من باری گرانی شان کزیم پێ ناچێ بەڕێدا. شانم هەڵی ناگرێت... هەنار گوێ بگرە کچم!... دەست هەڵنەگرە!... دەست هەڵنەگری دەتگوژم... نەکەی بمکەیتە قانگەلاش و بە بای ئارەزووی دڵی ناخاوێن هەڵم سووڕێبی!... دەست هەڵنەگریت، لەسەر ئەم دنیایەت ناهێڵم . من سووکە پەلەپوشێک نیم... من قورس و گرانم هەروەک چیای چلچەمە و بۆ گەپجاڕی نابم هەنار !... چاوەکانت بکەوە چاوەکانم ! گوێچکەکانت بکەرەوە گیانی شیرین! یان بژی و بەو ڕێگەیە دا برۆ کە من بۆم داناوی، یان بمرە!...

ناتەواو
درێژەی هەیە